

# چاکسازی و شەڕی دژە گەندەڵی پرۆسەیەکی هەمەلایەنە پێویستی بە ئیرادەیەکی دەستەجەمعی هەیە

((دەسپێکی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی پێویستی بەدابینکردنی دوو فاکتەری سەرەکی هەیە، یەکەمیان پێویستە حکومەتێکی کارا بوونی هەبێت کە بتوانێت سیاسەتەکانی دژە گەندەڵی جێبەجێ بکات، دووەم پێویستە هەوڵەکان بخرێنە گەڕ بۆ ئەوەی حکومڕانیەکی باش پیادە بکرێت و کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی ئاکتیڤ بوونی هەبێت. ئەم دوو فاکتەرە ( حکومەتی کارا و حوکمڕانی باش) پێکەوە گرنگن و ناکرێت لێکجیابکرێنەوە. دوای ئەمانە پێویستە دەستەیەکی دژەگەندەڵیی کارا دابمەزرێت، لەوەش گرنگتر ئەوەیە ئەو دەستەیە سەربەخۆ و دەسەڵاتدار بێت. میکانیزمی دیکە بۆ دژایەتی گەندەڵی چەسپاندنی سەروەری یاسایەو، دەبێت یاسایەک هەبێت گەندەڵی وەک تاوانێکی باڵا لە قەڵەمبدات و گەندەڵکاران سزا بدات، بۆ ئەوەی بزانن کاری گەندەڵی سزادانی بەدواوەیە، لەمانەش گرنگتر رۆڵی سەرۆکی وڵاتە وەک دەسەڵاتی یەکەم بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی، کە پێویستە کارێک بکات هاوڵاتیانیش لە بەگژداچوونەوەی گەندەڵی رۆڵیان هەبێت، بۆیە من وای دەبینم خاڵی گەوهەری و گرنگ بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی هاریکاری و هەمانگی نێوان هاوڵاتیان و سەرۆکی خۆیانە).



پرۆفیسۆر جۆزیف رۆناڵد بۆ (گوڵان)

دانیال کۆفمان سەرۆکی پێشووی بانکی نێودەوڵەتی، کە ئێستا یەکێکە لە توێژەرە باڵاکانی ئامۆژگای بەناوبانگی برۆکینگز، لەیەکێك لە دیدارە ئۆن لاینەکانی بانکی نێودەوڵەتی لەگەڵ بەشداربووان لەسەرانسەری جیهانەوە، لە وەڵامدانەوەی بۆ ئەو پرسیارەی ئایا کاریگەری بنبڕکردنی گەندەڵی لەسەر کۆمەڵگە چۆن دەبێت؟ لەوەڵامدا کۆفمان وتی: پرۆسەی بنبڕکردنی گەندەڵی، جۆرە سیحرێك لە کۆمەڵگە دروست دەکات کە مەزندە ناکرێت چۆن لەماوەی چەند ساڵێکی کەمدا هەموو شتێك لە کۆمەڵگە دەگۆڕێت، هەست دەکەیت لەپڕ هەژاری کەمبۆتەوە، ئاستی چاودێری بەرزبۆتەوە، ئاستی پەروەردەو فێرکردن و خوێندنی باڵا لە زانکۆکان بەرز بۆتەوە، هەست دەکەیت ئاستی بژێوی تاکەکەس بە جۆرێك بەرزبۆتەوە مەزندە ناکرێت و سەروەریی یاسا باڵی بەسەر کۆمەڵگەدا کێشاوە )) لەبەشێکی دیکەی وەڵامەکانی و سەبارەت بە میکانیزمی رووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە، کۆفمان دەڵێت: دەسپێکی ئەم پرۆسەیە پێویستی بەکاری دەستەجەمعی هەیە و پێویستە هەموو لایەنەکان بڕوایان بەو کارە هاوبەشە هەبێت و پێکەوە کاری بۆ بکەن، لەمەش زیاتر بۆ ئەمڕۆ کە لایەنی دەرەکیش پەیوەندارە بە گەندەڵییەکانی ناوخۆ (لەبەر ئەوەی کۆمپانیای فرە ڕەگەزو وەبەرهێنان بوونیان هەیە)، بۆیە پرۆسەی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی پێویستی بەهاوکاری نێوان لایەنە ناوخۆیی و دەرەکییە پەیوەندارەکانیش پێکەوە هەیە.

پرۆفیسۆر جۆزیف رۆناڵد ئەکوایش کە بەرەگەز خەڵکی (غانا)یە،ئوستادی بەڕێوەبردنی کەرتی گشتی و سیاسەتی گشتی ئەفریقایە لەزانکۆی کۆزالۆ ناتاڵە لە باشوری ئەفریقیا، لەوەڵامی پرسیارێکی گوڵاندا سەبارەت بە دەسپێکی پرۆسەی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی دوو خاڵی سەرەکی دیاری دەکات کە بریتین لە:

١- بوونی حکومەتێك کە بتوانێت سیاسەتی دژە گەندەڵی پیادە بکات.

٢- هەوڵ بۆ پیادەکردنی حکومڕانی باش هەبێت.



پرۆفیسۆر ئیرکا مۆرینۆ

پرۆفیسۆر رۆناڵد کاتێك پرۆسەکە دابەش دەکات لەنێوان ئیرادەی حکومەت بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و هەوڵ هەبێت بۆ پیادەکردنی حوکمڕانی باش(Good Governance)، ئەمە مانای ئەوەیە پرۆسەکە پرۆسەیەکی هەمەلایەنە و پێویستی بەهاوکاری و هەماهەنگی هەموو لایەك هەیە، بەواتایەکی دیکە ئەگەر حکومەت تەنیا دامەزراوەکانی دەسەڵاتی راپەڕاندن لە وڵاتدا بگرێتەوە، ئەوا حوکمڕانی هەموو ئەو توخمانە دەگرێتەوە کە دەبنە بەشێك لە حوکمڕانی

## ئیرکا مۆرینۆ بۆ (گوڵان):

**کارکردن لە دەرەوەی پرۆسەی هەماهەنگی و هاریکاری نێوان پارتە سیاسییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەبەرەوپێشچوونی دیموکراتی لە قەڵەم نادرێت، چونکە بۆی هەیە توندوتیژییەکی زۆری لێبکەوێتەوە**

وەك( هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و راپەڕاندن و دادوەری،،حزبە سیاسییەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی و کەرتی تایبەت و میدیا) کە ئەمانەش هەمووی پێکەوە زەمینەسازی دەکەن بۆ ئەوەی هاووڵاتیان باشترو کاریگەرتر بەشداری لەگەڵ دەسەڵاتدا بکەن، کەواتە کاتێك پرۆفیسۆر رۆناڵد کۆی پرۆسەکە دەگێڕێتەوە بۆ بڕیاری سەرۆکی وڵات بۆ دەستپێکردنی ئەم پرۆسەیە، ئەوا لەهەمانکاتدا داوای هەماهەنگیی و هاوکاری راستەخۆی هاووڵاتیان لەگەڵ سەرۆکی وڵات دەکات، بۆ ئەوەی پرۆسەی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی بگاتە ئەو ئاستەی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

بۆ ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان کە بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە رۆژی نەورۆزدا پەیامی بۆ چاکسازی و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی بەشێوەیەکی چڕ و پڕ راگەیاندووە و بەشێکی زۆری کێشەکانی وەك هێڵی سەرەکی نەخشەی رێگە بۆ دەسپێکی ئەم پرۆسەیە دارشتووە، بۆیە ئیدی گرنگە لەدوای ئەم پەیامەوە، هەماهەنگی و هاریکاری دەستەجەمعی لەلایەن کۆی لایەنە پەیوەندارەکانەوە دەست پێ بکات، بۆ ئەوەی بگاتە ئەو ئاستەی راستەوخۆ هەماهەنگی لەنێوان سەرۆك و هاوڵاتیان بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە دەست پێبکات.

لە دەسپێکی ئەم پرۆسەیە لەگەڵ ئەوەی وەك پسپۆران ئاماژەی پێدەکەن هەنگاوی یەکەم لە حکومەتەوە دەست پێدەکات، بەڵام هەنگاوی دووەم کە هەوڵێکە بۆ پیادەکردنی حوکمڕانی باش، راستەوخۆ بەدوایدا دێت و لێی جیاناکرێتەوە، ئەمەش واتە پرۆسەکە پێویستی بەهاوکاری لایەنەکانی دیکەی حوکمڕانی وڵات هەیە، بەتایبەتیش بێجگە لە پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەری، پێویستی بەهاوکاری و هەماهەنگی حزبە سیاسییەکان، بەتایبەتی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن هەیە، بۆ ئەوەی دوو ئاستەنگی گەورە لەبەردەم هەوڵەکانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیا لابەرن، بۆ ئەوەی ئەوانیش وەك دوو هێزی دیکەی کاریگەر رۆڵی خۆیان بگێرن، لەمەش

گرنگتر بەشداری میدیا بۆ گێڕانی ڕۆڵێکی پۆزەتیف کە ئێستا زۆر بەراشکاوی هەموو تەرکیزی لەسەر حکومەتە و کەرتی تایبەتی فەرامۆشکردووە، وەك هەوڵە سەرەتاییەکانیش خەریکن ئەو راستییە دەخەنەڕوو، کەرتی تایبەتیش پشکێکی گەورەی وەك هۆکاری گەندەڵی بەردەکەوێت و دەبێت بەپێی قەوارەی ئەو پشکەش بەرپرسیارییەتی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی بکەوێتە ئەستۆیان، بۆیە لەم حاڵەتەدا دەکرێت بڵێین ئەگەر هەنگاوی یەکەم بۆ ئەم پرۆسەیە لە هەوڵەکانی حکومەتەوە دەست پێبکات، ئەوا هەنگاوی دووهەم هاوشانی هەنگاوی یەکەم دەبێت لە ئامادەباشی و بەشداری حزبە سیاسییەکانەوە دەست پێبکات، لەم حاڵەتەشدا لەبری ئەوەی حزبەکان ببنە بەشێك لە کێشەکە، دەبنە بەشێك لەچارەسەر و هەوڵێکی دیکە بۆ سەرخستنی پرۆسەی چاکسازی و ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی، لەمبارەوە و سەبارەت بە گۆڕینی ڕۆڵی حزبەکان لە بوونیان وەك بەشێك لە کێشەکەوە بۆ بەشێك لە چارەسەر، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە پرۆ فیسۆر کاسلین برون ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی کالیفۆرنیا و تایبەتمەند لەپرۆسەی دیموکراتیزە کردن و ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان لەپرۆسەی دیموکراتیدا لە لێدوانێکی تایبەتیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن: (چەند وەلامێك هەیە بۆ ئەم پرسیارە، یەکێك لەو وەلامانە پەیوەستە بە بەها و نۆرمەکانەوە کە پارتە سیاسییەکان لەبارەیەوە ڕێککەوتوون و کردوویانەتە ڕێسای گەمەکە، کە ئەگەر بگەنە ئەم ڕێککەوتنە ئەوا دۆڕان قبوڵ دەکەن و ئەو ڕاستییە قبوڵ دەکەن کە ناتوانن لە هەموو کاتێکدا هەموو شتێك بەدەست بهێنن. بەڵام ئەگەر لایەنەکان نەیانتوانییێت بگەنە ئەو ڕێکەوتنە ئەوا پرۆسەکە مایەی مەترسی دەبێت. گەیشتن بەم ڕێککەوتنەش بە دوو ڕێگا دەبێت، یان ئەوەتا پارتە سیاسییەکان بەیەکەوە کۆدەبنەوەو دەگەنە ڕێککەوتن لەسەر ڕێساکانی گەمەکە، یاخود لە ڕێی پیادەکردنەوە ئەم کارە دەکەن، واتە کاتێك پارتە سیاسییەکان بە کردەوە شکست و دۆڕان لە هەڵبژاردنەکاندا قبوڵ دەکەن، ئەوا ئەمە مانای چەسپانی ئەو بەهایانەیە. کەواتە دیموکراسی لە شەو و ڕۆژێکدا نایەتەدی، بەڵکو کاتێکی زۆری دەوێت بۆ ئەوەی پارتە جیاوازەکان بگەنە ڕێککەوتن بۆ ئەوەی بە ڕێسا گەلێکی هاوبەشەوە پابەندبن. لەم حاڵەتەدا ئەوەی لە پارتەکان چاوەڕوان دەکرێت ئەوەیە، کە لە بواری سیاسیدا بەرگری لە بەرژەوەندییەکانیان بکەن. کەواتە بێ بوونی پارتە سیاسییەکان دۆخەکە خراپ دەبێت، لەبەر ئەوەی لە غیابی پارتە سیاسییەکاندا ڕەنگە گرووپە خاوەن بەرژەوەندییە جیاوازەکان نەگەنە ڕێککەوتن لەسەر ڕێسایەکی هاوبەش و پەنا بۆ توندوتیژی ببەن. ئەو کاتەش دەبنە هێزی تێکدەر بۆ دیموکراسی.))


پرۆ فیسۆر کاسلین برون

**کاسلین برون بۆ (گوڵان):**

**لە غیابی پارتە سیاسییەکاندا ڕەنگە گرووپە خاوەن بەرژەوەندییە جیاوازەکان نەگەنە ڕێککەوتن لەسەر ڕێسایەکی هاوبەش و پەنا بۆ توندوتیژی ببەن، ئەو کاتەش دەبنە هێزی تێکدەر بۆ دیموکراسی**

دیسان هەر لەهەمان چوارچێوەدا و سەبارەت بە هەماهەنگی و هاریکاری نێوان پارتە سیاسییەکان بۆ سەرخستنی سیستمە سیاسییەکە و چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان و پرسیارمان لە پرۆ فیسۆر ئیرکا مۆرینۆ ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی ئەریزۆنا کرد، لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی : ( هاوکاری و هەماهەنگی نێوان پارتەکان دەوەستێتەسەر ئەوەی ئایا دیموکراسی تا ئاستێك چەسپیوە، ئایا تا چ ڕادەیەك دیموکراسی پێگەیشتووە بۆ ئەوەی بتوانێت ئیدارەی ئەم ئەزمە و کێشانە بکات. هەروەها دەوەستێتەسەر هەل و مەرجەکانی دیکە، وەك ئاستی بەرەوپێشچوونی ئابووری، هەربۆیە کارکردن لە دەرەوەی ئەم پرۆسەیە بە بەرەوپێشچوونی دیموکراتی لە قەڵەم نادرێت. چونکە ئەو کاتە ئەم کارە لە دەرەوەی سیستمە سیاسییەکەیە و کارکردنیش لە دەرەوەی سیستمە سیاسییەکە بۆی هەیە توندوتیژییەکی زۆری لێبکەوێتەوە. سەبارەت بە کێشەکانی کۆمەڵگەش من پێموایە کێشەکان ڕەنگدانەوەی چەند کێشە و گرفتێکی گەورەن لە کۆمەڵگەدا، بە چاوپۆشین لەوەی کێشەکە سیاسییە، کۆمەڵایەتییە یان ئاینیە، بەڵام لە هەمان کاتدا کاتێك پارتە سیاسییەکان بە باشی کاردەکەن ئەوا دەتوانن ببنە هۆکارێك بۆ کەمکردنەوەی ئەو کێشانە. هەروەها بە دڵنیاییەوە ئەوەش مومکینە کە پارتە سیاسییەکان ڕۆڵیان هەبێت لەوەی ڕای گشتی بە شێوەیەکی دیاری کراو لە کێشەکان بڕوانێت، ئەم کارەش پێویستی بە شارەزایی و لێهاتوویەکی زۆرە لە لایەن دامەزراوەکانەوە، ئەمەش شتێکی دەگمەنە لەو کۆمەڵگەیانەی دیموکراسیان تێدا نەچەسپیوە.))

لەلایەکی دیکە و سەبارەت بە هەوڵەکانی دیکە لەسەر ئاستی ناوخۆ بۆ جێبەجێکردنی پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەم ڕاپۆرتە چەند لایەنێك قسەیان بۆ کردووین ئەمە پوختەی بۆچوونەکانیانە.

عەبدولباست فەرهادی وتەبێژی فەرمی ئەنجوومەنی دادوەری بۆ (گوڵان):

# تا ئێستا لیژنەکانی گەڕانەوەی موڵکی گشتی چەندین بینایەو شوێنیان بۆ دەوڵەت گەڕاندۆتەوە

**ئەنجوومەنی دادوەری یەکێکە لە سێ دەسەڵاتە گرنگەکەی کوردستان و ئەم دەسەڵاتە تەواو سەربەخۆیە و، سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریش یەکێکە لە سیماکانی دەوڵەتی قانوون و سەروەریی یاسا لەکۆمەڵگە، بۆقسەکردن لەسەر ئەو خاڵانەی پەیامەکەی سەرۆکی کوردستان کە جێبەجێکردنەکەی دەکەوێتە سەرشانی ئەنجوومەنی دادوەریی، بەڕێز عەبدولباست فەرهادی وتەبێژی ئەنجوومەنی دادوەریی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**



**سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریی**

*** بەڕێزت وەك وتەبێژی ئەنجوومەنی دادوەری و خۆشت وەك دادوەرێك، ئایا چۆن سەیری دەسەڵاتی دادوەریی لەکوردستان دەکەیت و تاچەند ئەم دەسەڵاتە بەسەربەخۆ دەزانیت؟**

ـ دەسەڵاتی دادوەریی لە هەموو کاتێك سەربەخۆی خۆی پاراستووە، هیچ کەسێك بۆی نییە دەست لە کاروباری دادگا وەربدات، ئێمە سێ جۆرە سەربەخۆیمان هەیە، یەکێك لە پرەنسیپەکانی سەربەخۆی دەسەڵاتی دادوەری کە لە بنەمای (بنگەلۆر) هاتووە کە پێوەرێکی نێودەوڵەتییە کە دەڵێت:( پێویستە دادگاکان سەربەخۆبن، سەربەخۆی دادگا لە خودی سەربەخۆی دادوەر خۆی بەرجەستە دەکات، واتە لە کاتێك کە دادوەر لەسەر کورسی دادوەری دانیشت دەبێ حیساب بۆ کەس نەکات، لەو کاتەدا ئەو دادوەرە سەرکەوتوو دەبێت)، هەروەها تا ئێستا رۆژێك لە رۆژان سەرۆکی دادگاکان و سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەری تەلەفۆنی بۆ دادوەرێك نەکردووە کە بڵێت ئەو بڕیارە وا دەربکە وا دەرمەکە، بە هیچ جۆرێك لە هەرێمی کوردستان دەست لە دەسەڵاتی دادوەری وەرنادرێت و سەربەخۆیە.

سەربەخۆی دووەم سەربەخۆی خودی دسەڵاتەکەیە ئێمە یاسایەکمان هەیە کە یاسای دەسەڵاتی دادوەرییە لە ساڵی (٢٠٠٧) لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان پەسەندکراوە کە دەسەڵاتێکمان هەیە و ئەنجوومەنێکی دادوەریمان هەیە کە سەرپەرشتی ئەو دەسەڵاتە دەکات، سێیەمین دەسەڵاتمان ئەوەیە کە سەربەخۆی دارایی بۆ دەسەڵاتی دادوەریمان هەیە کە بودجەیەکمان هەیە لە پەرلەمان پەسەندکراوە و ئێستاش بودجەی ساڵی نوێ لە پەرلەمانە بۆ پەسەندکردن، ئەوەش پڕەنسیپێکی گەورەو کاریگەرە بۆ سەربەخۆیی دادوەریی، بۆیە دەتوانم بڵێم بە هەموو و پێوەرەکانی نێودەوڵەتی دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان سەربەخۆیە، خۆشبەختانە لە چەند رۆژی رابردوو هیلاری کلینتۆن وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا کە باسی لە ڕەوشی هەرێمی کوردستان کردووە گرنگترین خاڵ ئەوەبووە وتوویەتی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتێکی دادوەریی سەربەخۆیان هەیە، ئەوەش جێگای شانازییە بۆ ئێمە و بۆ هەرێمی کوردستان، ئەمەش بۆ پاڵپشتی سەرۆکی هەرێم دەگەڕێتەوە،چونکە لە کاتی سوێند خواردنی ئەنجوومەنی دادوەری لەبەردەمی سەرۆکی هەرێمدا بەڕێز سەرۆکی هەرێم جەختی لەسەر ئەوە کردەوە و وتی ناهێڵم هیچ کەسێك دەست لە کاروباری دادگاکان وەربدات و سەربەخۆیی خۆتان بپارێزن و ئێوەش

## دادگاکانی هەرێمی کوردستان لە کاتی ئاسایی و ئاشوب و ناڵەبار دەرگاکانی واڵایە و هەر کەسێك و لایەنێك بێت دەتوانێ سکاڵای خۆی تۆمار بکات

دەبێ جورئەتان هەبێت ئەو سەربەخۆییە بپارێزن و بەرجەستەی بکەن.

لە کۆتاییدا دەڵێم پێویستە و داواکارم هەموو دەسەڵاتەکانی تری کوردستان راپەڕاندن،پەرلەمان، سەرۆکایەتی هەرێم، وەزارەتەکانیش وەکو دەسەڵاتێك مامەڵە لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەری بکەن، چونکە ئێمە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران نین، بۆیە پێویستە لە ناردنی هەر نووسراو و بریارێك بۆ ئێمە وەکو دەسەڵاتێکی سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ بکەن.

**دەست بەکاربوونی ئەنجوومەنی دادوەری بۆ جێبەجێکردنی پەیامەکەی سەرۆك**

*** ئایا ئێوە وەکو ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان سەبارەت بەو خاڵانە لە پەیامەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هاتوو و ئەنجوومەنی دادوەری دەگرێتەوە چیتان کردووە و لەو ماوەی دیاریکراوە دەتوانرێت کارەکان کۆتایی پێی بێت ؟**

- بۆ ئەو خاڵانەی کە پێوەستە بە ئەنجوومەنی دادوەری کە لە پەیامەکەی سەرۆکی هەرێم هاتووە بۆ چاکسازی و چارەسەرکردنی گیروگرفتی پەیوەندار، چەند هەنگاوێك نراوە.

- یەکەم هەنگاومان ئەوەبوو کە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە داوامان لێکرا کە چەند دادوەرێك وەکو سەرۆکی لیژنەکانی گەڕانەوەی موڵکی گشتی لە شارەکانی هەرێمی کوردستان دەست نیشان بکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش لە هەولێر دادوەر ئومێد حوسێن لە سلێمانی دادوەر سالار رەووف لە دهۆك دادوەر سدقی سەلیم خان لەگەرمیان دادوەر حوسێن محێدین وەکو سەرۆکی لیژنەکانی گەڕانەوەی موڵکی گشتی نیشان کران.

- سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لە کاتی خۆی بریاری لەسەر(١٧) خاڵەکەی پەرلەمان دابوو لە ژێر رۆشنایی فەرمانەکانی جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە لیژنەیەك بۆ گەڕان و بەدواداچوون بەدوای راستیەکانی رووداوی ٢٠١١/٢/١٧ دابمەزرێت، بۆ ئەو مەبەستەش ئێمە ئەندامێکی دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان کە دادوەر عەبدولکەریم حەیدەر عەلی بە سەرۆکی لیژنەکەمان دەست نیشان کرد، نوێنەرێکی ئەنجوومەنی وەزیران و دوو نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ و نوێنەرێکی سەرۆکایەتی داواکاری گشتی و نوێنەرێکی پارێزگای سلێمانی کە ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانییە لەم لیژنەیەدا ئەندامن و لیژنەکەش ئێستا کە لە خانەی دادی سلێمانی دەست بەکاربووە.

- لیژنەی ترمان هەیە کە لە بەر بارودۆخی ئێستاو لەسەر پێشنیاری هەردوو سەرۆکی دادگای تیاهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی و گەرمیان دامەزراون، پاڵپشت بە حوکمی ماددەی(٣١) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە(٢٣) ی ساڵی (٢٠٠٧) ئەنجوومەنی دادوەری بریاری ژمارە(٢٨) لە ٣/٣١/ دەرکرد بە پێکهێنانی چەند لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەم بارودۆخانەی کە هەر کەسێك تاوانی دەرهەق کرابێ یان دەستدرێژی کرابێتە سەر چ کەس چ لایەن چ حزب بێت هەقی هەیە لەم لیژنانە سکاڵای خۆی تۆمار بکات و ئێستاکە لیژنەکان دەست بەکاربووینە، لیژنەی ناوچەی سلێمانی بە سەرۆکایەتی دادوەر سیروان ئەحمەد ساڵح و ئەندامییەتی دادوەر کاروان وریا عەلی و دادوەر ئەحمەد حاجی تاهیر و لیژنەی لێکۆڵینەوەی ناوچەی گەرمیانیش بەسەرۆکایەتی دادوەر عەباس محێدین ساڵح و ئەندامیەتی دادوەر دڵشاد عیسا عەبدولرەحمان و دادوەر سۆران حەسەن ساڵح ئێستا کە لە دادگای کەلار دەستبەکارن، ئەو دوو لیژنەیەش باڵان و لەناوچەی سلێمانی و گەرمیان دەستیان بە لێکۆڵینەوەی ورد کردووە و هەر کەسێك سکاڵای لە هەر شوێن و دادگایەکی ئەو سنوور و ناوچانە کردبێت هەر هەمووی بۆ ئەو دوو لیژنەیە دەگەرێتەوە، لەلایەکی تر پێویستە خەڵکی هەرێمی کوردستان ئەوە بزانن کە دادگاکانی هەرێمی کوردستان لە کاتی ئاسایی و ئاشوب و ناڵەبار دەرگاکانی واڵایە و هەر کەسێك و لایەنێك بێت دەتوانێ سکاڵای خۆی تۆمار بکات، زۆر جار لێرەو لەوێ قسەی وا دەکرێت کە گوایە هیچ ئیجرائات و رێکاری یاسایی ئەنجام نادرێت، ئەمە بەم شێوەیە نییە، دادگا لە خۆیەوە بەدوای رووداو ناچێت ئەگەر کەسێك داوا تۆمار نەکات یان داواکاری گشتی داوایەکە نەجووڵێنێت، بۆیە لێرەدا داواکارم لە هەر کەس و لایەنێك ئەگەر ناهەقی بەرامبەر کراوە یان سکاڵای هەیە با لە رێگای ئەو لیژنانەوە داواکاری خۆی تۆمار بکات، لەگەڵ دەستبەرکاربوونی لیژنەکانی گەڕانەوەی موڵکی گشتی تا ئێستا کاری باش کراوە و لەم رۆژانە سەرۆکی لیژنەی گەرمیان دادوەر حوسێن محێدین رایگەیاند کە چەند بارەگایەکی حزبی لە بینایەی حکومی و موڵکی گشتی بووینە چۆڵکراوە و دراوەتەوە دەوڵەت، بە هەمان شێوە لە هەولێریش چەند حاڵەتێکی وا هەبووە کە لەم رۆژانەی دادێت بە کەناڵەکانی میدیای رادەگەیەنین، لەلایەکی تر ئەگەر ئەو لیژنانەی کە بۆ گەڕانەوەی موڵکی گشتی و بەدواداچوونی راستییەکان و لێکۆڵینەوە لە ناوچە و پارێزگاکانی کوردستان دامەزراوە و دەستبەکاربووینە، ئەگەر بەو ماوە کەمەی کەدیارکراوە کە (سێ تا چوار) مانگە کارەکان تەواویش نەبن، ئەوە کەس ناتوانێ رێگری یان بەربەست لەبەردەمی لیژنەکان دروست بکات، چونکە هێزی هەر بریارێك لە چییە، لەوەیە کە کێ پاڵپشتی دەکات، ئەم بریار و لیژنانەش سەرۆکی هەرێم لە پشتیەتی و باوەڕ ناکەم کەس هەبێت بەربەرست یان جورئەت بکات رێگر بێت لە کارەکان، چونکە وەکو من ئاگادارم لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران جەنابی سەرۆك بارزانی


## ناتوانرێ رێگری یان بەربەست لەبەردەمی لیژنەکان دروست بکات، ئەم بریار و لیژنانەش سەرۆکی هەرێم لە پشتیەتی و باوەڕ ناکەم کەس هەبێت بەربەرست یان جورئەت بکات رێگر بێت لە کارەکان

فەرموویەتی ئەگەر کوڕ و برازا و کەسی منیش بێت دەتوانن رێکاری یاسایی لەگەڵ بکەن و من یەکەم کەسم کە بیانخەمە بەردەست، ئەوە جگە لەوەی دڵخۆشکەرە و پاڵپشتی و هێزێکی زۆر گەورە و کاریگەرە بۆ دادگا و سەروەری یاسا و ئاماژەیەکی بەڵگە نەویستیشە بۆ جێبەجێ کردنی کارەکان و چارەسەرکردنی گرفتەکان، لەبەر ئەوەی راستە کە دادگا و لیژنە دادوەرییەکان بریار دەردەکەن، بەڵام ئەگەر جێبەجێ کردن نەبێت مانای وایە هیچمان نەکرد، بۆ نموونە پێشتریش دەیان بریار لە دادگاکان دەرچووە بۆ دەستگیرکردنی تۆمەتباران کە کوشتن یان تاوانی تریان ئەنجامداوە کە خۆیان نەداوەتەدەست لەمبارەوەش لیستمان هەیە، بەڵام کە جەنابی سەرۆك فەرمانیدا لەو کاتەدا کەس ناتوانێ بەرامبەر ئەو بریارە راوەستێت و کەسیش ناتوانێ داڵدەی ئەو جۆرە کەسانە بدات.



سەمیر عەبدوڵڵا مستەفا وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار بۆ(گوڵان):

# هەموو ئەو زەوییانەی بەموساتەحە بۆ پرۆژە تەرخانکراون جەرد دەکرێن و ئەوەی خراپ سوودی لێوەرگرتبێت ڕووبەڕووی ڕێوشوینی یاسایی دەکەینەوە..



کێشە و گرفتی خزمەتگوزارییە سەرەکیەکانی هاووڵاتیان و تەرخانکردنی زەوی بۆ هاووڵاتیان بەمەبەستی نیشتەجێ بوون و تەرخانکردنی زەوی بۆ پرۆژەکان و وەبەرهێنان و بایەخدان بە پەرەپێدانی گەشت و گوزاروەك كەرتێك كە دەتوانرێت بكرێتە سەرچاوەیەكی دیكەی داهات بۆ هاووڵاتیانی كوردستان، هەروەها بایەخدان بەشوێنەوارەكان و پاراستنیان، لەگەڵ ئەوەی چەند بوارێك لە ڕووكاردا لێكجیاوازن و بەڵام هەموو ئەم بوارانە دەكەونە چوارچێوەی كارەكانی وەزارەتی شارەوانییەكان و گەشتوگوزارەوە، ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان لە ژمارەكانی پێشووتردا، هەوڵمانداوە كە بەشێوەی ڕاپۆرتی سەربەخۆ، راشكاوانە لایەنە پێوەندارەكان لەسەرئاستی پارێزگا و شارەوانییەكان و فەرمانگاكانی تایبەتمەند لەم بوارە ڕووبەڕووی پرسیاری هاووڵاتیان بكەینەوە، بەڵام سەرەنجام گەیشتینە ئەو قەناعەتەی كە ئەو پرسیارو ڕاو سەرنجانەی لەسەر هەموو ئەو راپۆرتانە لامان دروست بووە، هەمووی پێكەوە رووبەڕووی وەزیری شارەوانییەكان و گەشتوگوزاری حكومەتی هەرێمی كوردستان بكەینەوە، لەمەش گرنگتر كەلەم باردۆخەدا بەشێكی زۆری هاووڵاتیان چاوەڕێی باشتركردنی ئاستی خزمەتگوزارییەكان دەكەن، بەرێز مسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان پەیامێكی بۆ چاكسازی و ریشەكێشكردنی گەندەڵی ئاڕاستەی گەلی كوردستان كرد، هەر بۆیە بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی پرۆژەكان و كێشەو كەموكورتی خزمەتگوزارییەكان و هەوڵەكانی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاربۆ دۆزینەوەی میكانیزم بۆ ئەو خاڵانەی لە پەیامەكەی سەرۆكی كوردستان هاتووەو وەزارەتی شارەوانی دەگرێتەوە، سەردانی ئەندازیار سەمیر عەبدوڵڵا مستەفا وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزارمان كرد و لە دیدارێكی ڕاشكاوانەدا هەموو پرسیارەكانمان ئاڕاستەی كرد و بەرێزی بەسنگ فراوانییەوە وەڵامی داینەوە، ئەمەش دەقی دیدارەكەی گوڵانە لەگەڵ ئەندازیار سەمیر عەبدوڵڵا مستەفا وەزیری شارەوانییەكان و گەشت و گوزار.

*** پێش هەمووشت با لە پەیامەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە لە نەورۆزەوە دەست پێبکەین، کەچەند خاڵێکی ئەو پەیامە بەمەبەستی چاکسازی و دژایەتیکردنی گەندەڵی؛ وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار دەگرێتەوە، ئایا چۆن سەیری ئەو پەیامە بۆ چاکسازی و بنەبڕکردنی گەندەڵی دەکەن؟**

- بەراستی پەیامەکەی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەوپەڕی دڵسۆزی بەڕێزیان بۆ چاکسازی و دژایەتیکردنی گەندەڵی پیشان دەدات، هەوڵێکە بۆ ئەوەی چاکسازییەکی ڕاستەقینە لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت، بەرادەیەك گشت وەزارەت و لایەنەکانی بگرێتەوە، نەك تەنیا وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڵکو مەبەستی هەموو وەزارەتەکانە، بەڵام وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاربەزۆربەی خاڵەکانی پەیامەکەوە پێوەندارە، بۆیە دەتوانم بڵێم پەیامەکەی سەرۆکی هەرێم هاندەرێکە بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بکەین تاوەکو زووترو زیاتر چاکسازی بەڕێوەبچێت و ئەنجامێکی باش بەدەست بێنێت.

### میکانیزمی جیاوازو ڕێگەچارەی جیاواز

*** ئەو لایەنانەی کە وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاردەگرێتەوە هەندێ لایەنی گرنگە، یەکێك لەوانە مەسەلەی موساتەحاتە کە دیارە جەنابی سەرۆك هەستی کردووە کە لەو بوارەدا خەلەلێکی زۆر هەیە، ئێوە چیتان لەمبوارەدا کردووە و چ میکانیزمێکتان بۆ دۆزینەوەی کەموکوڕییەکان و چارەسەرکردنی داناوە؟**

- پێش ئەوەی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەڕۆژی نەورۆز ئەو پەیامە گرنگە رابگەیەنێت، ئێمە لەوەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزارپێش ماوەیەك دەستمان بەپێداچوونەوە بۆ ئەو پرۆژانە کردبوو کە بەشێوەی موساتەحە بە هاووڵاتیان دراوە، بێگومان ئەو پرۆژانە جۆراوجۆرن، هەروەها کێشەکانیشیان لێکجیاوازن، هەیانە دەستی بەکارکردن نەکردووە، هەشیانە تازە دەستی پێکردووە، هەندێکیشیان قۆناغی جیاجیایان بڕیوە، کەواتە لێرەدا بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەی جیاواز چارەسەر بۆ ئەم کێشە جیاوازانە بدۆزینەوە، لیژنەیەکمان پێکهێناوە تاوەکو سەرلەنوێ دیراسەتی هەموو پرۆژانە بکەینەوە کە پێشتر بەموساتەحە دراون بەوەبەرهێنەکان.

بۆ ئەمەش چەندین ڕێگەچارەی جیاواز وەك میکانیزم بۆ چارەسەری ئەو کێشانە خراونەتەروو، هەر بۆنموونە: ئەو کەسانەی زەویمان بە موساتەحە بەمەبەستی پرۆژە پێدراوە و تا ئێستا بەپێی ئەو گرێبەستەی لە گەڵیاندا کراوە، دەستیان بە ئەنجامدانی پرۆژەکە نەکردووە، ئەوا میکانیزم ئەوەیە فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی ئەو موساتەحانە بدرێت، بەتایبەتی، تاکو ئێستاش چەندین پرۆژەی موساتەحە فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی بۆ دەرچووە، هەندێکی دیکە لەو پرۆژانە خاوەنەکانیان بیانووی ئەوە دەهێننەوە کە کەلوپەلەکانیان نەگەیشتوون و بەگەیشتنی کەلوپەلەکانیان دەست بە ئەنجامدانی پرۆژەکە دەکەن، بۆ ئەم جۆرە پرۆژانە بریارمانداوە ئاگادار بکرێنەوە و ئینزاریان بۆ دەربچێت، بەوەی ئەگەر لەماوەیەکی دیاریکراودا پرۆژەکانیان ئەنجام نەدەن ئەوا گرێبەستەکە هەڵدەوەشێتەوەو زەوییەکانیان لێوەردەگیرێنەوە، شێوەیەکی دیکە کە ئەویش جۆریك گرفتی بۆ دروستکردوین ئەوەیە هەندێك پرۆژە هەیە دەستی پێکراوەو نیوە یان زیاتری تەواو بووە بەڵام ڕاگیراوە، بۆ ئەمەش ڕێوشوێنی پێویستمان گرتۆتەبەر و داوامان لێکردون پرۆژەکە تەواو بکەن، ئەگەر نا ڕووبەڕووی یاسایان دەکەینەوە و زەوییەکانیان لێ وەردەگرینەوە

## پەیامەکەی سەرۆکی هەرێم لەبواری موساتەحە مەبەستی ئەوەیە کە موساتەحەکانی پێش ئێستا پێداچوونەوەی بۆ بکرێت و لەدوای ئێستاش پێویستە شێوازی موساتەحە بگۆڕدرێت و لە ژێر ڕێنمایی و کاری دروست ئەنجام بدرێت

بەبێ ئەوەی هیچ قەرەبوویەك بیان گرێتەوە. بێگومان پەیامەکەی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش لەو بوارەی داوای پێداچوونەوە بەو زەویيانە دەکات کە بە موساتەحە دراون، بەڵام لە ئێستا بەدواوە بەنیازین شێوازی پێدانی زەوی بە موساتەحە بگۆڕین لەچوارچێوەی میکانیزم و ڕێنمایی تازەدا کار لەگەڵ پێدانی زەوی موساتەحە بکەین.

پەیامەکەی سەرۆکی هەرێم لە بواری موساتەحە مەبەستی ئەوەیە کە موساتەحەکانی پێش ئێستا پێداچوونەوەی بۆ بکرێت و لە دوای ئێستاش پێویستە شێوازی موساتەحە بگۆڕدرێت و لە ژێر ڕێنمایی و کاری دروست ئەنجام بدرێت. لەمەش زیاتر فەرمانێکمان بۆ هەموو فەرمانگاکانی سەر بەوەزارەت گشتاندووە، بۆ ئەوەی هەموو ئەو پرۆژانەی بە موساتەحە بە هاووڵاتیان دراون بۆمان جەرد بکرێتەوە بۆ دیراسەتکردنێکی تێروتەسەل بۆ ئەوەی فەرمان و پەیامەکەی سەرۆکی هەرێم جێبەجێ بکرێت.

*** ئەو کەموکوڕییانەی چین کە جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوا دەکات کە سەر لە نوێ پێداچوونەوە بکرێت، هەڵبەتە دیارە پێشتر کەموکوری هەبووە؟**

- بێگومان کەموکوڕی هەبووە، بەتایبەتی کە زەوی بە موساتەحە دەدرێتە وەبەرهێن بۆی نییە کڕین و فرۆشتنی لەسەر بکات، یان هەندێ خەڵك یان بەرپرس هەبێت کە بۆی نییە هەوڵبدات موساتەحە بەهەر ناوێك بێت وەربگرێت، ئەمەش وایکردووە جەنابی سەرۆك فەرمان بکات کە ئەو موساتەحانە بەمشێوەیە نەمێنێت و ئەوانی پێشتریش دراوە بەدواداچوونی لەسەر بکرێت .

*** بەرێزت باسی ئەوەت کرد کڕین و فرۆشتن بەو زەویانەوە دەکرێت کە بەشێوەی موساتەحە بۆ ئەنجامدانی پرۆژە دراون بەوەبەرهێنەکان، ئایا هیچ میکانیزمێکتان بۆ جێبەجێکردنی پەیامەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان گرتۆتە بەر؟**

- بەپێی ئەو گرێبەستەی کە دەکرێت لەگەڵ ئەوانەی موساتەحە وەردەگرن ماوەی سێ مانگ پاش ئیمزاکردنی گرێبەستەکە دەبێ دەست بە پرۆژەکە بکەن و ماوەی ساڵێك یا دوو ساڵ دیاری دەکرێت کە پرۆژەکە تەواو بکات، ئەگەر لەو ماوە دیاریکراوەی بۆی دانراوە دەست بە پرۆژەکە نەکات و تەواوی نەکات، ئەوا ئێمە لەلایەن خۆمانەوە دەسەڵاتی ئەوەمان هەیە پرۆژەکە هەڵبوەشێنینەوە و زەوییەکی لێ بسێنینەوە، ئێستا لەم قۆناغەدا بەرامبەر زۆربەی ئەوانەی موساتەحەیان وەرگرتووە گەیشتوینەتە ئەوەی ئینزاریان پێ بدەین بەتایبەتی ئەوانەی کە کاریان لە پرۆژەکان کردووە بەڵام لە جێبەجێکردنی راوەستاون، ئەمەش دەبێتە بناغەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان چ ئەوانەی دەستیان پێنەکردووە یا لە قۆناغێکدا راوەستاون، پەیامی سەرۆك بارزانی هێزو پاڵپشتیەکە بۆ ئەوەی بتوانین بڕیاری دروست و خێرا بەرامبەر بەپرۆژەکانی موساتەحە بدەین.

*** بەڵام ئەگەر موساتەحە دەستی دووەم و سێیەمی کردبوو پرۆژەشی لەسەر کرابێت ئێوە چی دەکەن؟**

- ئێمە نازانین کە ئەو دەست و ئەو دەستی کردووە یا نا، چونکە لە گرێبەستەکەدا نووسراوە نابێت ئەو کەسەی موساتەحەی بەناوە تەنازول بۆ یەکێکی تر بکات یا پێکهاتەی موساتەحەکە بگۆڕێت، ئەگەر بزانرێت ئەو کارانەش کراوە ئەوە گرێبەستی موساتەحەکە هەڵدەوەشێتەوە.

### ماستەر پلان و کووژانەوەی زەوی کشتوکاڵی

*** لەدوای ٢٠٠٣ حکومەتی هەرێمی کوردستان چووە قۆناغێکی تر، یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی وەزارەتی شارەوانی ئەوەبوو، کە ماستەر پلانی بۆ شارە گەورەکان دروستکرد، وەکو ئەوەی دەبینین بەپێی ئەو ماستەرپلانەی بۆ شارێکی وەکو هەولێر دانراوە زەویتان نەماوە،**

**گەرچی دەبووایە ئەو بەرفراوانییە بەپێی ماستەر پلانەکە تا ( ٢٠-٢٥)ساڵی تر بووایە، ئایا چی وایکرد کە ئەو بەرنامەو پلانەتان لێ تێکبچێت؟**

ـ ئەو بەرنامەو پلانەمان لێ تێکنەچووە، ئەو پلانە دانرابوو تاساڵی (٢٠٣٠) بگەینە سنووری ماستەرپلانەکە، بەڵام بەهۆی ئەو کرانەوەو بەرەو پێشـــچوونەی لەبواری ئابوورییەی لەباردۆخی هێمنی و ئاســایش لەکوردستان بەرێوەچوو، بووە هــۆکاری ئەوەی ئاوەدانییەکی خێرا و بەرفراوان ڕروو لــە هەرێمی کوردســـتان و بەتایبەتی لە شـــاری هەولێر بــکات، لەلایەکی دیکەشـــەوە لەگەڵ دەرچوونی یاسای وەبەرهێنان لە کابینەی پێنجەمـــی حکومەتـــی هەرێمی کوردســـتان، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی ژمارەیەکی بەرچاو لە وەبەرهێنانی بیانی ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن، ئەمـــە بووە هۆکاری ئەوەی نەتوانین ئەو ســـنوورو پلانە بپارێزین کە بۆ ساڵی ( ٢٠٣٠) دانرابـــوو، داواکاری خەڵـــك و وەبەرهێنەرانـــی نێوخۆو بیانی لەســـەر پـــرۆژە زۆر بوو، ئێمەش ناتوانین ڕێگا لە وەبەرهێنەر بگرین، ئەم لایەنەش وایکـــردووە هەرێمی کوردســـتان بەخێراییەکی بەرفراوان گەشـــە بـــکات و خەڵکێکی زۆریش کەوتوونەتە ئیشـــکردن لە هەموو شارە گەورەکان بەتایبەتی لەپایتەختی هەرێمی کوردستان، هەر بۆیە ئێستاکە لەهەولێر زەویمان کەم ماوەو، ئێستا ناچار بووین پرۆژەکانی نیشتەجێ بوون بەهەردوو جۆری ستوونی و ئاسۆیی راگرتووە، بۆ ئەوەی پێداچوونەوە ئەنجـــام بدەین، تاوەکو بزانین چەند پرۆژەی نیشـــتەجێ بوونمان پێویســـتە تاوەکو دووبارە پلانی بۆ دابنێین.

*** هەندێك باس لەوە دەکەن کە تەرخانکردنی زەوی بۆ وەبەرهێنان، بەشی زۆری بۆ وەبەرهێنانە لە بواری نیشتەجێکردن، ئایا ئێوە جگە لە بواری تەرخانکردنی زەوی بۆ پرۆژەکانی نیشتەجێکردن، بایەختان بە بوارەکانی دیکەش داوە؟**

ـ پرۆژەکانـــی وەبەرهێنـــان تەنیـــا بـــواری نیشتەجێکردن نەبووە، بەڵام لەبەرئەوەی پێویستی خەڵك زۆرتر لەسەر قەیرانی نیشتەجێبوونە، بۆیە وەبەرهێنەرێکی زۆر ڕوویان لەبواری نیشتەجێبوون کردووە، کە من پێشبینی ئەوە دەکەم لەماوەیەکی کەم تەواو ببێت،لەلایەکی دیکەوە،هۆکاری دیکە بۆ زیادبوونی پرۆژەکانی نیشتەجێکردن ئەوەیە، پرۆژەکانی نیشـــتەجێبوون لەماوەو کاتێکی کەم تەواو دەبێـــت و وەبەرهێنەریش قازانجێکی باش دەکات. دەبێت ئەو ڕاستییەش بزانین کە پرۆژەی تر زۆرە لەکوردستان کەوەبەرهێنەر داوای دەکات وەکو پرۆژەی هۆتێل و موتێل و کارگەی گەورەو پرۆژەی گەشـــتوگوزاری و کارگەی ئالیك و شیرەمەنی و زۆری تر، بەشێك لەو پرۆژانە ئێستا لەژێر جێبەجێکردندایە، بەڵام پێویستە ئێمە بەپێی پێداویســـتی خۆمان پلانمان هەبێت و لەسەر ئەو بنەمایە وەبەرهێنەر بێت و کار بکات، نەك بەبێ پێداویستی و ئارەزووی خۆی پرۆژە داوا بکات.

*** ســـەرەڕای ئەو ژمـــارە زۆرەی پرۆژەی نیشتەجێبوون، ئایا پێت وایە ئەو پرۆژانە کێشەی نیشـــتەجێبوونیان چارەســـەر کردووە؟ لەکاتێکدا دەیەهـــا پارچـــە زەوی و ڕووبـــەری فراوانتان دابەشـــکردووە بەڵام پـــرۆژەی خزمەتگوزاریتان بۆ نەبـــردوون، ئایا بۆ خزمەتگـــوزاری نابەنە ئەو زەویانەی خۆتان بۆ نیشـــتەجێ دابەشـــتان کردوون؟**

ـ پاش ئـــەوەی پرۆژەکانی نیشـــتەجێکردن، لەلایەن دەســـتەی وەبەرهێنان پێشـــکەش کرا، چەندین پرۆژە دەســـتی پێکردووە کە هەندێکی تـــەواو بوون و هەندێکی تر لـــە قۆناغی تەواو بوونـــدان، بـــەڵام بەداخەوە ئەوانەی ســـوودیان لەم پرۆژانـــە وەرگرتووە زۆربەیـــان ئەوانەن کە پێویستیان بەشـــوێنی نیشتەجێبوون نییە، بەڵکو

**پێویستە میکانیزم و ڕێگایەکی وا بدۆزرێتەوە کە بتوانرێت ڕێگا لەو کەسانە بگیرێت کە بازرگانی بە زەوی موساتەحە و پرۆژەکان دەکەن و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەستەی وەبەرهێنان کە کۆنترۆڵی وەبەرهێنەرەکان بکات و نەهێڵێت یاساکە لەبەرژەوەندی و سوودی تاکە کەسی بەکار بێت**

بەمەبەســـتی بازرگانیکردن ئـــەو خانووانەیان کڕیوە، ئەمەشە وایکردووە قەیرانی نیشتەجێبوون چارەسەر نەبێت.

ســـەبارەت بەو زەوییانەشـــی کـــە لەلایەن حکومەتەوە بەمەبەستی چارەسەرکردنی قەیرانی نیشـــتەجێ بەســـەر هاووڵاتیاندا دابەشکراون، بێگومـــان ژمارەیەکی یەکجـــار زۆرەو زۆربەی شوێنەکانیش خزمەتگوزارییان بۆ نەچووە، چونکە پرۆژەکانی خزمەتگـــوزاری بودجەیەکی زۆریان پێویستەو کاتیشی دەوێت، لەکاتێکدا گەر بکرایە خزمەتگـــوزاری بۆ ئەو زەوییانـــە دابینبکرایە، خەڵکی بۆ خۆیان دەیانتوانی خانوو لەسەر پارچە زەوییەکانیان دروست بکەن و بەمەش تا رادەیەك دەتوانرێت کێشـــەی نیشتەجێبوون کەمبکرێتەوە، هەروەها سوود لە سولفەی عەقاری وەربگرن.

*** ســـەبارەت بـــە پشـــت گوێ خســـتنی دابینکردنی خزمەتگوزاری بـــۆ ئەو زەویانەی دابەشـــتان کردوون، هەندێك دەڵێن لەبەر ئەوەی زۆربـــەی پرۆژەکانـــی نیشـــتەجێکردن لەلایەن بەرپرسانەوە دروســـت دەکرێن، بۆیە حکومەتیش ئەوەی پشت گوێ خستووە، بۆ ئەوەی داواکاری زیاتر لەسەر فرۆشتنی یەکەکانی نیشتەجیکردن هەبێت، ئایا تاچەند وەزارەتی شارەوانی ئاگاداری ئەم مەسەلەیەیە؟**

ـ لە راســـتیدا من ئەوە یەکەمجارە دەیبستم، بەڵام ئـــەو زەوییانە زۆری پێش ســـاڵی ٢٠٠٦ بەســـەر فەرمانبەران و هاووڵاتیان دابەشکراون، ئەو کات ئـــەو گوندو پـــرۆژەی وەبەرهێنان لە شـــارەکانی کوردســـتان نەبووە، لە لایەکی ترەوە بەتەئکیـــد هەندێك کەس لـــەم گوندە مۆدێرن و پرۆژانـــە ســـوودمەندن، بـــەڵام بەهیچ جۆرێك شتی وانییە، کە دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ ئەو زەوییانەی دابەشـــمان کردون پشت گوێمان خســـتووە، تاوەکو ئەو خانوو و شوقانە بفرۆشرێت کە وەبەرهێنەکان دروســـتی دەکەن، ئەمە راست نییە و شتی وانییە.

*** بـــەڵام ســـەرۆك هەرێمی کوردســـتان لە پەیامەکەیدا راشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات کە لە هەندێك شـــوێن زەوی کشتوکاڵی کوژێنراوەتەوە، تەنیـــا لەبەرخاتری ئەوەی هەنـــدێ کەس لێی ســـوودمەند بـــن، بەرێـــزت لەمبارەیـــەوە چی دەڵێیت؟**

ـ ئێســـتا لێکۆڵینەوە لەســـەر ئەو مەسەلەیە دەکرێـــت بـــەوەی هەندێك زەوی کشـــتوکاڵی کوژاوەتـــەوە تاوەکو هەندێك کەس ســـوودمەند بێت، بەڵام لەهەر شـــوێن و ناوچەیەك بکەوێتە ناوماستەر پلانەوە ئەوا بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کوژاندنەوەی بۆدەکرێت و دەخرێتە سەر سنووری شارەوانی و دەخرێتە ناو ماستەرپلان و دەتوانرێت بـــۆ پرۆژەیەك ســـوودی لێوەربگیرێـــت، بەڵام ناتوانرێت لەدەرەوەی ســـنووری ماستەرپلانەکە زەوی کشتوکاڵی بکوژێنرێتەوەو بکرێتە پرۆژە.

*** تاچەند بەفێڵی یاسایی توانراوە سوود لەو موســـاتەحانە وەربگیرێت، وەکو دەزانین ئێستاکە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەو حاڵەتانە تووڕە بووەو دەیەوێت لێکۆڵینەوە لەمبارەیەوە بکرێت؟**

ـ مـــن ناتوانم بڵێم تاچەند فێڵی یاســـایی لە موســـاتەحەکاندا کراوە، بەڵام بەتەئکید هەندێك سوودمەند بوون، بۆی هەیە یەکێك چەندین زەوی وەرگرتبێت و بازرگانی بـــەو زەوییانەوە بکات، چونکە ئەوانەی لە وەرگرتنی زەوی موساتەحە ناوەکانیان دووبارە بۆتـــەوە دیارە بازرگانی پێوە دەکەن، ئەمەش ئەوەیە کە جەنابی سەرۆك بارزانی ئاماژەی پێ دەکات و بۆی هەیە ئەو یاسایە بۆ بەرژەوەندی شەخســـی سوودی لێ وەرگیرابێت، لەبەر ئەوەی هەموو کەسێك بەپێی یاسا دەتوانێت داوای زەوی بـــکات، ئەگەر پـــرۆژەی هەبێت ناتوانرێت ڕێگای لێبگیرێت، هەروەها بۆی هەیە لە ڕێگای دەستەی وەبەرهێنانەوە کەسێك چەندین پرۆژە داوا بـــکات، بەڵام لەژێرەوە مەبەســـتی دیکەی هەبێت، لـــەم حاڵەتەدا بەبۆچوونی من پێویســـتە میکانیزم و ڕێگایەکی وا بدۆزرێتەوە کـــە بتوانرێت ڕێـــگا لەو کەســـانە بگیرێت کە

بازرگانی بە زەوی موساتەحە و پرۆژەکان دەکەن و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەستەی وەبەرهێنان کە کۆنترۆڵی وەبەرهێنەرەکان بکات و نەهێڵێت یاساکە لەبەرژەوەندی و سوودی تاکە کەسی بەکار بێت.

*** ئەی شارەوانی چ ئەرکێکی دەکەوێتە سەرشان، بەتایبەتی ئەوانەی ناویان دووبارەو سێ بارە بۆتەوە و پرۆژەکانیشیان یان تەواو نەکردووە، یان کەمتەرخەمییان تیاداکردووە؟**

- شارەوانیش پێویستە کۆنترۆڵی ئەو حاڵەتانە بکات کە ناویان دووبارە دەبێتەوە لەوەرگرتنی زەوی موساتەحەدا،بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە وەبەرهێنەری وامان هەیە کە پرۆژەکەی زۆر بەجوانی و بەباشی ئەنجام دەدات، بەڵام بۆی هەیە هەندێك وەبەرهێنەر هەبێت ئەنجامدانی پرۆژەی تەنیا بەمەبەستی بازرگانیکردن بە

## لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو مەسەلەیە دەکرێت بەوەی هەندێك زەوی کشتوکاڵی کۆژاوەتەوە تاوەکو هەندێك کەس سوودمەند بێت

زەوییەکەوە بێت . ئێمە پێش ئێستا دەستمان بەجەردکردن کردووەو لەسەریشی بەردەوامین کاتێك لە جەردەکە تەواو بووین ئەو کات دەزانین ئەوانەی کە زەوی موساتەحەیان وەرگرتووەو پرۆژەیان ئەنجام داوە، هەروەها ئەوانەش دەردەکەوێت کە مەبەستیان پرۆژە نەبووە، بەڵکو چاوەڕوانی ئەوەیان کردووە نرخی زەوییەکانیان بەرز بێتەوە لە پاشان بیفرۆشنەوە .

*** ئێوە وەکو وەزارەتی شارەوانی کە لایەنێکن و هەروەها بە دەستەی وەبەرهێنان و حکومەتیش پێوەندارن، پرسیار ئەوەیە ئایا تا ئێستا، ئەوە ماوەی مانگێکە جەنابی سەرۆکی هەرێم پەیامەکەی راگەیاندووەو چ ڕێگاو شوێنێکتان وەرگرتووە بۆ ئەوەی میکانیزمێك بدۆزنەوە کە هاوکاری سەرۆك بارزانی بکەن؟**

- وەك حکومەت، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا بڕیار دراوە لەسەر ئەوەی کە پەیامەکەی جەنابی سەرۆك هەر هەمووی جێبەجێ بکرێت و گشتاندنمان بۆ هەموو وەزارەتەکان و لە وەزارەتەکانیشەوە گشتاندن بۆ هەموو فەرمانگەکان کراوە، تاوەکو پەیامەکەی جەنابی سەرۆکی هەرێم بەگشتی هەر هەمووی کاری لەسەر بکرێت و جێبەجێ بکرێت . لێرەدا دەمەوێت خوێنەران لەوە ئاگادار بکەمەوە کە لەدوای راگەیاندنی پەیامەکەی سەرۆکەوە، هەرهەموو لایەکمان دەست بەجێ لە هەوڵ وکاری جددیداین بۆ چارەسەرکردنی کەموکوڕی و گرفتەکان و ئەنجامدانی چاکسازی لە هەموو بوارەکاندا .

*** لایەنێکی دیکە کە دەبێتە رەخنە لەسەر پرۆژەکانی وەزارەتی ئێوە ئەوەیە خۆتان وەك وەزارەت پرۆژەکان دەخەنە تەندەرین و رایدەگەیەنن و دەیدەن بەکۆمپانیاکانی وەبەرهێنان، بەڵام زۆربەی پرۆژەکان ناگەنە ئەو مواسەفاتەی کە لەتەندەرو گرێبەستەکەدا هەیە، پرۆژە هەیە کە زۆر زۆر خراپن و پرۆژەی خزمەتگوزاری سەرەکین، ئایا تاچەند توانیووتانە کۆمپانیا و کەسی کەمتەرخەم بخەنە لیستی رەشەوە؟ئایا بۆ ئەوە ناکەن کە خەڵکی سوودمەند بێت ؟**

- من وەکو ئەوەی کە وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزارو پێش ئەوەش سەرۆکی فەرمانگەی بەدواداچوونی پرۆژەکان بووم لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، پێشتریش بەدواداچوونێکی زۆرمان بۆ ئەو پرۆژانە کردووە کە لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ کراون و هیی هەموو وەزارەتەکانیش، سەرەتا کە دەستمان پێکرد ئەو پرۆژانەی کە دەکران ئاستیان زۆر نزم بوو رێژەی سەرنەکەوتنیان بەرز بوو، ئاستی مامناوەندی هەبوو، بەڵام پرۆژەی باش و سەرکەوتوو زۆر کەم بوون، بەڵام لەو کاتەوە تا ئێستا شێوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکان زۆر باشتر و جیاوازەترە، چونکە بەدواداچوون لە ئەنجومەنی وەزیران وردو بەردەوام بوو، بۆیە رێچکەی پرۆژەکان لەخراپەوە گۆڕدرا بۆ باش و مامناوەندی، بێگومان ئەمە خاڵێکی گرنگە و دەمەوێت راشکاوانە بڵێم، خراپی پرۆژەکان زیانێکی زۆری بە بودجەی هەرێمی کوردستان گەیاندووەو لەسەر خراپی پرۆژەکان لێپێچینەوە ئەنجام دراوە، ئەوانەی کە بەرپرس بوون لە بەرێوەبەرە گشتییەکان و ئەندازیاری سەرپەرشتیارو کۆمپانیاکان سزا دران و کۆمپانیای جێبەجێکاریش خرایە لیستی رەشەوە، بەهۆی ئەو بەدواداچوون و لێپرسینەوەی ئاستی پرۆژەکان بەگشتی لە وەزارەتە تایبەتمەندەکانی وەکو شارەوانی و ئاوەدانکردنەوەو کارەبا، رێژەی باشی پرۆژەکان زۆر زیادیکردووە، بەڵام رێژەی باشییەکەش ئەوەیە کە زیاتر پرۆژەکان مامناوەندن، گەرچی پێویستە باشی پرۆژەکان مامناوەندی نەبێت، بەڵکو ستانداردی جیهانی و ئەو پەڕی باشی و هاوچەرخ بێت، چونکە حکومەت بودجەیەکی باش و گەورە بۆ ئەو پرۆژانە تەرخان دەکات و مەبەستی حکومەتیش ئەوەیە کە پرۆژەکان لەوپەڕی باشی و ستانداردوو سەرکەوتوو بن، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا نەگەیشتوونەتە ئاستی جیهانی و ستاندارو.

*** ئێوە وەکو شارەوانی لە ئامادەکردنی دەرخستەی پرۆژەکاندا کەموکوڕیتان هەیە، یان ئەو کەس و کۆمپانیانەی کە پرۆژەکان ئەنجام دەدەن بە ئەنقەست وا دەکەن پرۆژەکان باش و سەرکەوتوو نەبن؟ بۆ نموونە پرۆژەی ئاوی خواردنەوە کە پرۆژەیەکی زۆر گرنگە لە هەندێك شوێن سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام لە شوێنی دیکە تارادەیەکی باش سەرکەتوو بووە، هۆکاری ئەمە چییە؟**

- ئەوەی کە دەرخستە ئەنجام دەدات دەبێت دیراسەی پرۆژەکان بەتێروتەسەلی و وردی بکات وسوودی ئابووری دیاری بکات، بۆ نموونە پرۆژەیەکی ڕێگاوبان یا ئاو یا هەر پرۆژەیەکی تر بێت، ئەگەر ئەوانە نەکرێت ئەوا دەرخستەکە ناتەواو دەبێت، لەبەرئەمەیە زۆربەی پرۆژەکان سەرکەوتوو نابێت و کەشفی زیادەی بۆ دەکرێت، ئەمەش بار قورسییەکی گران و زۆر لەسەر بودجەی کوردستان دروست دەکات. بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم کێشەیەش وەزارەتی شارەوانی یەکەم وەزارەتە کە بەرێوەبەرایەتی دیزاین و تەسمیمی داناوەو بۆ ئەوەی بتوانێت کۆنترۆڵی دەرخستەو ئەو گۆڕانکارییانە بکات کە لە پرۆژەکان دێنە پێش، ئەمەش وەکو فیلتەرێك وایە کە وا دەکات دەرخستەی پرۆژەکان بەبێ کەموکوڕی دەربچێت و پێویستمان بەکەشفی ئیزافی نەبێت، لە قۆناغی جێبەجێکردنیشدا هەموو پرۆژەیەك ئەندازیاری سەرپەرشتیاری هەیەو تیمی ئەندازیاری بەدواداچوون دەکات و دەبێت بەڵیندەر پێوەی پابەند بێت بۆ ئەوەی پرۆژەکە زیاتر سەرکەوتوو بێت، ئەگەر هیمەتی ئەندازیاری سەرپەرشتیارو تیمی بەدواداچوون و بەڵێندەر نەبێت ئەوا پرۆژەکە بەئاستی ستاندارو بەمواسەفات جێبەجێ ناکرێت.

*** بەڕێزت ئێستا وەك وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزارو پێشتریش سەرۆکی فەرمانگەی بەدواداچوونی پرۆژەکانی هەرێمی کوردستان، دەمانەوێت ئەو پرسیارە بکەین بۆچی هەندێك پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ نموونە کۆمەڵێك پرۆژەی ئاوی خواردنەوە لەهەولێر سەرکەوتووتر بووە لەوەی لە سنووری سلێمانی ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- ئێستا بەدواداچوون بۆ ئەو پرۆژانەی ئەوێ دەکرێت، کە کەموکورییەکی یەکجار زۆریان لە دیزاین و دەرخستەکانیان هەبووە، لەبەر ئەوە کێشە هاتۆتە بەر کارەکانیان و چەندین جار کەشفی ئیزافی کراوە کە چەندین ساڵی خایاندووە تاوەکو بکاتە قۆناغێك و تەواو بێت، بەڵام لە پارێزگای هەولێرو دهۆك لەگەڵ ئەوەی کەموکوریش هەیە، بەڵام پرۆژەکان سەرکەوتنی زیاتر بووە، لە راستیدا ئێستاکە کێشەی ئاومان لە هەولێر و دهۆك و زاخۆ نییە، ئێستاکە پرۆژەی ئاوی ئاکرێ و ئامێدیش لەژێر جێبەجێکردندایە.

*** هەندێك موڵك هەیە موڵکی شارەوانین، ئەوانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**داوای گەڕانەوەی کردوون، ئەو موڵکانە تاچەند دەگەڕێنەوە بۆتان وتاچەند کارتان بۆ کردووە؟**

- ئێمە گشتاندنمان بۆ گشت فەرمانگەکانی پێوەندار بە وەزارەت کردووە، لەبەر ئەو موڵکانە تەنیا شارەوانی ناگرێتەوە، بەڵکو زۆری هەیە گەشتوگوزارییە بۆی هەیە لە لایەن حزبێك یا ڕێکخراوێك داگیرکرابێت، بەڵام تا ئێستا دەرئەنجامەکەی بۆمان نەهاتووە، چونکە ئەو زەوییانە زۆربەی زەوی بەرفراوانن و موڵکی شارەوانی و گەشتوگوزارن، بەڵام وەزارەتەکانی تر ڕێژەیەکی زۆر کەمە ئەوان وەڵامیان داوەتەوە بۆی هەیە لە هەفتەی داهاتوو دەرئەنجامی ئەو زەوییانەو چۆنیەتی گەڕانەوەی زەوییەکانی شارەوانی و گەشت و گوزاربۆ ئێمەش بێت، لەپاشان ئێمەش بەنووسراو بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرزی دەکەینەوە .

## گەشت و گوزار و بە پیشەسازیکردنی گەشتوگوزار

*** وەك گوێمان لێبووە، دەڵێن ئەندازیار سەمیر عەبدوڵا مستەفا بەرنامە و پلانی گەورەی بۆ کەرتی گەشتوگوزاری لە هەرێمی کوردستان لەبەر دەستە، بەتایبەتی لەلایەنی ماستەر پلان و گۆڕینی گەشتوگوزاری بۆ پیشەسازی و داهاتێکی هەمیشەیی، ئایا دەتوانین بپرسین لە ماوەی بیست مانگی رابردوو چیت کردووە ؟**

- بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین گەشت و گوزارلەکوردستان بکەینە پیشەسازی یا کوردستان بکەینە وڵاتێکی گەشتیاری بۆ ئەو مەبەستە دەبێت ماستەرپلانێکی گشتی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان دروست بکرێت و ئەوەشمان خستۆتە بەرنامەوە، بەڵام هەوڵو هیممەتێکی باشی دەوێت تا تەواو دەبێت، ئەمەش نەخشەڕێگامان بۆ دیاری دەکات تاوەکو هەموو شوێنە گەشتیارییەکان بە وردی دیراسە بکرێت، بۆ ئەوەی پرۆژەی گەشتیاری لێ جێبەجێ بکرێت، چونکە شوێنی سروشتی زۆر جوانمان هەیە، بەهۆی ماستەر پلانەکەو گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ شوێنە گەشتیارییەکان دەتوانین زۆر کارو پرۆژەی گەشتوگوزاری ئەنجام بدەین، ئەمەش هەنگاوێکی گەورە دەبێت بۆ بووژانەوەی کەرتی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستاندا، پێویستە لە م بوارەدا سوود لە هاووڵاتیانی خۆمان وەربگرین و هاووڵاتیانی خۆشمان کار لەم کەرتە بکەن و سوودمەند بن، چونکە چوونە دەرەوەی یەك دۆلار بۆ دەرەوە زیانێکی زۆری بۆ هەموومان دەبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێت پرۆژەو شوێنە گەشتیارییەکانمان ببێتە ناوەندێك بۆ هەلی کارو هاووڵاتیانی خۆمان کاری تێدا بکەن، بەڵام پێویستە هاووڵاتیانی خۆمان لەبواری گەشتیاری بخوێنن و بەشداری لە خولی گەشتوگوزاری بکەن، هەروەها پێویستە هەموو لایەك بەیەکەوە نەك تەنیا وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاربەڵکو هاووڵاتیانیش فێر بن کە لە خاڵی یەکەمەوە گەشتیار دێت تا دەڕوات چۆن پێشوازی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت .

## پاراستن و نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارەکان

*** لایەنێکی تر کە تائێستاش بەشێکە لەوەزارەتەکەی ئێوە شوێنەوارەکانی کوردستانە،ئایا چیتان کردووە بۆ ئەوەی شوێنەوارەکان بپاریزن و نۆژەنیان بکەنەوە و بیان پارێزن؟**

- بەپێی ئەو ژمارەیەی بەفەرمی بۆمان هاتووە زیاتر لە سێ هەزار شوێنمان بۆ هاتووە کە بەشوێنەوار دانراوە، زۆربەی ئەم شوێنانە پشکنینیان بۆ نەکراوەو ئەو شوێنەوارانەی کە کنەو پشکنینیان بۆ ئەنجامدراوە زۆر کەمن، بەڵام لەلایەنی پاراستنی شوێنە شوێنەوارەکاندا، ئێمە کەموکوڕی و گرفتمان هەیە پێویستمان بە پۆلیس تایبەت بەشوێنەوار هەیە بۆ ئەوەی پارێزگاری لەم مێژوو کەلتووورە نەتەوەییە بکرێت، کە موڵکی هەموو هاووڵاتییەکی هەرێمی کوردستان و هەموو دنیایەو ئێمە وەکو کورد مێژووییەکی زۆر کۆن و دێرینمان لەمبارەیەوە هەیە، بۆ توێژینەوەی زانستی لەسەر شوێنەوارەکان ئێمە سوودمان لە زانکۆکانی جیهانی دەرەوە وەرگرتووە،هەتا ئێستا چەند گرێبەستێکمان لەگەڵ چەند زانکۆیەکی جیهانی وەکو فەرەنساو یۆنان و ..تاد بەستووە بۆ ئەوەی بێن و کنە و پشکنین لە شوێنەوارەکانی کوردستان ئەنجام بدەن، چونکە پێش ئێستا بەتایبەتی لەسەردەمی ڕژێمی بەعس هیچ گرنگییەك بە شوێنەوارەکانی کوردستان نەدراوە، ئەمەش بەمەبەستی ئەوە بوو کە گەلی کورد شارەزایی لە مێژووی خۆی نەبێت، بەڵام بەهۆی ئەو گرێبەستانەوە کە لەگەڵ زانکۆکانی وڵاتانی دنیا بەهاوکاری زانکۆکانی کوردستان و پسپۆرو شارەزایانی خۆمان لەبواری شوێنەوار دەتوانرێ کنەو پشکنین ئێستاو لەداهاتووش بکرێت و شوێنەوارەکانمان بخەینەوە سەر واقیعی خۆی و پارێزگاری لێ بکەین و بەدنیای بناسێنین.

*** ئاشکرایە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، یەکێکە لەو وەزارەتانەی کە بەرژەوەندی هەموو لایەك لەخۆی دەگرێت و ئەو بەرژەوەندیانەش جۆریك لەزەمینەی رەخساندووە تا دیاردەی گەندەڵی دروست بکات، پرسیاری ئێمە ئەوەیە، ئایا وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار وەکو ئەندازیارێکی تەلارسازی و تەکنۆکرات لە شەڕی گەندەڵی بەردەوامەو تا چەند ئاستەنگی بۆ دروست بووە؟**

- وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاربەرژەوەندی زۆر خەڵکی تێدایەو پێوەندیی لەگەڵ بەرژەوەندییەکان ڕاستەوخۆیە، ئەگەر بۆ نموونە بڵێین وەزارەتی دارایی پارەی هەیە، ئەوا وەزارەتی شارەوانی زەوی هەیە و زۆریش دەوڵەمەندە، بەڵام وەك پارە هیچی نییە، بەڵام جۆری ئەو مامەڵەیەی لەگەڵ خەڵك لەبواری زەوی و تەندەرەکان دەکرێت و شێوەیەکی نادروست وەردەگرێت، ئەمە دەکرێت بڵێین گەندەڵییە، بۆیە بەداخەوە دەڵێم لە زۆر بوار وەزارەت ئیستغلال کراوە ناتوانم بڵێم نەکراوە، بە تەواویش ناتوانم بیڵێم کە بەچ شێوەیەك بووە، بەڵام ئەوانەی گومانیان لەسەر بووە وامانکردووە لەم شوێنانە نەمێنێت و هەوڵمانداوە چارەسەری ئەو نەخۆشییە کوشندەیە بکەین، من ناڵێم بەتەنیا دەتوانم ئەو کاربکەم، بەڵکو دەبێ هاوکاری باشم هەبن، تاوەکو ئەو دیاردەیە لەم وەزارەتە بنبڕ بکەین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەم وەزارەتە بەرژەوەندی زۆر خەڵکی تێدایە، هەیە لە دەرەوەیە و پێوەندی لەگەڵ کارمەندانی ناو وەزارەت هەیەو خەڵکی دەرەوە هەیە زانیارییان زۆر زیاترە لەسەر وەزارەت،

**تا لەم پۆستە ماوم دژی گەندەڵی دەوەستم و و دژی ئەو کەسانە کار دەکەم کە دەیانەوێت ئیستغلالی وەزارەت بکەن و بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکاری بهێنن**

بەتایبەتی ئەوانەی پێوەندی بە زەوییەوە هەیە، ئەم زانیارییانەش لە ناوەوە دەچێتە دەرەوە.

هەروەها ئەو کێشەو گرفتانە ئێستا ئێمە ڕووبەڕووی دەبینەوە، زۆربەیان پێشتر هەبوون و بەسەریەکەوە کەڵەکەبوون، واتە کێشەو گرفتی چەندین ساڵی پێشترەو، بەڵام ئەوەی جێگەی دڵخۆشی منە لە هەوڵەکان بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردانە بەردەوامین و خەریکە لەچارەسەر نزیك دەبینەوە، راشکاوانە دەڵێم من باوەڕم پێکراوەو سوێندم خواردووە و تا لەم پۆستەش ماوم دژی گەندەڵی دەوەستم و و دژی ئەو کەسانە کار دەکەم کە دەیانەوێت ئیستغلالی وەزارەت بکەن و بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکار بهێنن و ئامانجی من لەسەرەتادا ئەوە بوو کە چاکسازی ئیداریی بکەم و رۆتین نەمێنێت،هەربۆیەشە لەماڵپەڕی وەزارەت بەشێکمان کردۆتەوە بۆ ئەوەی هاووڵاتی لەماڵی خۆیە بەرێگەی ئەنتەرنێت سەیری مامەڵەکەی خۆی بکات و بزانێت گەیشتۆتە کوێ، ئەمە هەنگاوێکی گرنگ و سەرەتاییە بۆ بونیادی حکومەتی ئەلکترۆنی، ئێمە دەستمان پێکردووە و بەنیازین هەموو بەش و فەرمانگاکانی وەزارەتیش بگرێتەوە، هەروەها لە هەمان بەش دەتوانرێت زۆر بە کۆنترۆڵکراوی کێشەکان چارەسەر بکرێن.

## جەمیل سلێمان وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ گوڵان:

# کوژاندنەوەی زەوی کشتوکاڵی بۆ پرۆژەکانی نیشتەجێکردن کاریگەرییەکی خراپی لەسەر بەرهەمی ئایندە دەبێت

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو وەزارەتە گرنگانەی کە راستەخۆ کاریگەری لەسەر ژێرخانی ئابووری کوردستان هەیە، لەهەمانکاتدا ئەو وەزارەتەشە کە پەیوەندارە بە کوژانەوەی زەوییە کشتوکاڵییەکان بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان، بۆ قسەکردن لەسەر کار و پرۆژەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێز جەمیل سلێمان وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**



*** پێش ماوەك لەمەوبەر بەڕێزتان لەگەڵ سەرجەم وەزیرەکانی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان دانیشتنێکی فراوانتان لەگەڵ جەنابی سەرۆکی هەرێم ئەنجامدا، ئێستاکەش ماوەیەکە سەرۆك بارزانی ئاماژەی بە پرۆژەیەکی بەرفراوانی چاکسازی دەکات، ئایا ئێوە چۆن سەیری ئەو پەیامە دەکەن ؟**

ـ سەرۆك بارزانی هەمیشە پاڵپشتی دیموکراسی و بەرەوپێشبردنی رەوشی کوردستانە، هەروەها جەنابیان لەگەڵ ئەوەشدایە سەبارەت بە هەموو کارێکی گەورە و بچووك گوێ لە رای گەل بگیرێت، ئەو پەیامەی بەم دواییەش کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئاراستەی کرد بەرجەستەکردنی ئەو رەوت و رێڕەوە دیموکراسییەیە، کە سەرۆك بارزانی راستەوخۆ بەدواداچوون بۆ پرسەکانی خەڵك و میللەت دەکات، بە بۆ چوونی من ئەو گۆڕانکارییە بکرێت کە لە بەرژەوەندی و خزمەتی گەل و وڵاتدایە، چونکە فاکتەرێکی بەهێز و کاریگەرە.

*** ئایا پێویست بەوە ناکات لەمەودوا چاو بە هەندێك یاسای کۆن و رێنمایی پەیوەندار بە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاودا بخشێنرێتەوە؟**

ـ وەزارەت لەسەردەمی کابینەی پێنجەمەوە پرۆسەی چاوخشاندنەوەی لەم بوارەدا دەست پێ کردووە، دەتوانین بڵێین لە نێو وەزارەتەکانی دیکەدا پێشەنگ بووە، چونکە بواری زەوی و زاری کشتوکاڵ لە چاو هەلومەرجی ئەم سەردەمەدا رووبەڕووی کێشەی زۆر ببۆوە، بۆیە بەکار و کۆششی وەزارەت ئەم یاسایانەی دوایین لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەندکران:

١- یاسای کوژاندنەوەی زەوی کشتوکاڵ ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٨ هەموارکرا، بە یاسای ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠٠٧.

٢- یاسای ژمارە(٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥، تایبەتە بە رێکخستنی خاوەندارییەتی زەوی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان، هەموارکرا بە یاسای ژمارە(٣٢) ی ساڵی ٢٠٠٧، کە ئێستا بە یاسای(تەسویە) ناسراوە.

٣- بۆ شێوازی بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵ، لە جیاتی یاسای ژمارە(١١٧)ی ساڵی ١٩٧٠، یاسایەکی نوێ و سەردەمیانە بەناوی یاسای رێکخستنی مافی خاوەندارییەتی زەوی کشتوکاڵ ژمارە(١) ی ساڵی ٢٠٠٨ دەرکرا، کە بە یاسای بە موڵککردنی زەوی جووتیاران ناسراوە.

٤- یاسایەکی نوێ بۆ پاراستن و پێشخستنی بەرهەمی کشتوکاڵ بەناوی

## مایەی نیگەرانی ئێمەیە کە کەرتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کەمترین ڕێژەی لە ڕووی وەبەرهێنانەوە بەرکەوتووە

یاسای ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ دەرچوو.

٥- بێ لەوانە، کابینەی شەشەم وەك یەکەم وەزارەت پرۆژە یاسـای یەك خستنی هەردوو وەزارەتی پێشـووی ( وەزارەتی کشتوکاڵ ) و (وەزارەتی سـەرچاوەکانی ئـاو) ی گەڵاڵە کرد و لە پەرلەمانی کوردستـاندا بە یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠١٠، یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەرچوو.

٦- تا ئێستا وەزارەت چەندین پرۆژە یاسای دیکـەی گەڵاڵە کردووە بۆ سـەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ڕەوانـە کردووە، وەك پرۆژە یاسـای دارسـتان، پرۆژە یاسـای پاراستنی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی.

*** ئایـا بوودجەی ئەم سـاڵی وەزارەتی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئاو چەندە، تا چ ڕادەیەك بەو بوودجەیـە کە ئەگەری کەم کردنەوەشـی هەیە، پێداویست و پرۆژەکانی وەزارەتی پێ جێبەجێ دەکرێ؟**

. بودجـەی ئـەم سـاڵ بـە پـرۆژەی بەردەوام و پرۆژەی پێشـنیارکراو و پاڵپشتی جووتیارانیشـەوە دەگاتە (٢٢٥) ملیار دینار، پێمانوایـە تـا ڕادەیەك ئامانجـی ئێمە بەم بودجەیە بەدی دێت.

*** تەرخانکردنـی زەوی کشـتوکاڵ بۆ پرۆژەی نیشتەجێ بوون مەترسییەکی گەورە نییە بـۆ ئایندەی کشـتوکاڵ و خۆراك لەم هەرێمەدا؟**

. بە بـڕوای ئێمـە تەرخانکردنی زەوی کشتوکاڵ بۆ نیشتەجێ بوون کاریگەرییەکی یەکجـار نەرێنی دەبێت بۆ سـەر ئاییندەی کشتوکاڵ لە وڵاتەکەماندا، چەندی ئێمە وەکو وەزارەت کە لە بایەخ و گرنگی زەوی کشتوکاڵ لـە ڕووی ئابـووری و بەرهـەم و ژینگەوە دەزانین، پێشنیاریان کردووە کە نیشتەجێ بوون، بەشێوەی ستوونی بێت، هەروەها شوێنی شاخ و بەردەڵان کە بۆ کشـتوکاڵ ناشێن، بکرێنە پرۆژەی بۆ نیشتەجێ بوون، ئێمە لەگەڵ ئەو بووچوونەدا کۆکین کە تا دێ ڕووبەری زەوی کشـتوکاڵ لە وڵاتەکەماندا کـەم دەبێتەوە، کە بە هیچ شـێوەیەك بە قازانجی ئێستـا و ئایینـدەی وڵاتەکەماندا ناشـکێتەوە، هەر لە سـایەی شـاڵاوی پرۆژەکانی نیشتەجێ بووندا ڕووبەرێکی زۆری زەوی کشـتوکاڵ فەوتاون، هەر بۆ نموونـە تەنیا لە هەولێردا نزیکـەی (١٢٠) هەزار دۆنم زەوی بە پیت و بەرەکەت کەوتۆتە بەر ماستەرپلانی شارەکە و بۆ نیشتەجێ بوون تەرخانکراوە.

*** بۆچـی پلانـی سـتراتیژی وەزارەت نەیتوانیـوە هەمـوو ئامانجەکانـی خۆی بپێکێت؟ لەو پلانەدا گەیشتوونەتە کوێ؟**

. پلانی ستراتیژی لە کاردایە و تا ٢٠١٣ بـەردەوام دەبێ، ئێمە بـە متمانەوە هەنگاو بـەرەو ئامانجەکانی ئەو پلانـە دەهاوێین، هەڵبەت هێشتا زووە بۆ ئەوەی بڵێین پلانەکە ئامانجەکانی نەپێکاوە، چونکە لە کۆی (٥) سـاڵ، تەنیا دوو سـاڵی بەسەرچووە و سێ سـاڵی ماوە، لـەو دوو سـاڵەی پلانەکەدا بەرهەمی دانەوێڵە و سـەوزە و میوە زیادی

## کە کۆمپانیاکان نەیەنە پێش بۆ وەبەرهێنان لەم بوارەدا ئەمە گوناح و کەمتەرخەمی وەزارەتی تێدا نییە

کردووە، بۆ نموونە:

گەنم لە (٣٠٠) هەزار تەنەوە گەیشتە (٥٠٣) هەزار تەن.

سـەوزە لـە (٢٥٠) هـەزار تەنـەوە گەیشتە (٣٦٣) هەزار تەن.

میوە لە (٥٥) هەزار تەنەوە گەیشتە (٥٩) هەزار تەن.

بۆیـەش ڕێژەی زیادبوونی میوە کەمترە، چونکە داری بەری چەندین سـاڵ خزمەتی دەوێ تـا دەگاتـە ئاسـتی گەیشـتن بە بەروبەرهەم.

*** بۆچـی لـە کەرتـی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئاودا نەتوانراوە کۆمپانیایی گەورەی کەرتی تایبـەت بێنە مەیدانەکەوە، کە پرۆژەی گەورە و سـتراتیژی بە ئەنجام بگەیەنرێت؟**

. مایـەی نیگەرانی ئێمەیـە کە کەرتی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئاو کەمترین ڕێژەی لـە ڕووی وەبەرهێنانەوە بەرکەوتووە. ئێمـە وەکـو وەزارەت پێشـوازیمان لە دەیان شـاندی کۆمپانیاکان و خەڵکانی وەبەرهێن چ بیانـی یـان ناوخۆ کـردووە، ئامادەیی وەزارەتیشـمان بۆ هەر جـۆرە هاوکارییەکی یاسـایی دەربڕیووە، بەڵام کـە کۆمپانیاکان نەیەنە پێش بـۆ وەبەرهێنان لەم بوارەدا ئەمە گونـاح و کەمتەرخەمی وەزارەتی تێدا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا (٣) پرۆژەی گەورەی شـیرەمەنی لە قۆناخـی جێبەجێ کردندان، هەروەها (٣) پرۆژەی گەورەی بەرهەمهێنانی سەوزەش دەستیان پێ کردووە، لەپاڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە پرۆژانە ئاسـتەنگی خۆیان هەیە، بۆ نموونە:

أ – پرۆژەی گەورە و ستراتیژی پێویستی بەڕووبەری فراوانـی زەوی هەیە، بۆ دابین کردنی ئـەو زەوییەش ئێمە وەکـو وەزارەت پێویسـتمان بـە بودجەی گـەورە هەیە بۆ قەرەبووکردنەوەی جووتیارانـی خاوەنی ئەو موڵکانە.

ب- وەبەرهێنـەران بـە گشـتی حەزیان لە قازانجی خێرایە لـە کاتێکدا پرۆژەکانی کشـتوکاڵ و ئاودێری و بەروبوومی ئاژەڵ پێویستی بەکات هەیە.

ج- گرفتی پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی هەیە، کـە ئێمە وەکـو حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتی بەرهەمی خۆماڵدا سنوور کۆنترۆڵ دەکەین و ڕێ لە هاتنی بەرووبوومی دەرەوە دەگریـن، بەڵام حکومەتی فیدراڵ لە بەغدا لەم ڕووەوە سنووری کۆنترۆڵ نەکردووە و بەرووبومی خراپ و هەرزان ڕوو لە بازاڕ و عەلوە دەکات، ئەو خراپ و هەرزانەش تەنگ بە بەرووبوومی خۆماڵی هەڵدەچنێ.

*** لە بارەی ئەو پرۆژانەی کە تەواونەکراون ئایا سیسـتەمی لێپێچینـەوە و چاودێری**

## پرۆژەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە ٩٥٪ ی لە بواری جێبەجێ کردندان ئەو ٥٪ ی کە ماوە ئێستا لێپرسینەوەیان لە بارەوە دەکرێ

**لـە وەزارەتی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئـاودا چۆنە؟ تـا چ ڕادەیـەك توانییوتانە بەو سیسـتەمە لێپرسـینەوە لە گەندەڵکار و سەرپێچیکاران بکەن؟**

. پرۆژەکانـی وەزارەتـی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئـاو لـە٩٥٪ ی لە بواری جێبەجێ کردندان ئەو ٥٪ ی کە ماوە ئێسـتا لێپرسـینەوەیان لە بارەوە دەکرێ، کە بۆچی ئەو پرۆژانەش نەچوونەتـە بواری جێبەجێ کردنەوە هەڵبەت لە ڕووی بەراووردکارییەوە ڕێژەی جێبەجـێ نەکردن زۆر کەمە، واتا بە دڵنیاییـەوە دەکرێت بڵێین ئێمـە لە جێبەجێ کردنی پلانەکەماندا سەرکەوتووین.

## د.عەلی سندی وەزیری پلاندانان بۆ (گوڵان):

# لە ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتییەکاندا هەندێک ڕێگای لەبەر چاوگیراوە بۆ ئەوەی ڕێگا لە فرۆشتنی تەندەر بگیرێت و بەرزترین ئاستی شەفافیەت بەدیبهێنرێت

**وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو وەزارەتە گرنگەیە کە پەیوەندی بەهەموو وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، هەروەها چەندین کار ئەنجامدات کە لەگەڵ پەیوەندی بەوەزارەتەکانی دیکەشەوە هەیە، هەربۆیە بۆ زیاتر تیشك خستنەر سەر هەوڵەکانی حکومەت بۆ جێبەجێکردنی پەیامەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی وەزارەتی پلاندانمان کرد و بەرێز عەلی سندی وەزیری پلاندانان بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** ئایا تا چ ڕادەیەك خۆتان ئامادەکردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو پەیامەی جەنابی سەرۆکی هەرێم ئەو چاکسازیانە بە ئاقارێکی باش و ڕاست و دروست بڕوات، بەتایبەتی میکانیزمی جێبەجێ کردنەکەی؟**

ـ پەیامەکەی جەنابی سەرۆك پەیامێکی هەمەلایەنە، بێگومان لە بواری چاکسازیدا تەنیا خۆی لە هەندێ گۆڕانکاریدا نابینێتەوە، بەڵکو زۆر لەمە گشتگیرتر و فراوانترە و کاریگەری درێژخایەنیان دەبێت. هەندێك لەو خاڵانە دەکرێت لەماوەیەکی کورتدا ئاکامەکانیان دەربکەون و هەندێك خاڵی تریش چاکسازی ریشەیین لە ئایندەدا دەرئەنجامەکانیان دەردەکەوێت. بەگشتی هەموو خاڵەکانی پەیامەکەی سەرۆکی هەرێم زۆر گرنگن و ئەرکی بەجێهێنانی دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی هەرێم و هەندێکیشیان وەك دیارە پێویستە بە پاڵپشتی دەرکردنی یاسا لەلایەن پەرلەمانەوە ئەنجام بدرێن.

هەروەها هەموو خاڵەکانی پەیامەکەی جەنابی سەرۆك بارزانی پەیوەندییان بە هەموومانەوە هەیە. هەر دوای پەیامەکە، لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە داوامان لێکراوە کە هەر وەزارەتێك بەپێی کار و بواری پسپۆڕی خۆی کار لە خاڵەکانی پەیامەکەدا بکات، ئێمە وەکو وەزارەتی پلاندانان لە زۆربەی خاڵەکاندا بەدواداچوونی بۆ ئەنجام دەدەین، گەرچی ئەوانەی دەکەونە چوارچێوەی کاروباری ڕۆژانەی وەزارەتی پلاندانانەوە چەند بابەتێکی سەرەکیین وەکو ئەمانە:

- باشتر ڕێکخستنی بواری تەندەر و کەمکردنەوە گشتییەکان لەڕێگای جێبەجێکردنی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتییەکانەوە. ئەم ڕێنماییە وردەکارییەکانی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتییەکان دیاری دەکات و میکانیزمێکە بۆ بەرگرتن لە بەهەدەردانی سامانی گشتی و ڕێگەچارەیەك دەبێت بۆ چاکسازی لە پرۆسەی ئەنجامدانی گرێبەستە گشتییەکاندا.
- لەبواری کۆنترۆڵی جۆریدا هەماهەنگی هەیە لەنێوان ئێمە و وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی تەندروستی بۆ پێداچوونەوە بە کارەکاندا. ئامانجی سەرەکیی ئەم هەماهەنگییە دانانی کۆمەڵێك میکانیزمە بۆ پاراستنی تەندروستی هاوڵاتیان و دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆراك و کۆنترۆڵکردنی بازاڕ لە هەرێمی کوردستان. هەرچەندە پشکنینی خۆراك و دەرمان ئەرکی وەزارەتی تەندروستییە.
- چەند بەرنامەیەکمان هەیە بە هاوکاری ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و بانکی نێودەوڵەتی لەبوارەکانی چاکسازی کەرتی گشتی (کەرتی حکومی) و چاکسازی بەڕێوەبردنی دارایی گشتی. ئامانجی ئەم بەرنامانە مۆدێرنییزەکردنی کەرتی گشتی و باش بەڕێوەبردنی دارایی گشتییە.
- لە پرۆسەی ئامادەکردنی بودجەدا سوودمان وەرگرتووە لە شارەزایی چەند ڕێکخراوێکی ناسراوی نێودەوڵەتی و چەند ئاژانسێکی نەتەوە یەکگرتووەکان.

***ئایا ئێوە بۆچی ئەمساڵ نەتانتوانی پلانی ستراتیژی دەست پێ بکەن یان جێبەجێ بکەن؟**

ـ ماوەی شەش مانگە ڕەشنووسی پلانی پەرەپێدانی ستراتیژی بۆ هەرێمی کوردستان کە پلانێکی پێنج ساڵییە لە وەزارەتی پلاندانان ئامادەکراوە، بەڵام کۆمەڵێك هۆکار هەبوون کە بوونە هۆی دواخستنی دەرکردنی پلانی ستراتیژی و پێشکەشکردنی بە پەرلەمانی کوردستان. لەماوەیەکی نزیکدا پاش گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان و ئەنجامدانی کۆنفرانسێك لەسەر پلانە درێژخایەنەکە، ڕەشنووسی پلانەکە پێشکەش دەکرێت بە پەرلەمانی کوردستان بۆ پەسەندکردنی. لە پلانی درێژخایەنی وەزارەتی پلاندانانـدا گرنگییەکی تایبەت دراوە بە چەند بوارێك کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان هەیە بە وەبەرهێنانەوە و دەبنە هۆی زیادکردنی وەبەرهێنان. بۆ نموونە چالاککردنی کەرتی تایبەت لەڕێگای



گۆڕانکاری لە یاساکاندا بۆ ڕێگەخۆشکردن بۆ بەشداری زیاتری کەرتی تایبەت لە چالاکییە ئابوورییەکاندا. ئێستا پاش پەیامە گرنگەکەی سەرۆکی هەرێم کاتێکی گونجاوە بۆ ڕەوانەکردنی ڕەشنووسی پلانە پێنج ساڵییە کە بۆ پەرلەمانی کوردستان. چونکە دواجار ئەم پلانە ستراتیژییە دەبێتە نەخشە ڕێگایەك بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەرەوپێشچوون لە بوارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا.

*** تێبینیتان چییە لەسەر پلانی ستراتیژی پێنج ساڵی وەزارەتی کشتوکاڵ و ڕێژەی جێبەجێکردنی ساڵانەی چەندە؟**

ـ کۆمەڵێك دەستکەوت هەیە لەبواری کشتوکاڵدا وەك قەرزی کشتوکاڵی، سلفەی خانووبەرە بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان، دابینکردنی کەرەستەی کشتوکاڵی، کە ئەمانە دەستکەوتی زۆر گرنگن. ئێمە بە هەماهەنگی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بەشێوەیەکی ساڵانە پێداچوونەوەمان کردووە بۆ پلانی پێنج ساڵەی کشتوکاڵی، بۆئەوەی ڕێژەی جێبەجێکردنی ساڵانەی پلانەکە بزانین، ئەمساڵ پشکێکی باش لە بودجەی گشتی بۆ کەرتی کشتوکاڵ دانرا بوو، بەڵام کێشە و گرفتی سێکتەری کارەبا کاریگەری لەسەر هەموو سێکتەرەکانی تر هەبوو، بۆیە پشکی بودجەی پلانی وەزارەتی کشتوکاڵ کەم بووەوە، بەهۆی کەمی بودجەوە لە ساڵانی ڕابردودا ڕێژەی جێبەجێکردنی پلانە درێژخایەنەکەیان کەمتر بوو لەوەی کە دەبوایە ئەنجام بدرێت، لەبەرئەوە ئەمساڵ کۆنفرانسێك ئەنجامدرا بۆ پێداچوونەوە بە پلانە درێژخایەنەکەدا و چارەسەرکردنی کێشەکانی.

لێرەدا جێگەی ئاماژەیە پاش ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ داوای لە ئاژانسی (جایکا)ی یابانی کرد هاوکاری حکومەتی هەرێم بکەن بۆ پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ، ئێمە لە وەزارەتی پلاندانان ڕۆڵی هەماهەنگی و بەدواداچوون دەگێڕین بۆ پرۆژەکانی یابان لە کەرتی کشتوکاڵدا. دوو پرۆژەی زۆر گرنگی یابان کە بەم زووانە دەچنە بواری جێبەجێکردنەوە بریتین لە ١) بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمی دانەوێڵە و ٢) پێشخستن و بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای مۆدێرن لەبواری ڕەزگەریدا.

*** ئایا زەحمەت نییە لە وڵاتێك پلان دابنرێت بەبێ سەرژمێری گشتی؟ بۆچی سەرژمێری بەتەنها جیا لەعێراق لە هەرێمی کوردستان ئەنجام نادرێت؟**

ـ سەرژمێری بەپێی ئەو پێناسە و ڕێساو یاسایانەی کە بۆی دانراوە پرۆسەیەکە لەسەر ئاستی ناوەند بڕیاری لەسەر دەدرێت و ئەنجامدانی سەرژمێری لەسەر ئاستی هەرێم و پارێزگاکان هیچ یاسایەکی بۆ دانەنراوە، دەکرێت لە ئاییندەدا بەپێی یاسایەك ئەوە ڕێکبخرێت، لە هەرێمی کوردستان کە سەرژمێریمان مەبەستە لەبەر لایەنی ئابووری و بەرەوپێشبردنی وڵات و خزمەتکردنی هەموو کەرتەکان و سوود وەرگرتن لەو زانیاریانەی کە لەسەرژمێری دەست دەکەوێت بۆ ئەوەی لە پلاندانان بەکاری بێنین. ئەوەی لە عێراق کراوە بریتیە لە بەسیاسیکردنی بابەتەکە کە لە بنەڕەتدا پەیوەندی هەیە بە پەرەپێدان و پلاندانانەوە. لە هەلومەرجی ئێستای عێراقدا باشترە سەرژمێری گشتی لەسەرانسەری عێراق بکرێت. لەڕاستیدا سەرژمێری گشتی نەك تەنها خزمەتی پلاندانان و بەرەوپێشبردنی پەرەپێدان دەکات لەبوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەکات، بەڵکو خزمەتی ڕێکخستنی زۆر بواری تریش دەکات وەك هەڵبژاردن و داهاتی پارێزگاکان، هەروەها بەگشتی دەکرێت ببێتە هۆی ڕێکخستنی دامودەزگاکانی حکومەت لەسەر بنەمای ژمارە و داتا. سەبارەت بە ئەنجامدانی سەرژمێری تەنها لە هەرێمی کوردستان لەوانەیە ببێتە هۆی ئاڵۆزتر کردنی کێشەکان لەگەڵ بەغداد.

*** زۆر جار هەست دەکەین پەیوەندی نێوان وەزارەتە پەیوەندارەکان لاواز و سستە، ئایا**

**ئەوە كارو ئەركی وەزارەتی پلاندانان نییە كە پەیوەندی نێوان وەزارەتەكان دروست بكات، بۆ ئەوەی هەردوولا بتوانین پلانەكانیان بەرێكوپێكی جێبەجێ بكەن و هەنگاوی چاكسازیش بەهێزترو زانستیانە تر ئەنجام بدرێت؟**

ـ هەماهەنگی نێوان وەزارەتەكانی حكومەت ئەركی هەموانە، بەڵام راستەوخۆ وەزارەتی پلاندانانیش ئەو ئەركەی لەئەستۆیە و لەكاتی ئامادەكردنی پلانی ساڵانەی پرۆژەكان ئێمە ئەو خاڵە زۆر بەوردی رەچاو دەكەین. یەكێك لەو هۆكارانەی وایلێكردین كە رەشنووسی پلانی (٥) ساڵە ئامادەبكەین بریتییە لە برەودان بە هەماهەنگی و بەدواداچوونی نێوان وەزارەتەكان، بەتایبەتی لە كاتی ئەنجامدانی پرۆژەكاندا بۆ ئەوەی ئاگاداری كاری یەكتربین. ئەزموونی ئەم چەند ساڵەی رابردوو دەریخستووە لە دارشتنی بودجەی ساڵانەدا پێویستی بە هەماهەنگی وردی نێوان وەزارەتەكان هەیە، بنەمایەكی باشە بۆ وەزارەتی پلاندانان تا میكانیزمی كاریگەرتر بدۆزێتەوە بۆ هەماهەنگی و هاوكاری زیاتری نێوان وەزارەت و دامودەزگاكانی حكومەت.

## پاش پەیامە گرنگەكەی سەرۆكی هەرێم كاتێكی گونجاوە بۆ رەوانەكردنی رەشنووسی پلانە پێنج ساڵییە كە بۆ پەرلەمانی كوردستان

*** فرۆشتنەوەی تەندەرەكان بۆتە دیاردە كە تێچوونی پرۆژەكانی زیادكردووە بۆچی ئالییەتی نییە؟**

ـ ئەگەر سەرنج بدەین مەبەستی سەرەكیی پەیامەكەی جەنابی سەرۆك لەم بوارەدا ئەوەیە كە پێویستە دادپەروەری و شەفافییەت و توانا بكرێنە بنەما بۆ بەخشینی تەندەرەكان. ئەو سێ بنەمایە پێوەری زۆر سەرەكین بۆ جێبەجێ كردنی گرێبەستە گشتییەكان و بەرگرتن لە فرۆشتنەوەی گرێبەست و تەندەر بۆ سوودی تایبەت. بەڵام گرنگە بزانین كە هەندێ جار گواستنەوەی تەندەر لە كەسی یەكەم بۆ چەند لایەنێكی تر یاسا رێگای پێ دەدات، بۆیە دەبێت ئەو جۆرانە جیا بكەینەوە. ئەمساڵ رێنمایی گرێبەستە گشتییەكان لەلایەن وەزارەتی پلاندانان دەرچووە كە پێویستە لە مانگی چوارەوە رێكخستنی گرێبەست و تەندەرەكان بەپێی ئەو رێنماییە بێت، ئەو رێنماییەش لەگەڵ لایەنی نێودەوڵەتی و بانكی جیهانی و لەگەڵ لایەنی پەیوەنداری حكومەتی عێراقی تاوتوێ و ئامادەكراوە. رێنمایی جێبەجێكردنی گرێبەستە گشتییەكان هەندێك رێگای لەبەر چاوگیراوە بۆ ئەوەی رێگا لە فرۆشتنی تەندەر بگیرێت و بەرزترین ئاستی شەفافیەت بەدیبهێنرێت بۆ ئەم بوارە. هەروەها هەر رێوشوێنێكی تری پێویست دەگرینەبەر بۆ بەدیهێنانی پەیامەكەی بەرێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان.

*** وەزارەتەكان زۆربەی كەموكوڕی و گرفتیان لە بواری نەبوون یان كەمی كادیری لێهاتووی پلاندانان هەیە، لەمبارەوە چیتان كردووە؟**

ـ وەزارەتی پلاندانان لە هەرێمی كوردستان تازەیە لە كابینەی پێنجەمدا دامەزراوە، وەزارەت پێنج ساڵە كاردەكات بۆ راپەراندنی ئەو ئەركانەی پێی راسپێردراون بەپێی یاسای ژمارە(٧) ی ساڵی٢٠٠٦. بەپێی ئەو یاسایە ئەركە سەرەكییەكانی وەزارەتی پلاندانان بریتین لە: ئامادەكردنی پلانی ساڵانە، بەرێوەبردنی ئامار و رووپێو و سەرژمێری، پەرەپێدانی هێزی كار لە ناو حكومەتی هەرێم، رێكخستنی پەیوەندییەكان لەگەڵ رێكخراوە بیانییەكان و سەرپەرشتیكردنی كۆنترۆڵی جۆریی (كوالێتی كۆنترۆڵ). ئەم ئەركانە بەپێی یاسا روون و ئاشكران. بۆ هەریەك لەم بوارانەی كاری وەزارەت چەندین كادیرمان هەیە و لەم چەند ساڵەی رابوردوودا توانیومانە چەندین كادر پەروەردە بكەین لەرێگای راهێنانەوە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات. بەڵام زۆرجاریش پشت دەبەستین بە هاوكاری لایەنە دەرەكییەكان، بۆ نموونە لە ئامادەكردنی پلانی (٥) ساڵەدا، وەزارەت پێویستی بە یارمەتی پسپۆڕ و دامەزراوە و دەزگای راوێژكاری دەرەكی هەبوو و ئێمەش دەركمان بەو پێویستیە كرد لەبەرئەوە ئەو پلانەی ئامادەمان كردووە لەگەڵ چەند لایەنی پسپۆڕی دەرەكی راوێژمان كردووە و ئێستاش هەر لە گفتوگۆداین. وەزارەت هێشتا پێویستی بە كادر و شارەزای زیاتر هەیە، بۆ ئەم مەبەستە وەزارەت ساڵانە چەندین كەس دەنێرێتە دەرەوە بۆ راهێنان.

*** لە وەزارەتی پلاندانی عێراق ماوە ماوە نیشانە ئابوورییەكان دەردەكات، بۆچی لە كوردستان ئەو نیشانانە نابیستین، بەتایبەتی لە بواری بێكاری و هەڵاوسان كە بۆ پرۆسەی چاكسازی و پەرەپێدانی ئابووری زۆر پێویستن؟**

ـ هۆكاری ئەوەی كە ئەو كارانە پێشتر نەكراون بەتایبەتی لە ساڵی (٢٠١٠) دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی كە كادیرانی وەزارەت بەتایبەت لە دەستەی ئامار سەرقاڵی بابەتی سەرژمێری بوون و بەتایبەتی پرۆسەكانی پێش سەرژمێری كە نزیكەی (٤٠) هەزار كەس نەك تەنیا وەزارەتی پلاندانان بەڵكو رێژەیەكی زۆری مامۆستایانی وەزارەتی پەروەردە بەو كار و پرۆسەیە خەریك بوون. بەڵام ئەمساڵ ئێمەش بریارماندا‌وە نیشانە ئابوورییەكانی بێكاری و هەڵاوسان لە هەرێمی كوردستان دەربكەین كە هەندێكیان مانگانەیە و هەندێك هەیە سێ مانگ جارێكە، بۆ نموونە لە مانگی داهاتووەوە هەموو مانگێك نیشانەی هەڵاوسان بڵاو دەكەینەوە و هەموو شەش مانگ جارێكیش نیشانەكانی بێكاری بڵاودەكەینەوە.

*** ئەنجومەنی باڵای پلانی ئابووری لە ئەنجوومەنی وەزیران هەیە، ئایا پەیوەندی ئێوە لەگەڵ ئەو ئەنجومەنە چییە و ئێستا چ پلانی ئابووری لە كوردستانە هەیە؟**


ـ ئەنجومەنی باڵای ئابووری دامەزراوەیەكە سەربە ئەنجوومەنی وەزیرانە و سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران سەرۆكی ئەو ئەنجومەنەیە ئەندامەكانی پێكدێن لە هەریەك لە وەزیرانی دارایی، پلاندانان، پیشەسازی، كشتوكاڵ و هەر سێ پارێزگار و سەرۆكی ئیدارەی گەرمیان و سەرۆكی ژوورە بازرگانییەكانی كوردستان و چەند راوێژكارێكی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی

## كێشە و گرفتی سێكتەری كارەبا كاریگەری لەسەر هەموو سێكتەرەكانی تر هەبوو، بۆیە پشكی بودجەی پلانی وەزارەتی كشتوكاڵ كەم بووە

وەزیران، ئەركەكانی ئەنجومەنی ئابووری بەپێی رێكار (نیزام)ی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٨) رێكخراوە. لە كۆبونەوەكانی ئەنجوومەندا بەشێوەیەكی گشتی هەموو بوارە ئابوورییەكانی هەرێم و كێشە و گرفتەكانی تاوتوێ دەكرێن و بریاری گونجاویان لەسەر دەدرێت.

هەر لەهەمان ئەنجومەن بریاری دارشتنی پلانی درێژخایەن بۆ هەموو سێكتەرەكان دراوە. پلانی ئابووری ئەو ئەنجومەنە ئەوەیە كە بایەخی زیاتر بدرێت بە كەرتی تایبەت و ئاسانكاری بۆ بواری وەبەرهێنان بكرێت لەرێگای دەركردنی بریار و رێسا و رێكخستنی كاروباری بانكی و هاندانی بانكە بیانییەكان بۆ كردنەوەی لق لە هەرێم، هەروەها دابینكردنی قەرزی پیشەسازی و كشتوكاڵی و پاڵپشتیكردنی سندوقی نیشتەجێبوون. بەهۆی ئەم بەرنامەیەوە ئێستا گوژمەی پرۆژەكانی وەبەرهێنان زیاتر لە ١٢ ملیار دۆلارە لە سەرمایەی دەرەكیی و ناوخۆیی كە تەرخانكراوە بۆ جێبەجێكردنی پرۆژەكانی وەبەرهێنان.

# دانوستان لەنێوان هەڵچوون و داچوونی هەڵوێستەکان



فەرید ئەسەسەرد

لەو قەیرانەی کەئێستا هەرێم تێی کەوتووە، بەشێوەیەکی سەرەکی سێ سیناریۆ لەئارادایە: سیناریۆی یەکەم، ڕێککەوتنی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنە لەسەر دەرچوون بەڕووسووری لەقەیرانەکە بەجۆرێك کەچارەسەرێکی میانڕەوو پەسندو مامناوەنج بۆ خاڵە ناکۆکەکان بدۆزرێتەوە. ئەمەش چاکترین سیناریۆیە.

سیناریۆی دووەم، نەگەیشتنی لایەنەکانی تەنگژەکەیە بەهیچ ڕێککەوتنێك و درێژەکێشانی تەنگژەکە بۆ ماوەیەکی نادیار کەئەمەش، بەرەچاوکردنی ئەگەری تاوسەندنی ململانێکەو گەیشتن بەبنبەست، دەشێ خراپترین سیناریۆ بێ.

سیناریۆی سێیەم، زاڵبوونی لایەنێکی ململانێکەیە بەسەر لایەنەکەی تردا کەئەمەش بەبێ زەبروزەنگ و دروستبونی ئاشووب و پشێوی نایەتە پێش و هەوڵدان بۆ هێنانە دیی ئەم سیناریۆیە وەك قومارکردن وایە چونکە سەرەنجامێکی مسۆگەری نییەو زۆر هەڕەشەی لێ دەکەوێتەوە.

نەبوونی نەخشە ڕێگایەکی روون و هاوبەش بۆ دەربازبوون لەقەیرانەکە وای کردووە هەڵوێستە سیاسییەکان لەهەڵچوون و داچووندا بن و هیچ بەرچاوڕوونییەك لەئارادا نەبێ. ئەم هەڵچوون و داچوونە بەهەڵوێستی هەردوو لادا دیارە. پێداگرتنی ئۆپۆزیسیۆن لەسەر ئەجیندا ڕاگەیەنراوەکەی شتێکی وای لێ هەڵدەکڕێندرێ کەئەو ئەجیندایە تاکە ئەجیندای شیاوی تاوتوێ کردنە بەڵام رازیبوون بەدانیشتن لەسەر مێزی وتووێژ خۆی لەخۆیدا هەنگاوێکی دروستەو نیشانەی نەرمی نواندنە.

بەهەمان پێودانگ، دەسەڵات لەسەرجەمی سێ هەڵوێستدا لەماوەی یەك هەفتەیەدا، لەدووانیان نەرمیی گونجاوی نیشانداوە. یەکەم راگەیەنراوی هاوبەشی یەکێتیی نیشتمانی و پارتی دیموکرات لەوەڵامدانەوەی داوای هەڵوەشانەوەی حکومەتتدا زبرییەکی ئاشکرای پێوە دیار بوو بەڵام دوو هەڵوێستەکەی پاشتر خاوبوونەوەیەکی ئاشکرایان تێدا دەبینرێ. بانگەوازی ١٠ی نیسانی سەرۆکی هەرێم بۆ دەستپێکردنی دانوستان کەئاشتەوایی و میانڕەویی بەسەریدا زاڵ بوو، دەرەتانێکی لەباری بۆ ئومێد بەخشین بەئەگەری دۆزینەوەی چارەسەر پێکهێنا، بەتایبەتی کەبانگەوازەکە بەڕوونی ئاماژەی بۆ ئامانجی دانوستانەکە کردووە کەکارکردنە بۆ گەیشتن بەچارەسەر. پێشوازیی یەکێتیی نیشتمانی و پارتی دیموکرات پاش دوو رۆژ لەبانگەوازی سەرۆکی هەرێم، بە بەراورد لەگەڵ ناوەڕۆکی یەکەم راگەیەنراویان، هەنگاوێکی پێشکەوتووە، تەنانەت ئەمە یەکەم جارە لە ١٧ی شوباتەوە هەردوولا لەڕاگەیەنراوێکی هاوبەشدا دەستەواژەی «دانووستانی بێ مەرج» بەکار بهێنن. ئەگەرچی ناوەڕۆکی ئەم ڕاگەیەنراوە تەواو جیاوازە لەناوەڕۆکی یەکەم ڕاگەیەنراو، بەڵام دۆزینەوەی پێوەندییەك لەنێوان ناوەڕۆکی بانگەوازی سەرۆکی هەرێم و ناوەڕۆکی دووەم ڕاگەیەنراوی یەکێتی و پارتی، دەشێ ئاماژە بێ بۆ بوونی زەمینەیەکی لەبارتر بۆ بەڕێوەبردنی دانوستان بەگیانی گەیشتن بەسەرەنجام.

سەرەڕای هەڵچوون و داچوونی هەڵوێستەکان و سەرەڕای درێژەکێشانی قەیرانەکە بۆ ماوەی دوو مانگ هێشتا پێوەندییەکان بەبنبەست نەگەیشتون و هێشتا دەرفەتی ڕێککەوتن هەیە. بۆ دەسەڵات، دەربازبوون لەئەگەری بەردەوامبوونی تەنگژەکە بەکەمترین زیان و رزگاربوون لەئەگەری هەڵکشانی گرژییەکان و دەرچوون بەڕووسووری لەقەیرانەکە، نرخی خۆی هەیە و دەبێ بیدا. بۆ ئۆپۆزیسیۆنیش، دەرچوون بەڕووسووری و بەچەردەیەك دەستکەوتەوەو رزگاربوون لەلێپرسراوەتیی ئاڕاستەکردنی شەقامێکی ناکۆنترۆڵکراوو تێوەگلێنەر، دەشێ هاندەر بێ بۆ خاوکردنەوەی گوشارەکانی. بۆ دەسەڵات بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان گۆڕینەوەی سەقامگیری بەچاکسازیی سیاسی بایەخی خۆی هەیە و بۆ ئۆپۆزیسیۆن بەدی هێنانی هاوسەنگی لەنێوان بەدەست هێنانی دەستکەوتی گونجاوو لەدەست نەدانی شەقام لەپێشی پێشەوەیە. بەدی هێنانی ئەم دوو هاوسەنگییە بەو ئەندازەیەی کەهەر لایەك هەوڵی بۆ دەدا، چانسی ڕێککەوتن زیاتر دەکا و دەرفەتی دەربازبوون لەقەیرانەکە بەشێوەیەکی باشتر دەڕەخسێنێ.

# لەساڵیادی گۆڤاری گوڵاندا..هەنگاوی نوێتر بۆ پەرەپێدانی مرۆیی



عەبدولڕەحمان سدیق

ئەگەر پیرۆزبایی گەرم لەساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان و، دەستخۆشیی لەستافی گۆڤارو چاوڕوونیی لەکارمەندانی، ئەرکێکی مرۆیی نووسەرو خوێنەران بێت، ئەوا لام وایە ئەرکی گەورەتر بریتییە لەخستنەڕووی ئەو پێشنیارانەی کەبۆیان هەیە ببنە هۆکاری زیاتری بەرەوپێشبردنی گۆڤارەکە، ئەم تەوەرانەی لای خوارەوەش کە لام وایە بەشێکن لەو هۆکارانە بەئاراستەی پەرەپێدانی مرۆیی :

یەکەم : وەرگرتن و وەرگێران لە گۆڤارە جیهانییە ناودارەکانەوە، بنیاتنانی پردێکی پێوەندیی فەرمیی لەگەڵ گۆڤارە بیانییە هاوشێوەکان بەمەبەستی گواستنەوەی ئەزموونی جیهان بۆ کوردستان، چونکە حەقیقەتەکان وەك پارچە جیاجیاکانی ئاوێنەیەك، لە زۆر شوێنن و لای زۆر کەسن، لێرەوە گوڵان دەتوانێت ئەو پردە بێت بۆ گۆڕینەوە و ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموونەکان .

ئەمڕۆش گشت هۆکارەکان لە چەشنی فڕۆکەو،کەشتی و ئۆتۆمۆبێل و مۆبایل و فاکس و ئیمێڵ و چات و پێگە ئەلکترۆنییەکان و ڕۆژنامەو گۆڤارو ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و کتێب و کاسێت و سیدی و ..تاد، بوونەتە پردی بە یەکگەیشتن لەنێوان تاکەکان و گەلان لەسەرتاسەری جیهاندا.

ئێمە لەم سەردەمی جەنجاڵیی و قەرەباڵغیەدا، زۆر پێویستیمان بەبنیاتنانی پردی کەلتووریی هەیە

بۆ جیهانناسین و، پرد لەگەڵ ئەوانەی لە نزیك و دووری ئێمەوە دەژین و بەجەستە زۆر دوورین لێیانەوە بەڵام بە ناخ زۆر نزیك . پرد لەگەڵ ڕابردوودا، بۆ هێنانەوەی وتە و قسە جوانەکان، پرد لەگەڵ ئاییندەدا، بۆ دڵنیا بوون لەو ڕووبەرەی بەنیازین بەرەو ڕووی بڕۆین.

ئێمە پێویستمان بە جووڵەی بەردەوامە بۆ بەیەکگەیشتن، کاتێکیش خەڵکانێك بەرژەوەندیان لەدابڕان و، ڕووخاندنی پردەکاندا بووە، دەبێت ئەوانەی بەرژەوەندییان لە بەیەکگەیشتنە، پردەکان بنیات بنێنەوە چونکە پردەکان بێلایەنانە هەموو ئەو کەسانە بەیەکتر دەگەیەنن بەسەریاندا دەپەڕنەوە.

لەبەر هەموو ئەمانەی باسمان لێوە کرد، سەیر نییە کە ئەمڕۆ یەکێك لە پێناسە نوێیەکان بۆ کەلتوور بریتییە لەوەی کە کەلتوور خۆی لە خۆیدا بەرەنجامی بەیەکگەیشتن و کۆمیۆنیکەیشنە چونکە ئەوی دی، مرۆڤی دی، تەنیا جەستەیەك نییە وەك ئێمە دەیبینین، بەڵکو هەموو ئەوی دییەك مەعریفەیەکە بۆ خۆی هۆکارێکی گەورەی گۆڕینەوەی ئەزموونەکانی مرۆڤایەتییە کە تیایدا لەبەیەك گەیشتنی هەردوو کەسێکدا وەك بیرکاری یەك کۆ یەك دەکاتە (دوو)، بەڵام لە ڕووی کەلتوورییەوە یەك کۆ یەك دەکاتە (سێ)، چونکە هەر یەکێك ئەزموونێکەو، لە بەیەك گەیشتنی هەردوو ئەزموونەکەدا زۆرجار ڕێگەیەکی نوێ دێتە ئاراوە، یان ڕێگەی سێیەم و ڕای سێیەم لەدایك دەبێت .

لە بەیەك گەیشتندا باشترینی هەردوولاو، هەردوو بۆچوونەکان موتوربە دەکرێن، بۆیە زیادەڕەویمان نەکردووە ئەگەر بڵێین زانستی گواستنەوەو گەیاندن هۆکاری یەکەمی پێشکەوتنەکانە، چونکە مرۆڤ کە جووڵەی کرد ڕێگەی پێویستە لە ڕێگاشدا کەندو کۆسپ هەیە، لێرەوە مرۆڤ پردی دروست کرد .

دروستکردنی پردەکانی کەلتوور، سەرەتایەك بوو بۆ پەڕینەوە بۆ ئەوبەر، بۆ جیهانێکی دی، بۆ ئەزموونێکی دی، بۆ یەکگەیشتن، بۆ لەیەکگەیشتن .

پردەکانی نێوان کەلتوورەکانی جیهان، لە مەترسی کەندو دۆڵەکان دەمانپارێزێت و، لەکەم کردنەوەی کاتی بەفیڕۆدراودا یارمەتیمان دەدات و، لە کۆکردنەوە تواناکان و، گۆڕینەوەی ئەزمونەکانیشدا هاوکاریمان دەکات

پردەکانی نێوان کەلتوورە جیاوازەکان، پڕکردنەوەی بۆشاییەکان، نەهێشتنی کۆسپ و کەندەکان، پەڕینەوەن بەسەر ڕووبارو ئاوەکانداو، نەهێشتنی دیاردەی دابڕانن .

گەشتە ئاسایی و گەشتە زانستیەکانیش پردی گۆڕینەوەو بەدەستهێنانی شتی تازەن، ڕێك وەك ئەوەی ڕۆژهەڵاتناسەکان کە پەڕینەوە ئەمبەر، شتی زۆریان زانی و ئەزموونی زۆر فێربوون .

ئەمڕۆش ئێمە پێویستیمان بە جووڵەیە، بەگەڕانە، بەگەشتە، جووڵەش ڕێگای دەوێت لە ڕێگاشدا پردێك یان زیاتر پێویستن بۆ ئەوەی ڕێگا لەیەك دابڕاوەکان پێکەوە گرێ بدەن ..

لە ڕووی زەمانیشەوە ئەمرۆیەکی گەش پێویستی بە پردێك هەیە لە نێوان ئەزموون و حیکمەتەکانی ڕابردوو، خەونەکانی ئاییندەدا، دوور لە هەستیاریی ..دوور لە ترسان . دوور لە ڕق و کینە، بۆ ناسینی گشت نەناسراوێك پەڕینەوەو بەیەك گەیشتنمان پێویستە، لێرەوە پردی پێوەندیی، وەك هۆکارێکە بۆ پەڕینەوە، دەرفەتێکیشە بۆ شتی نوێ و، جیهانێکی نوێ

دووەم : بایەخدان بەگەورەترین کێشەی سەردەم کەئەویش کێشەی ژینگەوپەرەپێدانە، چونکە بەدەرکەوتنی شوێنەوارە نیگەتیڤەکانی پێشکەوتنی مرۆڤ لەبواری پیشەسازیی و بیناسازیی و داهێنانی چەندین مەکینەو دروستکردنی زۆرێك لەکارگەو زیادبوونی لە

ڕادەبەدەری هۆکارەکانی گواستنەوە، زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان، بەکارهێنانی بێ سنووری پێکهاتەکانی ژینگە، گوێ نەدان بەچارەنووسی نەوەکانی ئاییندە، زیادبوونی زۆری ڕووبەری خانووبەرە، کەم بوونەوەی ڕووبەری سەوزایی، کشانی ئاسۆیی شارەکان، زیادبوونی دەنگ و ژاوەژاوی کارگەو هۆکارەکانی گواستنەوە، تێکئالآنی دیمەنە ناهۆرمۆنییەکان و تێکدانی هەستی بینین، کەمی هۆشیاری ژینگەیی و بایەخ نەدان بەشوێنەوارەکانی پرۆژە ئەنجامدراوەکان و...تاد، هەموو ئەمانە پاڵی بەزۆرێك لەتوێژەرو کاربەدەست و هاوڕێیانی ژینگەوە ناوە کەهەڵوێستەیەك بکەن لەئاست ئەم کێشە زۆرانەدا، بۆیە دەنگی نارەزایی و هاواری ترسناکیی و ئاگادارکردنەوە لەزۆر لاوە بڵندبۆتەوە، بۆ بەرجەستەکردنی ئەم خەمخواردنەش تادێت دەستەو کۆمەڵەو گرووپ و لیژنەو وەزارەتی تایبەت بەژینگە لەوڵاتان دێنە ئاراوە، بەجۆرێك کەرۆژ نییە لەدەزگاکانی راگەیاندن یان گۆڤارو بڵاوکراوە تایبەتەکانەوە باس لە پیسبوونی ژینگەو مەترسیەکانی پیسبوون نەکرێت.

وڵاتی ئێمەو هەرێمی ئێمەش لەسایەی دەستکردن بەپەرەپێدانی فراوان واچاوەڕوان دەکرێت لەماوەی ساڵانی داهاتوودا بەشێوەیەکی بەرچاو گرفتەکانی پیسبوونی تێدا دەربکەوێت، پاش گۆڕانی بەرەو ژینگەیەکی پیشەسازیی و پڕبوونی شارەکانی بە دانیشتووان و شەقامەکانیش بەهۆکارەکانی گواستنەوە، زیادەڕەویی لەبەکارهێنانی سامانی سروشتیی، بەکاربردنی بێ پلانی زانستیی و ئاستێکی بەرزی هۆشیاری ژینگەیی و ژینگەی رۆشنبیرییدا.

بۆیە ئەرکی پاراستنی ژینگەو چاککردنی، ئەرکێکی نیشتمانی و مرۆییە، لەهەمانکاتیشدا ئەرکێکی ناوخۆیی و جیهانییە، هەروەك ئەرکی تاك و کۆمەڵگەش لەهەمانکاتدا.

پسپۆڕان و کاربەدەستانی بواری ژینگە ئەمڕۆ لەجاران زیاتر ئەرکی هۆشیارکردنەوەو ئامادەکردنی باس و لێکۆڵینەوەو ئەنجامدانی ئەو میکانیزمەیان دەکەوێتە ئەستۆ، کەدەتوانرێت بەهۆیانەوە شوێنەوارەکانی ماددە پیسکارەکانی ژینگە نەهێڵن یان کەم بکرێنەوە.

پیسبوونی ژینگە ئەمڕۆ بۆتە یەکێك لەو هۆکارانەی کەئاسایشی گشت جیهانی خستۆتە بەر هەڕەشەو مەترسییەوە، چونکە پیسبوونی ژینگە سنورە سیاسی و ئیدارییە دەستکردەکان ناناسێت و پیسبوونی پێکهێنەرەکانی لەهەر شوێنێکی دنیادا، کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر شوێنەکانی تریش لەجیهاندا.

ئێمەش کەبەشێکین لەم دنیایەو لەسەر یەك خاك دەژین و یەك چارەنووس لەگەڵ تەواوی جیهاندا کۆمان دەکاتەوە، ئەرکی سەرشانی هەر یەکەمانە بەپێی تواناو لەسنوری زانیارییەکانی خۆی و پێگەی بەرپرسیارێتی خۆیدا، هەنگاوێك بنێت لەڕێگەی دوور و درێژی پاراستن و چاککردنی ژینگەدا.

لێرەوەیە کە گۆڤاری گوڵان دەتوانێت ئەو سەکۆ هەفتانە بێت و، ئەو بڵندگۆ بەردەوامە بێت کەلاپەڕەیەك یان زیاتری تەرخان بکات بۆپاراستن و چاککردنی ژینگە لەهەرێمی کوردستاندا.

سێیەم : سەبارەت بەلاپەڕەکانی هەمەڕەنگ ولاپەڕەکانی دواوە، زۆرم لامەبەستە کەگوڵان بتوانێت داهێنانێکی پەروەردەیی ئەنجام بدات و، جیاواز بێت لەگشت گۆڤارەکانی دی، ئەویش لەبڕگەیەکی زۆر باودا کە دۆزینەوەی جیاوازیی نێوان دوو وێنەی لەیەکچووەو، گۆڕینی بەدۆزینەوەی لەیەکچوون لەنێوان دوو وێنەی جیاوازدا، چونکە پێکەوەژیان وەکو ستراتیژ (پرۆسەیەکی درێژخایەنە و، دەیان ساڵ کارکردنی بەردەوامی دەوێت لە چوارچێوەی (پرۆژە) ی کرداریی تەمەن جیاجیادا و، پێویستیشە رۆژانە (پرۆڤە)ی جۆراوجۆری لەسەر بکەین بۆ ئەوەی باشتر و چاکتر بتوانین یەکتر قبوڵ بکەین بە جیاوازییەکانی نێوانیشمانەوە.

یەکێك لەو پرۆڤانەی کە پێویستە لە قۆناغی منداڵییەوە دەستی پێ بکەین ئەوەیە، کە منداڵانمان پەروەردە بکەین لەسەر داننان بە جیاوازبوونی بەرامبەر و، دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکانیش لەگەڵ بەرامبەری جیاوازدا.

بەڵام ئەوەی لە تەمەنی منداڵیی خۆمانەوە بینیومانە و بینیوتانە ئەوەیە کە لە دوا لاپەڕەکانی زۆربەی گۆڤارەکاندا بەگشتیی و، گۆڤارە پەروەردەییەکانی منداڵاندا بەتایبەتی، دوو وێنەی لەیەکچوو دەخرێنە بەرچاوی خوێنەران و، داوایان لێدەکرێت کە لە ماوەیەکی زۆر کورتی دیاریکراودا (هەشت) یان (دە) جیاوازیی لەنێوان هەردوو وێنە لەیەکچووەکە بدۆزنەوە.

بەم شێوەیەش کەلتوری دۆزینەوە و زەقکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان وێنە لەیەکچووەکان دێتە ئاراوە، کە دەیان ساڵە مرۆڤی لەسەر پەروەردە دەکرێت.

لام وایە ئەگەر مەبەست بەهێزکردنی وردبینی و دووربینی منداڵان بێت لەم کارەدا، ئەوا دەکرێت هەمان ئامانج وەدەست بهێنین بە شێوازێکی تەواو پێچەوانە!.

با بێین داوا لە خوێنەران بکەین کە لە نێوان دوو وێنەی جیاوازدا (هەشت)، یان (دە)، یان زیاتر خاڵی هاوبەش و لەیەکچوو بدۆزنەوە، بەم شێوەیەش کارکردنمان بە ئاراستەی پەروەردەکردن دەبێت لەسەر کەلتوری دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکانی نێوان جیاوازەکان و، شتە لەیەکەچووەکانی نێوان وێنە جیاوازەکان.

ئەم شێوازی کارکردنەش زۆر گرنگە، چونکە هەنگاوێکی تازەیە بە ئاراستەی بەهێزکردنی گیانی پێکەوەژیان، کە لە سەرەتادا پێویستی بە دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش و دیمەنی لەیەکچوو هەیە.


جا بۆیە با خۆمان لەسەر ئەوە پەروەردە بکەین کە لە نێوان وێنە جیاوازەکاندا خاڵی هاوبەش و لەیەکچوو بدۆزنەوە، نەك لە نێوان وێنە لەیەکچووەکاندا خاڵی جیاواز و دژ بە یەکتر بدۆزنەوە !

ئەم سەرنجە تایبەتە لەوانەیە بەقەبارە بچووك بێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە لەئاکام و ڕووبەری ژیانی رۆژانەدا کاریگەریی گەورەی هەیە لەبواری دووبارە داڕشتنەوەی بیرکردنەوەی تاکی کوردستانیدا.


کردستان

## لەساڵیادی رۆژنامەی کوردستان و ساڵوەگەڕی دامەزراندنی گوڵان

# ئاستی پێشکەوتنی میدیا وەک پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی سیستمی سیاسیی



(ئەگەر مەبەست لەو قۆناغەی پێی دەوترێت قۆناغی وەرچەرخان، وەرچەرخان بێت لەنێوان سیستمی کۆنی تۆتالیتاری بۆ سیستمی نوێی دیموکراتی و لەبنەڕەتیشدا گۆڕانکارییەکی ریشەیی بێت لەنێوان هەردوو سیستمەکە، ئەوا هەموو خەڵک چاوەڕێی ئەوەیە ئەو گۆڕانکارییانە بەراستی تۆمار بکرێن و لەهۆیەکانی راگەیاندنەوە بەڕاشکاوی رەنگدانەوەی هەبێت. لە وڵاتانی رۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەوروپا یەکێك لە گەورەترین ئەو کێشانەی رووبەڕووی هەوڵەکانی دروستکردنی سیاسەت یان سیستمێکی سەرکەتوو بۆ میدیا دەبێتەوە ئەوەیە، میدیا لەو وڵاتانە رووبەڕووی کۆمەڵێك کێشە دەبێتەوە و دەبێت چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، کە لەوڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا پێش نزیکەی چوار سەدە چارەسەری بۆ دۆزراوەتەوە).



کارۆڵ جاکۆبیز

بۆ دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو کە لە دەستپێکی پرۆسەی بونیادی نەتەوەو قۆناغی ڕاگواستنی دیموکراتین، سەرکەوتن و شکستی نەتەوە و میدیا پێکەوەیە و ئەگەر میدیا سەرکەتوو بوو، پرۆسەکەش سەرکەتووە و پێچەوانەکەشی ڕاستە، ئەوجا لێرەوە سەبارەت بە بەکارهێنانی وشەی نەتەوە وەك مەجازێك لە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەدا (nation-building) ئاماژەیە بۆ پرۆسەی بونیادنانی دامەزراوەکانی دەوڵەت بۆ هەنگاو هەڵگرتن بەرەو دیموکراسی دامەزراوەیی، هەربۆیە کاتێك دەڵێین میدیا ناسنامەی سەرکەوتن و شکستی نەتەوەیە، واتە مەبەستمانە بڵێین، سەرکەوتنی پرۆسەی دامەزراوەکانی دەوڵەت و بونیادی ڕۆشنبیری دامەزراوەیی بۆ هەڵسوڕاندنی دامەزراوە نوێیەکانی سیستەمی دیموکراتی، ڕاستەوخۆ پێوەندی بەئاستی میدیا هەیە و تاچەند ئەو سەرکەوتنە یان ئەو شکستە لە نێو میدیا ڕەنگدانەوەی هەیەو تۆمار کراوە، سەبارەت بەم لایەنە جۆزیف پۆلیتزر خاوەنی ڕۆژنامەی نیویۆرك وۆرلد لە ساڵی ١٨٩٢ بەمجۆرە پێناسەی کاریگەری ڕۆژنامەگەری نووسیوە دەڵێت: (کۆمارەکەمان و ڕۆژنامەگەریمان پێکەوە سەردەکەون و پێکەوە شکست دەهێنن، ڕۆژنامەگەری بەشکۆ، پاك، کەتەنیا بایەخ بە بەرژەوەندی گشتی دەدات و ئەقڵە زیرەك و مەشقپێکراوەکان بەمەعریفە هەڵیدەسوڕێنن، خاوەنی ئەو بوێرییەن کە ئامانجەکانی بەدیبهێنێت و توانای هەیە پارێزگاری لەخێری گشتی بکات، بەبێ ئەو جۆرە ڕۆژنامەگەرییەش حکومەتی نوێنەرایەتیمان بێجگە لە وێنایەکی ڕووکەش شتێکی دیکە نابێت، بەڵام ڕۆژنامەگەرییەك کە بەگومانەوە سەیری بەهاکانی مرۆڤایەتی بکات و ڕۆڵی ئاژاوەگێڕی لەکۆمەڵگە بگێڕێت، ئەوا بەتێپەڕبوونی کات گەلێکی خراپی وەك خۆی بەرهەم دەهێنێت، هەربۆیە دەسەڵاتی دارشتنەوەی کۆمارەکەمان لە ئاییندە، لەدەستی ڕۆژنامەنووسانی نەوەی داهاتوومانادا دەبێت)، ئەوەی پۆلیتزر پێش ١١٩ ساڵ ئاماژەی پێکردووە، لەساڵی ٢٠٠٥ جارێکی دیکە پرۆ فیسۆر کارۆڵ جاکۆبیز ئەندامی ئەنجوومەنی کاروباری ناوخۆی حکومەتەکان لەرێکخراوی یونسکۆ و لەراپۆرتێکیدا بەناونیشانی (تێڕوانینێك بۆ پەرەپێدانی میدیا لەدەوڵەتانی پۆست

**باربارا بارێنت بۆ گۆلان:**



## جۆن میلتۆن دەڵێت: هاووڵاتیان پێویستیان بە هەموو جۆرە زانیارییەک هەیە بۆ ئەوەی بتوانن بڕیار بدەن، لەبەر ئەوەی ئەگەر هاووڵاتیان هەموو ڕاستییەکان بزانن، ئەوا دەتوانن باشترین بڕیاربدەن

کۆمونیست) بەمجۆرە پێناسەی باری میدیای لەو دەوڵەتانە کردووە دەڵێت: (فەراهەمکردنی ئازادی ڕادەربڕین لەقۆناغی ڕاگواستندا لەگەڵ ئەوەی دەبێتە ئۆکسجین بۆ بونیادی دیموکراتی، لەهەمانکاتدا زانیارییەکانی نێو میدیاکانیش دەبنە گازی پێکەنین هێن بۆ کات بەسەربردن و بازرگانییەکی قۆرخکراو بەدەست چەند کەسانێکەوە، هەر بۆیە کاتێك لەقۆناغی ڕاگواستندا خەڵك بەم شێوازە میدیا دەبینن هەست بەجۆرێك لەهێدمە و شۆك و نائومێدی دەکەن). کەواتە وەك پرۆ فیسۆر جاکۆبیز ئاماژەی بەو قۆناغە هەستیارە کردووە، کێشەی سەرەکی لەو کاتەدا دروست دەبێت کە بیر لەوە دەکەینەوە سیستەمێکی نوێ یان پلانێك بۆ ماسمیدیا دابنرێت، هەست دەکەین پاشماوەی کەلتووری سیستەمە کۆنەکە بە جۆرێك لە کۆمەڵگە زاڵە کە ڕێگر و ئاستەنگ لەبەردەم ئەو هەوڵانە دروست دەکات کەدەیەوێت سیاسەتێکی گشتی بۆ ماس میدیا دابڕێژێت، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کەلتووری سیستەمە کۆنەکە بەوجۆرەیە ((هەموو دەیانەوێت گوێ لە دەنگی خۆیان بگرن و ڕانەهاتوون گوێ بۆ دەنگەجیاوازەکان ڕابگرن)). ئەمە لە کاتێکدا پێویستە میدیا کۆنترۆڵی باری کۆمەڵایەتی بکات و سەکۆیەك بێت بۆ وتووێژی جددی نێوان بۆچوونە جیاوازەکان و هەڵسەنگاندنی خەڵك بۆ ئەو مەسەلانەی کە ئەمڕۆ لە وڵاتدا بوونیان هەیە.

### ئەرکەکانی میدیا لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا

ئەو وڵاتانەی لەدەستپێکی پرۆسەی بونیادی دیموکراتین بەقۆناغێکدا تێدەپەڕن کە دەکرێت پێیان بگوترێت قۆناغی ڕاگواستنی سەرتاسەری، ئەمەش مانای ئەوەیە گۆڕینی سیستەمی میدیاش پێویستە وەك پرۆسەیەکی دوورمەودا سەیر بکرێت، لەمەش زیاتر دەکرێت گۆڕینی سیستەمی میدیا وەك پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی سەرکەوتنی پرۆسە دیموکراتیەکە سەیر بکرێت، لەبەر ئەوەی دیارترین ئەو گۆڕانکارییانەی لەماوەی گواستنەوە بەسەر کۆمەڵگە و باری کۆمەڵایەتیدا دێت، هەمووی لە میدیاکان ڕەنگدەداتەوە، لەم گۆشە نیگایەشەوە هەست دەکەین گۆڕانکارییەکانی میدیا باشترین ئاماژەیە بۆ هەست بە گۆڕانکاری لە کۆی سیستەمە سیاسییەکەدا. لێرەدا ئەگەر ئەزموونی هەرێمی کوردستان وەك نموونەیەك لەم ڕاپۆرتە هەڵبسەنگێنین، ئەوا دەبێت ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین: (ئایا کەی قۆناغی وەرچەرخان تەواو دەبێت؟ ئایا چۆن دەتوانین ئەو جیاوازییەی کە لەقۆناغی پێش ڕاپەڕین و دواتر لەمیانەی ئەزموونی دیموکراتی هەرێمی کوردستان بەدەست هاتوون هەڵوێستەیان لەسەر بکەین؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە پێمان دەڵێت زۆرجار پرۆسەی بڕینی قۆناغی گواستنەوە لە گەشتەکەی کریستۆ فەر کۆلۆمبوس دەچێت، ئەمەش لەو ڕووە کە کۆلۆمبوس نەخشەی گەشتەکەی بەو جۆرە دارشتبوو کە ڕێڕەوێکی ئاویی دیکە بۆ هیندستان بدۆزێتەوە، بەڵام سەرەنجام ئەوەبوو لەبری ئەوەی بگاتە هیندستان ئەو لە ئەمریکا سەریهەڵدایەوە، ئەمەش واتە ئامانجی گەشتەکە لەگەڵ ئاکامی گەشتەکە تەواو تەواو لێکجیاواز بوون، لە هەندێك پرۆسەی ڕاگواستن بەرەو دیموکراتیش ڕاستە هەنگاوەکان لەسەرەتاوە بۆ گەیشتن بە دیموکراتی هەڵدەگیرێن، بەڵام کە دەگەینە کۆتایی پرۆسەکە هەست دەکەین ئاکامی هەنگاوەکانمان تەواو پێچەوانەی

ئامانجەکانمان.

ئەوجا لێرەوە بۆ ئەوەی میدیای کوردستانیش بەهاوشێوەی بەرنامەکەی کۆلۆمبووس ئاکامەکەی پێچەوانە نەبێتەوە، ئەوا گرنگە لەسەرەتاوە قسە لەسەر ئەرکەکانی میدیا بکەین، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر باربارا بارێنت ئوستادی رۆژنامەگەری لە زانکۆی کەنساس و تایبەتمەند لە بواری کۆمەڵگە و رۆژنامەکردو لەوەڵامدا بەگوڵانی راگەیاند: (من کۆرسێك دەڵێمەوە کە پێی دەڵێن «راگەیاندن و کۆمەڵگە»، ئەمەش کۆرسێکی سەرەتاییە بۆ قوتابیانی رۆژنامەگەری لە زانکۆکە. ئێمە لەبارەی بەهای رۆژنامەگەری ئازادەوە قسە دەکەین. ئایدیای جیفرسۆن ئەوەبوو ئێمە حکومەتێکمان هەبێت کە هاوولاتیان تێیدا یاسادانەربن. تێڕوانینەکەی ئەو ئەوەبوو کە پێویست بەدابینکردنی ئازادانەی زانیاری دەکات، بۆ ئەوەی هاوولاتیان مەعریفەیان هەبێت تا دواتر بڕیاری باش لە بارەی حکومەتەکەیانەوە بدەن. دەبێت راگەیاندن «چاو و گوێی» خەڵك بن و چۆنییەتی ئەنجامدانی کارەکان لەلایەن حکومەتەوە بۆ هاوولاتیان روونبکەنەوە. راگەیاندن حکومەت دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتیەکانییەوە لەرێی بڵاوکردنەوە و پەخشکردنی کاری بەرپرسە هەڵبژێردراوەکانەوە. جۆن میلتۆن نووسیویەتی - هاوولاتیان پێویستیان بە هەموو جۆرە زانیارییەك هەیە، تەنانەت زانیاری خراپیش، بۆ ئەوەی بتوانن بڕیار بدەن-. لۆجیکی ئەو ئەوەبوو کە ئەگەر هاوولاتیان هەموو راستییەکان بزانن، ئەوا دەتوانن باشترین بڕیاربدەن. یەکێك لەو سکالایانەی لەبارەی راگەیاندنی ئەمریکاوە دەکرێت ئەوەیە زۆر نوخبەوییە و لەخەم و نیگەرانییەکانی خەڵکی ئاسایی تێناگات. تەکنۆلۆجیای نوێ، وەك ئینتەرنێت، دەتوانێت دەرفەت بۆ هەموو هاوولاتیان بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی دەنگی خۆیان بگەیەنن، کەواتە ئەمە شتێکی سوودبەخشە. هەروەها ئەمانە ئامرازگەلێکن کە رۆژنامەنووسە پیشەوەرەکان دەتوانن بەکاریان بهێنن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری. یەکێك لە نیگەرانییەکانی من ئەوەیە لە بواری ئینتەرنێتدا لێکۆڵینەوە لە راست و دروستی ئەو زانیاریانە ناکرێت کە بڵاودەکرێنەوە، بەڵام کاتێك من لەگەڵ یەکێك لەو کەسانەدا قسەم کرد کە زانیاری لەسەر تۆڕی

**ساندی داڤیسۆن بۆ گوڵان:**



## رۆژنامەنووسی پیشەگەر ئەوەیە بەدوای راستییەکاندا دەگەڕێت و لەڕاستی و دروستی زانیارییەکان دەکۆڵێتەوە، هەروەها هەوڵدەدات لایەنەکانی دیکەی مەسەلەکە بخاتەڕوو و ئاشکرایان بکات

ئینتەرنێت بڵاودەکاتەوە و زانیارییەکی هەڵەی بڵاوکردبۆوە، ئەو وتی ئیمەیلێکی زۆریان بۆ ناردووە کە زانیارییەکەی هەڵەیە، کەواتە بیروبۆچوونەکەی لەلایەن خەڵکییەوە لێکۆڵینەوەی بۆ کراوە. هەربۆیە من بەقوتابییەکانم دەڵێم دەستووری ئەمریکا زەمانەتی کاری ئێوە دەکات. کەواتە متمانەییەکی پیرۆز دراوە بەم کارە، لەبەر ئەوە دەبێت کارەکەیان زۆر بە جددی وەربگرن. لە زانکۆی ئێمە قوتابیان بەشداری پێدەکەین لە وانەی بڕیاردانی ئەخلاقیانەدا. من بە قوتابییەکانم دەڵێم دەتوانن بچنە ئەو شوێنانەی کە زۆرێك لە هاوولاتیان ناتوانن. ئەوە ئەرکی ئەوانە کە ئەوەندەی پێیان دەکرێت هەواڵ و زانیاری ورد و تەواو لەبارەی ئەو رووداوانەوە بدەن کە دەیانبینن. کاتێك دڵنیانین لەوەی چ بڕیارێك بدەن، من پێشنیاردەکەم ئەو پرسیارە لەخۆیان بکەن: ئایا خەڵکی تا چ رادەیەك سوودمەند دەبێت ئەگەر ئەم زانیارییەیان پێبگات؟ هەربۆیە من وای دەبینم تەکنۆلۆژیا رۆژنامەگەری دەگۆڕێ--شێوازی کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوە پەخشکردنی زانیاری لەلایەن رۆژنامەنووسەوە دەگۆڕێت، شێوازی وەرگرتنی زانیارییەکان لەلایەن هاوولاتیانەوە دەگۆڕێت. شتێکی سەرنجراکێشە من بتوانم هەواڵەکان لەسەر تۆڕێکی جیهانی بخوێنمەوە و لە ساتەوەختی رووداندا رووداوەکاندا لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن بیانبینم، لەبەر ئەوەی لەبیرمە کە سەردەمێك هەبوو شتێکی وا مومکین نەبوو. هەندێ لە قوتابیەکانم پێم دەڵێن کە زانیارییەکی زۆر هەیە و زەحمەتە بتوانیت موتابەعەی هەموویان بکەیت، لەبەر ئەوە کاتێك هەندێ زانیاری پشتگوێ دەخەن، ئەوا ناچارن موتابەعەی هەندێ زانیاریش بکەن لەبەر ئەوەی زانیارییەکان زۆر زۆرن. من باوەڕم وایە لە داهاتوودا هاوولاتیان دەبنە «رۆژنامەنووس» و» موحەریر» بەو مانایەی کە دەتوانن شەن و کەوی هەواڵەکان بکەن و بڕیار بدەن کە بایەخ بە چ زانیارییەك بدەن. لەگەڵ ئەوەشدا، من دەڵێم ئێستا زانیارییەکان ئەوەندە زۆرن کە لە هەموو کاتێکی دیکە زیاتر پێویستمان بە رۆژنامەنووسان هەیە بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدەن لەوەی چی لەسەر ئەم «هەسارە» بچووکەی ئێمە روودەدات. پێویستمان بە رۆژنامەنووسانە بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدەن لە رووداوەکان تێبگەین و لەوە تێبگەین چۆن پرسە جیهانییەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر ژیانی تاکەکەسی ئێمە. من بەم دواییە لەیەکێك لە ئیدیتۆرەکانی رۆژنامەیەکی ئەمریکیم بیست وتی رۆژنامەنووسان دەبنە «دروستکەر» و «بڕیاردەر لەچۆنییەتی بڵاوکردنەوەی» زانیاریەکان لە کۆمەڵگەکانی خۆیاندا، من باوەڕم وایە راستە)).

لەلایەکی دیکە و سەبارەت بەوەی لەهەندێ وڵات بەیاسا کاری رۆژنامەگەری رێکدەخرێت و لەهەندێك وڵاتی دیکە یاسا نییە و تەنیا پاکتی ئاکاری رۆژنامەگەری پرۆفیشناڵ هەیە، پرسیارمان لە پرۆفیسۆری یاسا خاتوو ساندی داڤیسۆن کرد لە زانکۆی میزوری بۆ رۆژنامەگەری سەبارەت بەم لایەنە لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان وتی: (شتێکی باشە ئەگەر لە یەك کاتدا رێسا و یاسا و بنەمای ئەخلاقیت هەبێت بۆ رێکخستنی کاری راگەیاندن، لە بەریتانیا لیژنەیەك هەیە کە خەڵکی سکاڵاکانی خۆیان لە دژی رۆژنامەکان رووبەڕووی ئەم لیژنەیە دەکەنەوە، واتە بۆ چارەسەری ئەو سکاڵایانەی هەیە روو لەم لیژنەیە دەکەن نەك لە دادگاکان، رەنگە دادگاکان

# زۆربەی رۆژنامەکانی کوردستان گواستنەوەیەکی نەوعیان بەخۆیانەوە بینیوە و هەنگاویان ناوە بەرەو ئاڕاستەی کاریگەری پۆزەتیڤ و کاریگەری پیشەیی و کاریگەرن لەسەر ڕای گشتی

موئەیەد لامی بۆ گوڵان:



باشترین لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی سەپاندنیان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پرۆسەیە لە دادگاکاندا کاتێکی زۆر دەخایەنێت، هەروەها تێچوونێکی زۆریشی دەوێت، هەربۆیە دەتوانین بڵێین ڕاگەیاندن باش ڕاستیەکان بڵاو دەکاتەوە، ڕاگەیاندنی باش تەشهیر و لەکەدارکردن ناکات، ڕاگەیاندنی باش زانیاری چەواشەکارانە بڵاو ناکاتەوە، ڕاگەیاندنی باش ئەو زانیاری و بابەتانە بڵاو دەکاتەوە کە پێویستە خەڵك بیانزانن و ئاگاداریان بن، هەروەها دەبێت زانیاری لەسەر بابەتە بەرفراوانەکان بڵاو بکاتەوە، ڕاستە هەواڵ و زانیارییەکانی پەیوەست بە حکومەتەوە گرنگن، بەڵام نابێت بابەتە کۆمەڵایەتیەکان و پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆجیا و هەروەها پرسەکانی پەیوەست بە ژینگەوە پشتگوێ بخات. هەروەها ڕۆژنامەنووسی پیشەگەریش ئەوەیە بە دوای ڕاستیەکاندا دەگەڕێت، لە ڕاستی و دروستی زانیاریەکان دەکۆڵێتەوە، هەروەها هەوڵدەدات لایەنەکانی دیکەی مەسەلەکە بخاتەڕوو و ئاشکرای بکات، هەروەها ئەو کەسانەن کە لە کۆلێژ و دامەزراوەی تایبەتدا ڕۆژنامەگەریان خوێندووە، لە ئەمریکا بە چەشنی پزیشك مۆڵەت بە ڕۆژنامەنووسان نادرێت بۆ ئەوەی کار بکەن، بەڵام ڕۆژنامەنووسی پیشەگەر ئەوەیە ژیانی خۆی لەڕێی کاری ڕۆژنامەگەرییەوە دابین دەکات بەوەی کار بۆ دەزگایەکی ڕاگەیاندن دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا لەم ڕۆژگارەدا کەسانێك هەن سەربەخۆ هەڵدەستن بە گەڕان بەدوای ڕاستیەکان و لێکۆڵینەوە لە ڕاستی و دروستیان و دواتر هەڵدەستن بە بڵاوکردنەوەی یان ڕەوانەکردنی بۆ کەسانی دیکە)).



### رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان و عێراق

ئێستا لە کوردستاندا یاسایەك هەیە بۆ ڕێکخستنی ڕۆژنامەگەری، بەڵام لە عێراقدا ئەم یاسایە هەتا ئێستا بوونی نییە، هەروەها لەهەرێمی کوردستاندا تاڕاددەیەك رۆژنامەگەری خەریکە ڕێگەی خۆی دەدۆزێتەوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی هەموو رۆژنامەنووسانیش هەریەکەی بەجۆرێك کۆمەڵێك ڕەخنە و گلەیی لەسەر بارودۆخەکە هەیە، سەبارەت بە ڕەوشی رۆژنامەگەری ئێستای عێراق و بەراوردکردنی لەگەڵ هەرێمی کوردستان پرسیارمان لە بەڕێز موئەیەد لامی نەقیبی رۆژنامەنووسانی عێراق کرد و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (بەشێوەیەکی گشتی رۆژنامەگەریی عێراقی هەنگاو دەنێت بەرەو ئاڕاستەی ئازادییەکی زیاتر و رۆژنامەنووسەکانی عێراق، وێڕای هەموو مەترسی و زیانەکان لە کوشتن و رفاندن و کپکردن و بەستنەوەیان، ئەمڕۆ هەنگاویان ناوە بەرەو گەیشتن بەو ئاستەی کە هەمیشە هیوایان بۆ دەخواست. رۆژنامەنووسی عێراقی سەلماندی کە بوێر و ئازایە و چنگی لە ئازادی گیرکردووە و هەرگیز دەستی لێ بەرنادات. لەلایەکی دیکە گومانی تێدانییە وێڕای ئەوەی کە رۆژنامەگەریی عێراقی لەڕووی تەکنیکییەوە رۆژنامەگەرییەکی تازەپێگەیشتووە، بەڵام هاوکات توانی گواستنەوەیەکی خێرا ئەنجامبدات لە سیستەمێکی شمولی و تاکڕەوەوە بەرەو ئاڕاستەیەکی نوێ لە ئازادی و چەسپاندنی

چەمکەکانی دیموکراسیەت و هەروەها رووبەڕووبوونەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە خوازیارن عێراق بگەڕێننەوە بۆ دۆخی جارانی، بەداخەوە تەنانەت زۆربەی ئەو کەسانەش کە باسی دیموکراسییەت دەکەن و بانگەشە بۆ چەمکەکانی دیموکراسییەت دەکەن، دەبینین حەزناکەن رۆژنامەگەریی عێراقی لە کەش و هەوایەکی دیموکراسیدا و ژینگەیەکی دروست کاربکات، بەڵام لەکۆتاییدا، رۆژنامەگەریی عێراقی توانیی خۆی بسەلمێنێت و هەڵستێت بە چەسپاندنی ئازادییەکان و چەمکەکانی دیموکراسییەت رۆژنامە هەیە کە بەشێوەیەکی بەهێز بوونی خۆیان سەلماندووە و بەشێوەیەکی کاریگەر کاردەکەن و رۆڵ و کاریگەرییان هەیە لە سیاسەت و رای گشتی. ئەمڕۆ زۆربەی رۆژنامەکانی کوردستان گواستنەوەیەکی نەوعیان بەخۆیانەوە بینیوە و هەنگاویان ناوە بەرەو ئاراستەی کاریگەری پۆزەتیف و کاریگەری پیشەیی لەسەر جەماوەر بەشێوەیەك کە ئەمڕۆ زۆربەی رۆژنامەنووس و راگەیاندکارەکانی کوردستان لە دامودەزگا و راگەیاندنەکان خاوەن فیکر و بیری داهێنەر و کاریگەرن لەسەر رای گشتی، بە واتای گێرەشوێنی هەنگاوی هەڵگرتووە، سەبارەت بەم لایەنە کە لەچەند ساڵی رابردوو لە رۆژنامەگەری عێراقیدا بوونی هەبووە موئەیەد لامی وتی: (ناتوانم نکۆڵی لەو راستییە بکەم کە لە هەندێك لە قۆناغەکاندا گێرەشوێنی هەبووە، بەڵام ئاستەکانی ئەم گێرەشوێنییە بەشێوەیەکی تەدریجی رووی لە دابەزینکردووە، لەبەرئەوەی ئێمە ئەمڕۆ هەنگاو دەنێین بەرەو ئاراستەکانی پێوەرە پیشەییەکانی نێودەوڵەتی کە حوکمەکە بۆ خوێنەر و بینەر و بیسەر دەهێڵێتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی راگەیاندنەکان. ئێمە

بەتول فاروق بۆ گوڵان:



## ئەگەر هەستاین بە دەرکردنی یاسایەک بۆ رێکخستنی رۆژنامەگەری لەعێراقدا، پەنا بۆ یاسای رۆژنامەگەریی هەرێمی کوردستان دەبەین بۆئەوەی سوود لە ئەزموونەکەتان وەربگرین




و پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان و مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ پێوەرەکانی رۆژنامەگەریی سەربەخۆ )).

سەبارەت بە هەڵسەنگاندیشی بۆ ئاستی رۆژنامەگەری لەهەرێمی کوردستان، نەقیبی رۆژنامەنووسانی عێراق وتی: (ناتوانین ئاماژە بە رۆژنامەگەریی کوردستان بدەین وەکو شتێکی جێگیر و چەسپاو، ئەمڕۆ لە کوردستان رۆژنامەگەریی حزبی هەیە لەگەڵ رۆژنامەگەریی سەربەخۆ. لە کوردستان ئەوەی ئەمڕۆ رۆژنامەگەریی کوردستان بەرەو ئاراستەی دروست هەنگاو دەنێت، هەرچەندە کە لێرە و لەوێ فشار لەسەر رۆژنامەنووسەکان هەیە، بەڵام پێموایە کە فشارەکان سەرکەوتن بەدەست ناهێنن، بەڵکو لەکۆتاییدا تەنیا رۆژنامەگەری سەرکەوتوو دەبێت لە کوردستان)).

عێراق بەهۆی ئەوەی بە بارێکی تایبەتی تێدەپەڕێت، رۆژنامەگەریەکشی گەلێك جار دووچاری هەمان گرفت بۆتەوە و بەرەو ژماردومانە، هەر لەساڵی ٢٠٠٣ەوە تاکو ئەمڕۆ نزیکەی ٢٠٠٠ رۆژنامە دەرچووە، بەڵام پاش ٨ ساڵ دەبینین سەدان رۆژنامە بوونیان نەماوە و لەکار وەستاون، ئەویش لەبەرئەوەی خوێنەر گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە دەتوانێت هەڵبژێرێت و بڕیاربدات کە کام لە رۆژنامەکان بێلایەنییەکی زیاتری پێوە دیارە و کام رۆژنامە خاوەن وتاری مەبەستدارە و کە خزمەت بە جەماوەر دەگەیەنێت، تەنانەت هەندێك لە کەناڵە ئاسمانییەکانیش

دەبینین ئەمڕۆ ژمارەی بینەرەکانی رووی لە دابەزین کردووە، بەڵام هەندێك لە کەناڵە ئاسمانییەکان بە ژیرانە دەجووڵێنەوە و بەپیشەیی و پرۆفێشناڵانە کاردەکەن بەشێوەیەك کە خۆیان لە بینەران نزیك کردۆتەوە. هەربۆیە، من ناڵێم بەشێوەیەکی رەها، بەڵکو بەشێوەیەکی رێژەیی، ئێمە ئەمڕۆ هەنگاو دەنێین بەشێوەیەکی رێژەیی بەرەو ئاراستەکانی پیشەیی و پرۆفێشنالی و چەسپاندنی چەمکەکانی دیموکراسییەت و ستاندەرە نێودەوڵەتیەکانی رۆژنامەگەری، لەئاکامیشدا دەبینین زۆربەی ئەو راگەیاندنانەی کە خاوەن وتاری حزبی و مەبەستی داراییـن روویان لە نەمان کردووە. راستە ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامە و راگەیاندن و بڵاوکراوەمان هەیە، بەڵام پێموایە کە مایەی پێگەیاندنی نەوەی نوێیە لە چالاکوانەکانی رۆژنامەگەری و سیاسی و مافەکانی مرۆڤ. لەلایەکی تر سەبارەت بە رووماڵکردنی رووداوەکانیش دیسان ئاستی باش و خراپ و لەهەندێك کاتیشدا زۆر لاوازم بینیوە، بەڵام هەروەك کە پێشتریش ئاماژەم پێدا رۆژنامەگەریی حزبی هەیە و لەسەر لایەنە حزبییەکان دەژمێردرێت و رووداوەکانیان بەشێوەیەکی بابەتیانە و بە عەقڵانییەت رووماڵ نەکردووە، بەڵام هاوکات ژمارەیەك لە دەزگاکان بەشێوەیەکی بابەتییانە مامەڵەیان لەگەڵ رووداوەکان کرد و زانیارییەکانیان بە وردی و پیشەیی بڵاوکردەوە و خاڵەکانیان لەسەر پیتەکان دانا و کاریگەر بوو)).

هەر سەبارەت بەرەوشی رۆژنامەگەری عێراق و هەوڵەکان بۆ رێکخستنی باری رۆژنامەگەری، خاتوو بەتول فاروق ئەندامی لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندن لە پەرلەمانی عێراق لە لێدوانێکدا بۆ ئەم راپۆرتەی گوڵان وتی: ((لەگەڵ ئەوەی رۆژنامەگەری گەشەی بەخۆیەوە بینیوە لەڕووی ژمارە و قەبارە، دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بەرەوپێشەوەچوون دەتوانین بڵێین لەڕووی جۆریش گۆڕنکاری بەسەردا هاتووە، بۆیە ئەمڕۆ کاتی هاتووە بڵێین پێویستیمان بە یاسایەك هەیە بۆ رێکخستنی کاری رۆژنامەگەری یان رێکخستنی دەزگاکانی راگەیاندن. هەرچەندە ژمارەیەك کەس هەن کە لەدژی ئەوەدان یاسایەك هەبێت بۆ رێکخستنی رۆژنامەگەری، بەو ئیعتوبارەی کە رۆژنامەگەری ئازادە، بەڵام پێویستە یاسایەك هەبێت بۆ رێکخستنی کارەکانی دامودەزگاکانی رۆژنامەگەری، لەبەرئەوەی زۆرجار رۆژنامەنووسەکان دووچاری کێشە و گرفت دەبن و هەندێك جار بەبێ هۆکار و بەشێوەیەکی نارەوا لە پیشەکانیان دەردەکرێن، زۆرجار ناکۆکی دێتەکایەوە لە کاری رۆژنامەگەری بەهۆی ئازادی بیر و یان لەڕووی ئیستحقاقاتی دارایی، پێویستە یاسایەك هەبێت کە رەچاوی ئەم مەسەلانە بکات و دەزگاکانی راگەیاندن پابەند بکات بە موراعاتکردنی رۆژنامەنووسان و پاراستنی مافەکانیان. لەلایەکی دیکە دەرکردنی یاسایەك بۆ رێکخستنی کاری رۆژنامەگەری سنوورێك بۆ ئەم بێ سەروبەرییەی ئێستای رۆژنامەگەری دادەنێت، بەشێوەیەك کە هەردوو لایەن، تەنانەت خاوەن کار بێت یاخود کەسی رۆژنامەنووس، هەردووکیان پابەند دەکات بە کۆمەڵێك ڕێسا و رێنمایی بۆئەوەی پیادەی بکەن و سەرپێچیی لێ نەکەن، ئەمڕۆ دەبینین زۆر هەواڵی درۆ بڵاو دەکرێتەوە کە شەقام دەشڵەژێنێت و دەبێتە مایەی زیانگەیاندن بە عێراق

**تێرج سکجێردال بۆ گوڵان:**



**رۆژنامەنووس ئەو کەسەیە کە پیشەی سەرەکیی بریتییە لە کۆکردنەوەی هەواڵەکان و بڵاوکردنەوەی راپۆرت، هەرکەس هەواڵێکی لە ئینتەرنێت بڵاوکردووە نابێت بە رۆژنامەنووس**

لەڕووی ئاسایش و ئابووریشەوە، لەلایەکی تریشەوە دەبینین کەلتوورێك دروستبووە لە دژایەتیکردنی حکومەت، هەربۆیە بەرای من هەبوونی یاسایەك ئەم جۆرە بێ سەروبەرییە ناهێڵێت)).

سەبارەت بەئاستی رۆژنامەگەریش لەهەرێمی کوردستان خاتوو بتول فارووق وتی: ((لەراستیدا لەهەرێمی کوردستاندا پێشکەوتنێکی گەورە هەیە، ئەمەش نەك تەنیا لەڕووی رۆژنامەگەری و بڵاوکردنەوە و چاپەمەنی، بەڵکو دەبینین لە کوردستان ژمارەیەکی زۆر بڵاوکراوە هەیە. هەست دەکەین پێشکەوتنێکی بەرچاو هەیە لە رۆژنامەگەری و لە بڵاوکراوەکان. ئەگەریش هات و هەڵستاین بەدەرکردنی یاسایەك بۆ رۆژنامەگەری، ئەوکات ئیستیعانە بەیاسای رۆژنامەگەریی هەرێمی کوردستان دەکەین بۆئەوەی سوود لە ئەزموونەکەتان وەربگرین)).

ئەو دوولایەنە کە یەکەمیان داکۆکی لەمافی رۆژنامەنووسان دەکات وەك نەقیبی رۆژنامەنووسانی عێراق و دووەمیشیان وەك بەشێك لەدەسەڵاتی عێراقی، بۆیە بەپێویستمان زانی لەنێوان ئەم دوو رایەدا رای سێیەمیش هەبێت، بۆیە پرسیارمان لە د.هاشم حەسەن راگری کۆلێژی راگەیاندن لەزانکۆی بەغدا و ئەندامی مەرسەدی ئازادی رۆژنامەگەری کرد و لەوەڵامدا بەمجۆرە باسی باری رۆژنامەگەری عێراقی بۆ گوڵان کرد: (بەهیچ شێوەیەك ناکرێ بەراوردبکەین لەنێوان رۆژنامەگەریی پێش رووخانی رژێم و رۆژنامەگەریی پاش ٢٠٠٣/٤/٩. پێشتر رژێمێکی ستەمدار و شمولی هەبوو، راگەیاندنەکەی لە سەرەوە بوو بەرەو خوارەوە، راگەیاندنێکی کپکار و «زورنالیدەر» بوو. هەربۆیە، پێویستە رۆژنامەگەریی عێراق بەراوردبکەین لەگەڵ سیستەمەکانی رۆژنامەگەری لە جیهان، تەنانەت ناکرێ بەراوردی بکەین بە سیستەمەکانی رۆژنامەگەری لە وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکەش، ئێمە هەمووەمان وڵاتانی ناوچەکە دەناسین و دەزانین کە بونیادنراوە لەسەر بنەمای خێزانی و پادشایەتی و شاهانە، بۆیە ناکرێ لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە بەراوردی بکەین، بەڵکو پێویستە بەراوردی بکەین لەگەڵ وڵاتە دیموکراسییەکان، بۆ نموونە ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا و وڵاتە پێگەیشتووەکان،

هەروەها پێویستە بەراوردەکەمان «نەوعی» بێت، نەك بە پاشەکشەکردن بەرەو دواوە، بەڵام دەبێت ئەو راستیەش بڵێین، بەپێی دیراسات و ئاراستەکانی، رۆژنامەگەریی عێراقی ئەمرۆ لە قۆناغی پێکهێنانە، لەبەرئەوەی هێشتا چەند خاڵێك ماوە پێی تێپەڕێت. ئەگەربێت و بیخەینە چوارچێوەی پرەنسیپەکانی رۆژنامەگەری ئازاد، کە بریتییە لە لێکۆڵینەوە و جەختکردنەوە کە پێویستیی هەیە بە پیشەییەکی بەرز و ئەرکی تایبەت لە گەیشتن بە راستیەکان و وەدەستهێنانی زانیاریەکان، پاشان چۆنییەتی بڵاوکردنەوە و ئاشکراکردنی زانیارییەکان تا ئەو کاتەی کە ببێت بە رێگەچارەیەك بۆ فشارخستن بەشێوەیەکی راستەقینە و رۆڵێکی کاریگەری هەبێت لە دروستکردنی بریارەکان، ئەوە بۆمان دەردەکەوێت کە رۆژنامەگەری لە عێراق زۆری ماوە بگاتە ئەم ئاستە. بەداخەوە زۆربەی راگەیاندنەکان، بە بینراو و بیستراو و خوێندراو و شێوازەکانی تری، راگەیاندنی حزبین و یان خاوەن تەمویلی تایبەتن، لەکاتێکدا رۆژنامەگەریی ئازاد، کۆمپانیاکان و رێکخراوەکان و دەستە و ئەنجومەنەکان، هێشتا زۆر سنووردارە و ئەو هێزەی نییە کە پێش رووخانی رژێم هیوامان بۆی دەخواست. بەڵێ ئەمرۆ رۆژنامەنووسانی ئازاد هەن، ستوون نووسی ئازاد هەیە، وتاری ئازاد بڵاودەکرێتەوە و هەوڵدانی بەردەوام هەیە، بەڵام وێرای ئەوەش بەهەموویانەوە هێشتا هەر ناگەنە ئاستی «سیستەمی رۆژنامەگەری دیموکراسی موتەکامل». ئەم شتەش هۆکاری زۆرە و هۆکارەکانیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەسەڵاتەکان، مەبەستم دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی پارتە سیاسییەکان، تاکو ئەمڕۆش ئەم بوارەیان کۆنترۆڵکردووە، لەڕووی ئازادی را دەربرین. خاڵی دووەم، نەبوونی تەشریعاتە رۆژنامەگەرییەکان کە مایەی دەستەبەرکردنی ئازادییەکانی رادەربڕینن. هەمووەمان دەزانین کە ماددەی ١٩ هەیە لە جاڕنامەی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ، هەروەها بەئاگاین لەبارەی ماددەی ٣٨ لە دەستوور، وێڕای رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لەسەر مافەکانی مەدەنی و سیاسی، تەنانەت دەستووریش دەڵێت پێویستە بە یاسا رێکبخرێت، بەڵام تاکو ئەمڕۆش بە یاسا رێکنەخراوە. بەواتایەکی دیکە، کەلتووری دیموکراسیی رۆژنامەگەری لای ئێمە هێشتا هەنگاوە سەرەکییەکانی نەبڕیوە)).

سەبارەت بەهەڵسەنگاندنیشی بۆ ئاستی رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان د.هاشم حەسەن وتی: (ئەوەی کە لە عێراقدا رووەدات لە هەرێمیش هەیە. رۆژنامەگەریی حزبی بوونی هەیە، لەگەڵ راگەیاندن و کەناڵی حزبی، کە دەسەڵات پشتگیرییان لێ دەکات و ئەوان بەردەوامن لە کارەکانیان لە بانگەشەکردن بۆ دەسەڵات. چەندین سەکۆ هەن کە ناویان لەخۆیان ناوە سەربەخۆ، لەوانەشە زۆربەیان سەربەخۆ بن. ئێمە پێویستیمان بە سیستەمێکی کامڵ هەیە، رۆژنامەگەریی ئەمریکی خاوەن مافێکی دەستووری تەواوە، بەشێوەیەك کە «کۆنگرێس» بۆی نییە هیچ یاسایەك دەربکات لەبارەی سنووردارکردنی ئەم ئازادییانە. رۆژنامەنووسی عێراقی لێقەوماوترین کەسە لەنێو رۆژنامەنووسانی جیهان، لەبەرئەوەی لە هێڵە مەترسیدارەکان کاردەکات و بێ ئەوەی هیچ بەرگرییەك یان پاراستنێکی هەبێت. لەهەمان کاتیشدا رۆژنامەنووسی عێراقی ئەگەری هەیە زۆر بەئاسانی بکوژرێت یان لەکەناو بکرێت و بەبێ هەبوونی هیچ یاسایەك کە بیپارێزێت لەمیانی گەیشتنی بەزانیارییەکان، لەلایەکی ترەوە رۆژنامەنووسی عێراقی بێ بەشە لە پێداویستییەکانی ژیان، بەتایبەتی لەو حاڵەتانەدا کە رازی نەبێت خۆی بکات بە «زورنا» یان کۆیلەی یەکێك لە دەزگاکانی راگەیاندن کە خاوەن ئەجێندایەکی دیاریکراون. هەربۆیە، رۆژنامەنووسی ئازاد هەمیشە بێبەش و زوڵملێکراو و کپکراوە)).

**هاشم حەسەن بۆ گوڵان:**



**پێویستە رۆژنامەگەریی عێراق بەراورد بکەین لەگەڵ سیستەمەکانی رۆژنامەگەری لە جیهان، تەنانەت ناکرێ بەراوردی بکەین بە سیستەمی رۆژنامەگەری وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکەش**


## رۆژنامەگەری ئینتەرنێت

پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا کاریگەری لەسەر بەرفراوان بوون و پێشکەوتنی رۆژنامەگەری و راگەیاندنیش هەبووە، بۆیە ئێستا کار گەیشتۆتە ئەوەی بڵێین کە هەر تاکێکی کۆمەڵگە هەموو پێداویستەیەکی رۆژنامەنووسێکی تەقلیدی پێیە، کە تەنیا مۆبایلەکەی کامێرا و ریکۆردەری دەنگ و وێنەشە، لەناو ماڵیشدا لە زۆربەی ماڵەکاندا بەرێگەی ئینتەرنێت و ناردنی وێنە و دەنگ بۆ ویبسایتەکان و تەنانەت کەناڵە ئاسمانییەکانیش، ئەوا دەکرێت بڵێین زۆربەی ماڵەکانیش ستۆدیویەکی بچکۆلەیە بۆ مۆنتاج و کاری راگەیاندن و گەیاندنی بەهەموو جیهان، بۆیە لەم ئاستە پرسیار ئەوەیە ئایا رۆژنامەگەری بەرەو کوێ دەڕوات و ئێمەی رۆژنامەنووسانی کوردستانیش لەکوێی ئەم گۆڕانکارییە بەرفراوانە دەبین؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێوەندیمان بە پرۆفیسۆر ئیدوارد وەسەرمان ئوستادی رۆژنامەگەری لەزانکۆی (واشنتۆن & لی – W&L) کرد و لەوەڵامدا سەبارەت بەم پرسە بە گوڵانی راگەیاند: (وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە سەبارەت بە ئایندەی رۆژنامەگەری لەسەردەمی ئینتەرنێت و فەیس بووکدا، خۆی پرسیارەکە جێگەی سەرنجە، لە راستیدا بیروبۆچوونەکان جیاوازن لەبارەی ئەوەی ئایا ئەمە تا چ رادەیەك سوودبەخش دەبێت، لەبەر ئەوەی تۆ ژمارەیەکی یەکجار گەورەی کەناڵی پێوەندیکردنت هەیە، توانایەکی بەرفراوانی پێوەندیکردنت هەیە، ئەمەش بۆتە مایەی ئەوەی توانایەکی گەورە بداتە هەموو کەس بۆ ئەوەی بتوانێت زانیاری کۆبکاتەوە و لە هەمان کاتدا بیروبۆچوونی خۆی لەبارەی رووداوەکانی دەربڕێت. واتە بۆتەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی گەورە خەڵك کاری رۆژنامەگەری بکەن، بۆی هەیە ئەمە

دەرئەنجامێکی زۆر باشی لێبکەوێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا، ڕەنگە ببێتە مایەی تەلاعوبکردن و گەندەڵی لەسەر ئاستێکی بەربڵاوتر، بۆ نموونە بۆی هەیە کەسانێك ئەم پیشەیە ئەدا بکەن و ئەم کارە ئەنجام بدەن بێ ئەوەی خۆیان پابەندبکەن بە هیچ سنوورێکەوە، مەبەستم ئەوەیە ڕەنگە بێ ڕەچاوکردنی ڕێسا و بنەما ئەخلاقیەکانی پیشەکە ئەم کارە بکەن، بۆ نموونە ڕەنگە هەڵبستن بە بڵاوکردنەوەی زانیاری بێ ئەوەی پێشتر لەوە دڵنیابن ئەمە زانیاریەکی ورد و دەقیقە. ئەوەی من دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە ژمارەیەك ڕێسا و ستانداردی پیشەیی هەن کە حاڵی حازر زۆرێك لەو کەسانەی ئەم پیشەیە ئەنجام دەدەن چیتر ڕەچاویان ناکەن و پێیانەوە پابەند نابن. هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەمە زەمینەی تەلاعوبکردن و گەندەڵی دەخوڵقێنێت، لەبەر ئەوەی ئێمە نازانین کێ پارە و دارایی بۆ ئەو کەسانە دابین دەکات لەبەرامبەر ئەو زانیاریانەی بڵاوی دەکەنەوە، ئایا چەند پارە وەردەگرن لەبەرامبەر بڵاوکردنەوەی زانیاریەکی دیاری کراودا. کەواتە لەگەڵ بەرفراوانبوونی توانای پێوەندیکردندا، ئەوا بواری گەندەڵی و ژەهراویکردنی خیتابی گشتی بە زانیاری خراپ، یان زانیاریەك کە مەبەست لێی خزمەتگەیاندن بە بەرژەوەندی شەخسی، یاخود زانیاریەك کە لایەنگیری بی لایەنێکی دیاری کراو تێدایە، بەرفراوان بووە)).

ئەو مەترسیەی پرۆفیسۆر ئیدوارد سەبارەت بە میدیای ئینتەرنێت هەیەتی، ڕۆژنامەنووسی نەرویژی تێرج سکجێردال کەخاوەنی نامەی ماستەرە لە بواری ڕۆژنامەگەری، پێیوایە هەر کەسێك شتێك لە ئینتەرنێت بتووسێت نابێتە ڕۆژنامەنووس و ناکرێت وەك ڕۆژنامەنووسیش مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، لەمبارەوە لە لێدوانێکی تایبەت بۆ گوڵان بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن: (من بەتەواوەتی لەگەڵ ئەو بۆچوونەدانیم کە هەموو کەسێك دەبێتە ڕۆژنامەنووس. نووسینی شتێك لە فەیسبووك نووسەرەکەی ناکات بە ڕۆژنامەنووس. ڕۆژنامەنووس ئەو کەسەیە کە پیشەی سەرەکیی بریتییە لە کۆکردنەوەی هەواڵەکان و بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرت. لەهەمان کاتیشدا، من لەگەڵ ئەو بۆچوونە هاوڕام کە میدیای نوێ دەرفەتی بۆ زۆربەی خەڵك فەراهەم کردووە

**ئیدوارد وەسەرمان بۆ گوڵان:**



**ئینتەرنێت بۆتە هۆکاری ئەوەی ژمارەیەکی گەورەی خەڵک کاری ڕۆژنامەگەری بکەن، ئەمە ڕەنگە دەرئەنجامێکی زۆر باشی لێبکەوێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتتدا ڕەنگە ببێتە مایەی تەلاعوبکردن و گەندەڵی لەسەر ئاستێکی بەربڵاوتر**

لە مومارەسەکردنی هەندێك چالاکی کە تارادەیەك لە ڕۆژنامەگەری دەچێت. ئەگەر بێت و حوکمیان لەسەر بکەین بەرەو پێوەری ڕۆژنامەگەریی هاوبەش، هەندێك لەم خەڵکانە کارێکی زۆر باش ئەنجام دەدەن، بەڵام زۆربەیان باش نین. سنووری نێوان ڕۆژنامەگەری باش و خراپیش لە دەرکەوتندایە، ئەم سنوورەش دەردەکەوێت، بەڵام تەنیا لەو حاڵەتەی کە تیایدا تێبگەین لەو بارەیەی کە ڕۆژنامەگەری زۆر زیاترە لە نووسین و بڵاوکردنەوە. هەربۆیە ئەگەر بێت و هەموو شتێکی بڵاوکراو وەك ڕۆژنامەگەری بژمێرین، ئەوکات هەڕەشە دەکەوێتە سەر ڕۆژنامەگەری. هەربۆیە، کاتێك باس لە ڕۆژنامەگەرییەکی دروست بکەین زۆر گرنگە ئەو ڕاستیە لەبەرچاوبگرین کە هەندێك پێوەر هەیە و پێویستە لەگەڵ ڕۆژنامەگەری بگونجێت. بۆنموونە مومارەسەکردنی ڕۆژنامەگەری بەواتای تۆ کەوتوویتەتە نێوان کەسەکان، ڕووداوەکان لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی گەورەتر، نەك کە تۆ کەوتوویتەتە نێوان خودی خۆت و ئەودوای جیهان. هەروەها پێویستە ئەو شتەش لەیادنەکەین کە مەرج نییە هەموو ڕۆژنامەگەرییەك ڕۆژنامەگەرییەکی باش بێت)).

## ئازادی ڕادەربڕین و گەیشتن بە سەرچاوەی زانیاری

لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو یان ئەو دەوڵەتانەی لەدەسپێکی پرۆسەکەدان، پێش وەختە دەیانەوێت بگەنە ئامانجێکی دیاریکراو یان پێناسەیەکی پێوانەیی، بۆیە لەم حاڵەتەدا هەست دەکەین نە ئامانجە دیاریکراوەکە بوونی هەیە و نە پێناسە پێوانەییەکەش دەردەکەوێت، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە لەبونیادی دیموکراتیدا ئامانجی دیاریکرا و پێناسەی پێوانەیی بوونی نابێت، بەڵکو لە دیموکراسیەتدا ئامانج ئەوەیە بگەینە سیستمێکی کۆمەڵایەتی جیاواز بە جۆرێك سیمای سیستمە کۆنەکە بەتەواوی لەڕیشەوە بنبڕ کرابێت، ڕاشکاوانەتر و لەهەموو ئاستەکاندا، مەرجی بڕیاردان لەسەر وەرچەخانی سیستمی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە هیچ شتێکی ئەم سیستمەی ئێستا لە دوو قۆناغی جیاواز نەچێت، واتە جیاوازی تەواوی لەنێوان ساڵی ١٩٩١- ٢٠١١ دروست کردبێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە، پێویستە سێ خاڵی سەرەکی لەبەرچاو بگیرین:

١- پێوانەی یەکەم بۆ بڕیاردان لەسەر گۆڕانکاری لەسەر سیستمە سیاسییەکە ئەوەیە، هەموو ئەو فاکتەرانەی لە پێش ساڵی ١٩٩١دژی کرانەوەی میدیا بوون، ئەو فاکتەرانە بوونیان نەمابێت و ئێستا پشتگیری لەمیدیایەکی سەنگین بکرێت، وەك د.هاشم حەسەنیش پێشتر ئاماژەی پێکرد نەك لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو لە عێراقیش، ناتوانرێت بوترێت گۆڕانکاری ڕووینەداوە، یان ئێستای عێراق بە پێش ساڵی ٢٠٠٣ی عێراق بەراورد بکرێت، هەرێمی کوردستان نەك هەر پێشکەوتووترە، بەڵکو وەك ئەتول فاروقی پەرلەمانتاری عێراق دەڵێت، ئەگەر بمانەوێت بەیاسا ڕەوشی ڕۆژنامەگەری عێراق ڕێکبخەین، پەنا بۆ یاساکانی هەرێمی کوردستان دەبەین. هەربۆیە لەم حاڵەتە دەتوانین بڵێین سیستمی سیاسیی بەرەو دیموکراتی هەنگاوی زۆر باشی هەڵگرتووە، ئەگەرچی کۆمەڵێك کەموکورتیش بوونی هەیە.

٢- پێوانەی دووەم پەیوەستە بەبارودۆخی میدیا و خەڵك، کە بتوانن ئازادانە ڕەخنەی


کۆمارەکەمان و رۆژنامەگەریمان پێکەوە سەردەکەون و پێکەوە شکست دەهێنن، رۆژنامەگەری بەشکۆ ، پاک، کەتەنیا بایەخ بە بەرژەوەندی گشتی دەدات و ئەقڵە زیرەک و مەشقپێکراوەکان بەمەعریفە هەڵیدەسوڕێنن، خاوەنی ئەو بوێرییەن کە ئامانجەکانی بەدیبهێنێت و توانای هەیە پارێزگاری لەخێری گشتی بکات، بەبێ ئەو جۆرە رۆژنامەگەرییەش حکومەتی نوێنەرایەتیمان بێجگە لە وێنایەکی رووکەش شتێکی دیکە نابێت، بەڵام رۆژنامەگەرییەک کە بەگومانەوە سەیری بەهاکانی مرۆڤایەتی بکات و رۆڵی ئاژاوەگێڕی لەکۆمەڵگە بگێڕێت، ئەوا بەتێپەڕبوونی کات گەلێکی خراپی وەک خۆی بەرهەم دەهێنێت، هەربۆیە دەسەڵاتی دارشتنەوەی کۆمارەکەمان لە ئاییندە، لەدەستی رۆژنامەنووسانی نەوەی داهاتووماندا دەبێت




سەرتاپاگیر لەو دیاردانە بگرن کە دەشێت ناویان لێ بنێین پاشماوەی سیستمە کۆنەکە و هەتا ئێستا لە کۆمەڵگەدا بوونیان ماوەتەوە، کە ئەم بوارە بوونی هەبوو، ئەوا دەبێت دان بەوەدا بنرێت گۆڕانکارییەکان بەرجەستەن و بونیان هەیە. ئێستا لە هەرێمی کوردستان ئاستی رەخنە گرتنی میدیا نەك لە پاشماوەی سیستمەکە کۆنەکە بوونی هەیە، بەڵکو موسائەلەی سیستمە نوێیەکەش دەکرێت.

٣- پێوانەی سێیەم کە لەبەرەنجامی خاڵەکانی یەکەم و دووەمەوە بڕیار دەدرێت کە سیستمێکی سیاسیی نوێ بوونی هەیە، ئەوا لەم حاڵەتەدا ئەرکی سەرەکی میدیا ئەوە دەبێت بەرگری لەسیستمە نوێیەکە بکات و زیاتر بەرەو پێشەوەی ببات و هەوڵبدات ئەم سیستمە نوێیە زیاتر لەکۆمەڵگە بچەسپێت، بەتێڕوانینی ئەم راپۆرتە ئەم خاڵە پێویستی بە هەڵوەستە لەسەر کردنی زیاتر هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە لەوانەیە خوێنەری ئەم راپۆرتە بەو جۆرە ئەو خاڵە بخوێنێتەوە، کە مەبەستمان لە پاراستنی سیستمە سیاسییەکە مەبەست بەرگری کردنە لە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی کە ئێستا وەك دوو پارتی هاوپەیمان حکومەتیان بەدەستەوە هەیە، بەڵام لێرەدا ئامانجی خاڵی سێهەم تەواو پێچەوانەی ئەم بۆچوونەیە، لەبەر ئەوەی کاتێك پارتی و یەکێتی دەڵێن ئێمە لەنێو ئەم سیستمە سیاسییە بە رێگەی هەڵبژاردن حکومەتمان پێکهێناوە، دەبێت دەسەڵاتی میدیا لەو ئاستەدا بێت کە چاودێری ئەو سیستمە بکات کە پارتی و یەکێتی بە شەرعیەتی سندوقەکانی دەنگدان حکومڕانی دەکەن و خراپ ئەو شەرعیەتە بەکارنەهێنن، یان ئامادەبن کە بەشێوازی ئاشتیانە دەستاو دەستی دەسەڵاتیان لەگەڵدا بکرێت، یان ئامادەبن لەسەر کەموکورتی نوێنەرایەتیکردنیان رەخنەیان لێ بگیرێت یان رووبەڕووی لێپرسینەوە بکرێنەوە، بەهەمان شێوە بۆ لایەنی ئۆپۆزسیۆنیش کە دیاردەی جوانی ئۆپۆزسیۆن بەرهەمی ئەم سیستمە سیاسییە کە تەنیا گەلی کوردستان خاوەنییەتی و بڕیاریداوە لەژێر ئەم سیستمە سیاسییە کە سیستمی دیموکراتیە حکومڕانی بکرێت، ئەوا بۆ ئۆپۆزسیۆنیش پاراستنی سیستمەکە ئەو بازنەیەیە کە نابێت سنووری ئەو بازنەیە ببەزێنێت، یان بارودۆخێکی ئاڵۆزی ئەوتۆ دروست بکات، بەدیل بۆ سیستمە سیاسییەکە دروست بکات. لێرەدا گرنگە ئەرکی ئۆپۆزسیۆن لە دروستکردنی بەرنامەی بەدیل بۆ حزبەکانی دەسەڵات و هەوڵدان بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات لەنێو سیستمی دیموکراتی، لە هەوڵی دروستکردنی بەدیل بۆ سیستمە سیاسییەکە لێکجیابکرێتەوە، جیاکردنەوەی ئەم هەوڵانە بەپلەی یەکەم پێویستە لە چاوە تیژەکانی رۆژنامەنووسان تێنەپەڕێت.

# لەنێوان ڕۆژنامەگەری حزبی و ئازاد و قەڵەمی ئازاددا



ڤینۆس فایەق

بەڵگەنەویستە کە ڕۆژنامەگەری ئازاد دەلالەتی هەبوونی پەراوێزێکە بۆ ئازادیی کۆمەڵگە، چونکە تەنیا ڕۆژنامەگەری ئازادە کە لە توانایەتی ڕووبەرێکی باش بۆ بیری جیاواز و قەڵەمە ئازادەکان فەراهەم بکات، کە گرێدراوی سیستەمێکی حوکمڕانی عیلمانی وایە کە باوەڕی تەواوی بەهەموو مومارەسە دیموکراسیەکان هەبێت بەئازادی ڕادەربڕینەوە، ئەمەش لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر بەشێوەیەکی ڕێژەیی دەگۆڕدرێ. هەر لەکۆمەڵگەی کوردستاندا پێکهاتە و ستراکتۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی واهەڵکەتووە کە لە ئێستادا ناتوانێت بەئاسانی هیچ بوارێك لەبوارەکانی وەکوو دارایی، ئەمنی و ڕۆژنامەوانی .. تاد لەدەستێوەردانی حزبەکان ڕزگاربکات. چونکە ئەگەر لەمیانەی ئەوەی پێوەندی بە ئازادی بیروڕا و ڕۆژنامەگەریەوە بێت، قسەکە بەدیوێکیدا لە ئازادی ڕادەربڕین بێت، بەدیوەکەی تریدا قسەیە لەنەریتێك و میتۆدێك بۆ قسەکردنی ئازاد و لەجۆری ئەو دەسەڵاتەو باوەڕبوونی بە بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ کە بەڕوونی لەدەقی جاڕنامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان و یاساکانی کاری ڕۆژنامەوانی باسیان لەمافی تاکەکانی کۆمەڵگا کردووە کە ڕەخنەبگرن و قسەی خۆیان لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان بەبێ سانسۆر بکەن. ئازادی ڕۆژنامەگەری وەکوو مومارەسە یان ڕۆژنامەگەری ئازاد وەکوو واقیع ئاماژەیە بۆ ئازادی بیروڕاو، ئەو گەرەنتیەیە کە حکومەتەکان بەدەستوور و یاساکانیان بۆ هاووڵاتیانی دابین دەکەن، کە باس لە ئازادی قسەکردن و ڕادەربڕین دەکات بەشێوەیەکی عادیلانە و یەکسانی. بەڵام جگە لەم پێوەرانە هەندێ لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان هەندێ پێوەری تر لەبەرچاو دەگرن بۆ پێوانی مەودای ئازادی ڕۆژنامەگەری لە جیهاندا، وەکوو ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی بێ سنوور، ژمارەی ڕۆژنامەنووسە کوژراو و ڕاونراو و هەڕەشەلێکراوەکان، یان قۆرخکردنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن دەسەڵاتی حزب و حکومەتەوە لەگەڵ شێوازەکانی کۆنترۆڵکردن و چاودێریکردن و چاوسوورکردنەوە لەناو دەزگاکانی ڕاگەیاندندا. ڕێکخراوی Freedom House لێکۆڵینەوە لەسەر ژینگەی سیاسی و ئابووری وڵاتان دەکات بەمەبەستی دەستنیشانکردنی دیاردەی جۆرێك لە پێوەندییە گرژەکان لەکاتی جێبەجێکردندا کەلە ئاستی ئازادی ڕۆژنامەگەری ئازاد لەڕووی تیۆرەوە دادەبەزێنێت. هەر بەپێی ڕاپۆرتەکانی ڕۆژنامەنووسانی بێ سنوور سێ یەکی دانیشتووانی جیهان لەو وڵاتانەدا دەژین کە ئازادی ڕۆژنامەگەری تیا بوونی نییە، ئەو وڵاتانەش ئەوانەن کە سیستەمی دیموکراتییان تیا بەڕێوەناچێت یان پرۆسەی دیموکراسی تەگەرەی زۆری لەبەردەمدایە. هەڵبەتە گەیشتن بە دەربڕینی ئازاد ڕێگایەکە لەیەکێ لەقۆناغەکانیدا بە میتۆدی بەزەبەلاح بینین و بەپیرۆزراگرتنی کەسایەتی و حزب ...تاد تێدەپەڕێت و لەناوی دەبات، ئەگەر ئەمە ڕوونەدات میدیای ئازاد (بە تێگەیشتن و مانا پرۆفیشناڵکەی) نایەتەگۆڕێ. ئەگەرچی هەمووشمان دەزانین هەر ئەو ڕۆژنامانەی لەسەردەمی ڕژێمە داگیرکەرە دیکتاتۆرەکاندا شانبەشانی حزبەکانیان ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنیان گێڕاوە، ئێستا هەر ئەوانن بوونەتە ڕۆژنامەی حزبی دەسەڵاتدار. بەشێوەیەك لەگەڵیدا قەڵەمەکانیش بەسەر حزبەکاندا دابەشبوون. بەڵام لەو بەینەدا کۆمەڵێك قەڵەمی ئازاد هەن کەلەکەناڵێکی ئازاد دەگەڕێن بەجیاوازی بۆچوونەکانیانەوە بەشداری لە ڕادەربڕیندا بکەن. بیریشمان نەچێت ڕۆژنامەگەری حزبی ئەمڕۆ لە کوردستاندا ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە ڕابەرایەتیکردنی جەماوەر و ئاڕاستەکردنی فکر و بیرکردنەوەی، ئیتر چ بە پشتگیریکردن بێت لە داخوازییەکانی خەڵك، یان بە دژایەتیکردنی، کەدواجار مەبەست لەمە ئاڕاستەکردنی بیرکردنەوەی جادەیە. جا لێرەدا پرسیاری جەوهەری ئەوەیە: داخوا ئەو ڕۆڵە گەورەیەی کە ڕۆژنامەگەری حزب دەیگێڕێت چۆن و بە چ میکانیزمێك پێوەندی نێوان خوێنەر و حزبەکەی و، نێوان خوێنەر و چەمکی حوکمڕانی دادەڕێژێت و ڕێکدەخاتەوە؟

ڕۆڵێك لە ئێستادا کە بەشێك لە ڕۆژنامە حزبیەکان دەیگێڕن لە غیابی ڕۆژنامەگەرییەکی ئازاد بەواتا و تێگەشتنە پرۆفیشناڵەکەی هاتۆتە ئاراوە، کە ئەویش فەراهەمکردنی بڕێکی حساب بۆکراوە لەڕووبەرێك بۆ دەربڕینی ئازاد کە بەدیوێکیدا پێمان دەڵێت کە چەمکی حزب لە کوردستاندا جێگەی دەربڕینی ئازادی تیادەبێتەوە، بەڵام بەدیوێکی تریشیدا ئەوەی لێتێدەگەین کە بەشێوەیەك لە شێوەکان ڕێگری دروستدەکات لەدروستبوونی کەناڵی ڕۆژنامەوانی ئازاد کە تەنیا قەڵەمی ئازاد تیا چالاك دەبێت. ئەم حاڵەتەی دووەمیانیشە کە زەمینەیەکی بەپیتی ڕاخستووە بۆ دروستبوونی ئەو هەموو فەزا ئەلەکترۆنیە ڕۆژنامەوانیە بێ ناسنامانەی کە لەغیابی لەلایەکەوە قانوونێکی تۆکمەی ڕۆژنامەوانییە بۆ ڕێگرتن لە سووکایەتیکردن و ڕاونان و ئازاردانی ڕۆژنامەنووس و قەڵەمی ئازادە. لەلایەکی ترەوە دروستکردنی کەشوهەوایەك لە سوکایەتیکردن بەیەکتر لەنێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵاتدا، کەکەس خۆی تیا بەهۆکار نابینێت و بەردەوام پەنجەکانی تاوانبارکردن دەکەنە ڕووی یەکتر. هەڵبەتە ڕێگایەك بەرەو چەسپاندنی بنەماکانی سیستەمێکی دیموکراتی ڕاستەقینە کە زەمینە بۆ ڕۆژنامەوانییەکی ئازاد خۆشدەکات، لەگرنگترین قۆناغەکانیدا بە وێستگەیەکدا ئەڕوات کە دەبێت بتوانین دەست بۆ تابوو و کەسایەتی و قەوارە بەزەبەلاح و نەگۆڕ و بەپیرۆزڕاگیراوەکان بەرین، بۆ ئەوەی فەلسەفەی دەسەڵات بۆ چەمکی ڕۆژنامەگەری و بیری ئازاد تیا تاقیبێتەوە، بۆ ئەوەی بزانین ئایا ئەتوانین هەنگاو بەرەو هێنانەکایەوەی میتۆد و پرەنسیپی ڕۆژنامەگەری ئازاد بنێین یان نا؟ ئەگەر دەسەڵاتی حوکمڕانی لە کوردستاندا بتوانێت ئەمە بکات، ئەوە بێگومان تێدەگەین کە لانیکەم دەقی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ خوێنراونەتەوە. ئەوەش بەوە دەکرێت کە هەر بۆنموونە گۆڤارێکی وەکوو (گوڵان) کە ئەم وتارەی تیا بڵاو دەبێتەوە، هەواڵ تەنها وەکوو هەواڵێکی ڕووت و بێ ڕتووش بڵاوبکاتەوە و، باقی لاپەڕەکانی تر بخاتە بەردەستی نووسەرەکان بەجیاوازی بیرکردنەوە و ئاڕاستە و باگراوەندیانەوە بۆ ئەوەی ئازادانە تیابنووسن. هەڵبەتە ئەزموونی ڕۆژنامەگەری حزبی بەم ستایلەی کەلە کوردستاندا پەیڕەو دەکرێت تەنیا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو وڵاتانەی کە هێشتا سیستەمی دیموکراتی تیا نەچەسپیوە باوی ماوە، چونکە لە دنیای دەرەوە ئەو قۆناغە بەسەرچووە گۆڤارێك یان ڕۆژنامەیەك بە پارەی حکومەتێك دەرچێت و لەخزمەتی حزبێکدا بێت، بەڵکوو دەوڵەت خەرجی هەموو ڕۆژنامە و کەناڵەکانی تری میدیا دەکێشێت تەنیا بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاری، چونکە دواجار ئەو کەناڵانە بۆ خزمەتکردنی گشتی خەڵکن نەك تەنیا حزبێك. گۆڤاری (گوڵان) هەوڵی داوە قەڵەمە ئازادەکان لەخۆی کۆبکاتەوە کە ئەمەش هەنگاوێکی جوانە بەرەو ناساینەوەی خۆمان لەڕێگەی جیاوازبوونمانەوە، لەڕوویەکی تریشەوە هەوڵێکە بۆ بەرپاکردنی گۆڕانکاری لە ستایلی کاری ڕۆژنامەوانیدا، بەو شێوەیەی کە چۆن وەزارەتی کارەبا، کارەبا بەبێ جیاوازی دەدات بە ماڵەکان و، وەزارەتی ئاو و ئاوەڕۆ، ئاو بەبێ ترش و خوێ دەگەیەنێتە هاووڵاتیان، کەناڵە ڕۆژنامەوانیەکانیش تەنیا هەواڵ و زانیاری بگەیەننە خوێنەر بەبێ هیچ بەهاراتێکی حزبی. بەم شێوەیەش ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ببنە مینبەرێکی نیشتیمانی و بۆ نموونە وردەکاری کۆبوونەوە و ڕووداو و وتووێژە سیاسییەکان لە هەموو سووچ و گۆشەنیگاکانەوە بەبێ دەستکاری و لێبڕینێك بڵاو بکەنەوە..

kurdish@venusfaiq.com


ژمارە (٨٣٦) ■ ٢٠١١/٤/١٨

# خەسڵەتی ناتوندوتیژی وەک کەلتوورێکی مرۆیی !!



کنێر عەبدوڵڵا

زۆرن ئەو کەسایەتییە ناودار و بیرمەند و سەرکردانەی بەشێوەیەکی قووڵ لەمەودا ڕۆحی و کردەییەکان بۆ کارەکان پەیرەوی کەلتووری ناتوندوتیژیان کردۆتە خەسڵەتێکی کردەیی و دیار لەکار و حوکمرانیکردنیان، نمونەی ئەوانەش زۆرن وەك : *غاندی *سەرۆکی هندستان *تۆلستۆی * سەرۆکی پێشووی پۆڵەندا کە دیاری نۆبڵی ئاشتی وەرگرت * لیخفالیسا * نووسەر و رۆماننووس، ژنە چالاکوانی ئەڵمانی *بتراکیلی * کەیارمەتیدەر بوو لە دامەزراندنی حزبی خزری ئەڵمانی، زانای بەناوبانگ *ئەلبێرت ئینشتاین * ژنە چالاکوانی ئەمریکی راصیل کوری کە بە دەبابەکانی ئیسرائیل لە ساڵی ٢٠٠٣ دا کوژرا،چالاکوان و شۆڕشگێری ئەمریکی * ئامون هیناسی * هەریەك لەو کەسایەتیانە لە ئەمرۆدا بوونەتە هێمایەك لە یەکێك لە قۆناغەکانی ژیانی کۆمەڵەکان و مێژووی وڵاتەکەیاندا لە بەرامبەر هەموو ئەو توندوتیژیانەی رووبەڕوویان بۆتەوە . خەسڵەتی ناتوندوتیژی گەر سیاسی بێت یان کۆمەڵایەتی یان رامیاری و هەر بوارێکی دیکە بەوە لەشێوازەکانی بەرگریکردن لە مەسەلەکان جیادەکرێتەوە کە پەنا دەباتە بەر ئەقڵانییەت بەمەبەستی حوکمدان لەچارەسەری کێشەکاندا.

ناتوندوتیژی ئامرازێکی بەهێزە، ستراتیژیەتێکە بۆ ئازادبوون، پاڵنەری خەڵکە بۆ داخوازیکردن لەسەر کاری دادپەروەری و ئەخلاقی بێ گەڕانەوە بۆ توندڕەویی لەڕووی ماددییەوە و بێدەنگنەبوونە لە ستەم .

بێگومان بوونی هەردوو چەمکی توندوتیژی و ناتوندوتیژی لە ڕووی کەلتوورەوە تێروانینی جیاوازی بۆ دەکرێت، هەندێك پێیان وایە دیاردەی رەفتاری توندڕەوی لە زۆربەی کۆمەڵە مرۆییەکان لەجیهاندا پاڵنەرە بۆ ئەوەی ئەو تێڕوانینە لای هەندێك بڵاوبکاتەوە بەوەی توندوتیژی بەشێکە لە سروشتی مرۆڤەکانەوە وەرگیراوە، بەڵام هەندێکی دیکە بەشێوەیەکی جیاوازتر دەڕوانێتە ئەو مەسەلەیە، بۆ نموونە هەندێك پێی وایە پەیرەوکردنی توندوتیژی لە ڕەفتاری مرۆییدا دیاردەیەکی نوێیە بەشێوەیەکی ڕێژەیی لایەنیکەم پێش کەمتر لە دە هەزار ساڵ دەرکەوت.

بە دیوێکی دیکەشدا هەندیك پێی وایە رەفتاری ناتوندوتیژی چارەسەرە بۆ ڕەوینەوەی کێشەکان و هەندێکی دیکە بە ملکەچ و تەسلیمبوون لێکی دەداتەوە. ئەوەی مەبەستی باسەکەیە ئەوەیە کە زۆرن ئەو کەسانەی لە کەلتوور و ژینگەیەکی توندوتیژیدا ژیانیان گوزەراندوە و بەو شێوەیەش پیادەکردنی بۆ کەسانی دیکە بۆتە کارێکی ئاسایی و سروشتی مامەڵەکردنی نێوان مرۆڤەکان کە دەرئەنجام کەسی بەرامبەریش هەمان خەسڵەتی کردۆتە کاردانەوەی ژیانیان،بەمەش کێشەکان ئاڵۆزتر دەبێت و رێژەی جۆرەکانی توندوتیژیش بەهەموو شێوازەکانییەوە ڕوو لە زیادبوون دەکات و بگرە ئەم شێوەیە دەبێتە بەرهەمهێنەری کەسانی توندڕەو لەکۆمەڵدا . ئەگەرچی لەهەمان کاتتدا مرۆڤ دەتوانێت کاردانەوەی جیاوازی هەبێت لەمەڕ ئەو مەسەلەیەدا بەوەی لە بەرامبەر ئەو توندوتیژیانەدا کەلتووری ناتوندوتیژی بکاتە هەڵوەستەی ژیانی. راستە ئەمە گرێدراوی ئاستی رۆشنبیری تاکەکانە و پشوودرێژی و بەهێزی و ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و حوکمڕانی هەیە، جگە لەبوونی کۆمەڵێ خەسڵەتی تایبەتمەند و جیاواز لەتاکەکاندا، بەڵام دواجار هەر رەفتاری ناتوندوتیژییە دەبێتە کەمکردنەوە و بنەبڕکردنی کێشەکان لە هەموو بوارێکدا .



ژمارە (٨٢٦) ■ ٢٠١١/٤/١٨

# دیالۆگ بازنەی کۆکردنەوەی جیاوازییەکان



جوانی سیستمی دیموکراتی پێکەوە کۆکردنەوەی جیاوازییەکانە، بۆیە لەژیانی پەرلەمانی و دیموکراتی بەرهەمهێنان و زیادکردنی جیاوازییەکانە نەك هەوڵدان بۆ سڕینەوەیان، لەوانەیە ئەم دیاردەیە لەسەرەتای دەسپێکی بونیادی دیموکراتی دیاردەیەك بێت بە ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی تاڕادەیەك نامۆ بێت و لایەنە سیاسییەکان لەسەری ڕانەهاتبن، یان داننان بە جیاوازییەکانی بەرامبەر وەك جۆرێك لە سازش یان تەنازولکردنی سیاسیی بۆ بەرامبەر بخوێنرێتەوە، بەڵام پێناسەی ڕاستەقینەی دیموکراتی نەرمی نواندن و سازشکردنە لە بەرامبەر یەکتر و هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە یەکتری لە نیوەی ڕێگەدا، یان هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری مامناوەندی بۆ کێشەکان بەشێوەیەك کە چارەسەرەکە هی هیچ لایەك نەبێت و هی هەموانیش بێت، دروستبوونی ئەم قەناعەتە پێویستی بە بونیادی ڕۆشنبیرییەکی دیموکراتیانە هەیە، کە بتوانرێت دامەزراوەکانی دیموکراتی پێ هەڵبسورێت و هەموو پێکەوە بەهەموو جیاوازییەکانیانەوە سیستمە سیاسییەکە بەهی خۆیانی بزانن و بەرگری لێ بکەن، بەڵام لە دەسپێکی پرۆسەی دیموکراتی هەست دەکرێت حزبە سیاسییەکان ململانێی نێوانیان لە داننان بە جیاوازییەکانەوە دەگوازنەوە بۆ یەکتری ڕەتکردنەوە، سەبارەت بەچۆنیەتی ڕێکخستنی ململانێی نێوان حزبەکان لە پرۆسەی دیموکراتی، پرسیارمان لە پرۆفیسۆر مانوێل بالان ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی تەکساس کرد و لە لێدوانێکی تایبەتیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن: (لەسیستمی دیموکراتیدا پارتەکان نوێنەری ئەو بەرژەوەندیانە دەکەن کە لە کۆمەڵگەدا بوونیان هەیە، کە بۆی هەیە ئەم نوێنەرایەتیکردنە ئاڕاستەیەکی سلبی یاخود ئاڕاستەیەکی ئیجابی وەربگرێت، واتە بۆی هەیە پارتە سیاسییەکان ببنە بربڕەی پشتی دیموکراسی و بۆی هەیە ببنە مایەی لەناوبردنی دیموکراسی. واتە ئەگەر پارتە سیاسییەکان بە باشی ئەرکەکانی خۆیان ئەدا بکەن و هاووڵاتیان هەست بکەن نوێنەرایەتی دەکرێن لەلایەن پارتەکانەوە، ئەوا دەتوانن هاوکاربن لە پەرەپێدانی دیموکراسیدا. لەم حاڵەتەدا بوونی ململانێ لەنێو پارتە سیاسییەکاندا شتێکی حەتمیە، بەڵام دەبێت ململانێکان بە دامەزراوەیی بکرێن، مەبەستم ئەوەیە چارەسەرەکە ئەوە نییە ململانێ بوونی نەبێت، بەڵکو دەبێت کار بۆ ئەوە بکەین ئەو ململانێیانە بە باشترین فۆرم بەڕێوەبچن. ئیتر ئەوە لە پیادەکردنی دیموکراسی زیاتر لە هەڵبژاردنەکاندا خۆی ببینێتەوە، یاخود لە گفتوگۆی زیاتر لە کۆبوونەوە و کۆنگرەی حزبەکاندا بەرجەستە بێت. هەربۆیە شێوازی ململانێکە دەوەستێتە سەر ئەوەی ئایا بەرژەوەندی حکومەت و پارتەکانی موعارەزە چین؟ بەتایبەتی لە قۆناغی ئینتیقالیدا کە دیموکراسی لاوازە، ئومێدی من ئەوەیە کارکردن بۆ بەهێزکردنی دیموکراسی لەم قۆناغەدا ببێتە ئەولەویەتی هەردوولایان، نەك تەنیا بەرژەوەندییەکانی خۆیان ڕەچاوبکەن، بەدەستهێنانی ئەم دەستکەوت و ئامانجەش ئەرکێکی ئاڵۆزە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە هەنگاونان بەرەو دیموکراسی ئەوەندە سەخت و زەحمەتە، چونکە ئەگەر ئیرادەیەکی گشتی نەبوو لای حکومەت و پارتەکانی موعارەزە، ئەوا تەنانەت ئەگەر بتوانیت دامەزراوەکانیش بنیاد بنێیت ئەوکاتە تەنیا کارێکی کەمت پێ ئەنجام دەدرێت)).

لەلایەکی دیکەو سەبارەت بەوەی هەندێ جار ململانێی پارتە سیاسییەکان دەگاتە ئەو ئاستەی کە جۆرێك لە توندوتیژی لێبکەوێتەوە یان لیکتێنەگەیشتن بگاتە ئەو ئاستەی کە نەتوانن بەشێوازی پەرلەمانی چارەسەر بکەن و بگەنە خاڵێکی داخراو، پرۆفیسۆر جاسۆن براونلی ئوستادی سیاسەت لە بەشی حکومەت لەزانکۆی ئۆستین بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (بوونی پرۆسەی سیاسی و ئاشتیانە بۆ یەکلاکردنەوەی جیاوازییەکان پەیوەستە بە بوونی گروپ و لایەنە جیاوازەکانەوە کە بیروبۆچوون و تێڕوانینی جیاوازیان هەیە دەربارەی ئەوەی دەبێت حکومەت چۆن بەڕێوەببردرێت، یاخود دەبێت چۆن بگەنە ڕێککەوتن سەرەڕای جیاوازییەکانیان، کەواتە بوونی جیاوازییەکان خۆی لەخۆیدا هەڕەشە نییە لەسەر دیموکراسی، ئەگەر دیموکراسی بتوانێت ئیدارەیان بکات و کاریان لەسەر بکات. ئەمەش لە تێکڕای وڵاتانی جیهاندا بەدی دەکرێت، واتە هەموو پارتێکی سیاسی هەوڵی ئەوە دەدات زۆرترین سوود لە پرۆسە سیاسییەکە بۆ بەرژەوەندی خۆی وەربگرێت، بەڵام جیاوازیەکە لە دیموکراسیە سەرکەوتووەکاندا ئەوەیە، لەم جۆرە دیموکراسیانەدا سنووربەندی و چاودێری هەیە کە ڕێگە نادات پارتێکی سیاسی دیاریکراو دەستکەوت و ئیمتیازاتەکان کەڵکە بکات لەسەر حسابی پارتە سیاسییەکانی دیکە. هەر ئەمەش وایکردووە بوونی پارتە سیاسییەکان زۆر گرنگ بێت بۆ بەرەوپێشبردنی حکومەت و بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان خەڵك و حکومەتدا. لەم حاڵەتەشدا ئەگەر دامەزراوەکان بەهێزبن و بە باشی کارەکانیان بەڕێوەببەن، ئەوا ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ڕەفتار و کرداری باش و تەندروستیان لەپشتە، مەبەستەکە ئەوەیە ئەم مەسەلەیە دەوەستێتە سەر ئەوەی ئایا خەڵکی بە چ شێوەیەك ڕەفتار دەکەن، کە گۆڕینی شێوازی کارکردن و ڕەفتارکردنیش پێویستی بە کاتێکی زۆرە)).

## هەوڵەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان

تایبەتمەندی سیستمی دیموکراتی ئەوەیە کە کۆمەڵگە کراوەیە و حکومەتیش ناچار دەبێت کە شەفاف بێت، بۆیە هەتا ئەگەر حکومەت شەفافیش نەبێت، ئەوا گوشاری جەماوەر و ڕای گشتی ناچاری دەکات کە شەفاف بێت، ئەم تایبەتمەندییەی سیستمی دیموکراتی کە هەموو کێشەو گیروگرفتەکانی حکومڕانی لەبەرچاوی ڕای گشتی بەڕێوەدەچن و ڕای گشتی کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی حکومەت دەبێت، دیسان لە قۆناغی ڕاگواستن وەك جۆرێك لە لاوازی حکومەت یان دەسەڵات لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە دەخوێنرێتەوە و ڕێسای گەمە دیموکراتییەکە لەبەرچاوی خەڵك دەشێوێنن، بەوەی کەموکورتییەکانی

کۆمەڵگـەی دیموکراتی ئاشـکران و دەبێـت هەمـوو پێکـەوە (حزبەکانی دەسـەڵات و ئۆپۆزسـیۆن) هەوڵـی چارەسەرکردنی بدەن، لەم حاڵەتەدا رۆڵی ئۆپۆزسـیۆن لەسیستمی دیموکراتی دوو ئاراستەی ئیجابی دەگرێت نەك سلبی، حاڵەتی یەکەمیان ئەوەیە کە رێگەچارەی گونجـاو و بەدیـل پێشـنیار دەکات و بەشدار دەبێت لەچارەسەرکردنی کێشەکان، کە ئەمەیـان دەبێتە هـۆکاری ئەوەی بۆ هەڵبژاردنەکانـی داهاتوو متمانەی



مانوێل بالان بۆ گوڵان:

**ئەگەر پارتە سیاسییەکان بە باشی ئەرکەکانی خۆیان ئەدا بکەن و هاووڵاتیان هەست بکەن نوێنەرایەتی دەکرێن لەلایەن پارتەکانەوە، ئەوا دەتوانن هاوکاربن لە پەرەپێدانی دیموکراسیدا**

دەنگدەر بەلای خۆیدا رابکێشێت، حاڵەتی ئیجابی دووهەم ئەوەیە رێگە لەوە دەگرێت کە هاووڵاتیانی وڵاتەکەی نائومێد بێت و نەزانێت چۆن کێشەکان چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، ئەمەش لەگەڵ ئەوەی کێشە و چارەسەری بەدیل بۆ کێشەکان دیاری دەکات و هەوڵدەدات هاووڵاتیان متمانەی پێبکەن و لـە هەڵبژاردنی پێشـوەختە خۆی بەرنامەی خۆی جێبەجێ بکات، لەهەردوو حاڵەتەدا ئەگەر ئۆپۆزسـیۆن بەمجۆرە رەفتـاری کرد، واتە پابەندە بە گەمە دیموکراتییەکە و رای گشـتیش پشـتگیری لێدەکات، بـەڵام بۆ ئەوەی رای گشـتیش بۆخۆی رابکێشێت، ئەوا دەبێت زانیاری راست و دروست بخاتە ناو جەماوەر، لەبەر ئەوەی ئەگەر رای گشتی لە سـەر بنەمای زانیاری راست دروست نەبێت، ئـەوا دواتر بە زیـان بۆ خودی ئـەو لایەنە دەشـکێتەوە کە بۆ مەرامی کاتی و تایبەت ئەو زانیارییە ناڕاسـتانە دروسـت دەکەن، سەبارەت بە کاریگەری رای گشـتی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵی، پرۆفیسـۆر کریسـتۆفەر بی مـان ئوسـتادی زانسـتی سیاسـەت لەزانکۆی میامـی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (رای گشـتی هەمیشە بوونـی هەیە، بەڵام پرسـیارەکە ئەوەیە کە ئایا رای گشـتی لەلایەن حکومەت دروستکراوە یاخود ئاڕاستەی حکومەت کراوە. رای گشـتی بریتییە لە تێکڕای را و بۆچوونـی هەمـوو هاووڵاتیانی وڵاتێك یـان کۆمەڵگەیەك. کەواتە رای گشتی لە زانیارییەکانەوە سەرهەڵدەدات، بۆنموونـە ئەگەر کەسـانێك زانیارییان لەسەر سیاسەت نەبێت، ئەوە ناتوانن رای خۆیان لەسەری دەربڕن. هەرگیز ناتوانین بڵێین کە رای گشتی هەڵەیە یان دروست، لەبەرئەوەی رای گشـتی پەیوەستە بە هەڵە و دروسـتیی ئـەو زانیارییانەی کە ئەو رایەی دروسـتکردووە. هەڵبەتە دەستەبژێری سیاسی رۆڵێکی گرنگیان هەیـە لە ئاخاوتن لەگـەڵ حکومەت و بڵاوکردنەوەی زانیارییـەکان لەڕێگەی میدیا بۆ هاووڵاتیان و هۆشیارکردنەوەیان لەبارەی رووداوەکان و ئەو شـتانەی کە لە کۆمەڵگەدا روودەدەن. هەربۆیە، ئێمە پشـتمان بە دەسـتەبژێرەکان ئەستوورە بۆئـەوەی زانیارییەکان بـۆ هاووڵاتیان ئاشکرابکەنەوە. لێرەشـدا ئەوان دەتوانن رۆڵێکی باش بگێڕن لەهەمان کاتیشـدا دەتوانـن رۆڵێکی خراپیشـیان هەبێت، لەبەرئەوەی ئەوان کاریگەرییان لەسـەر رای گشتی و هاووڵاتیان هەیە. ئەوکاتە رۆڵێکی باشـیان دەبێت کـە زانیاریی دروست ئاشـکرا بکەن و بەڕاستگۆیی بدوێـن، لەکاتێکـدا ئەوکاتـە رۆڵێکی خراپیـان دەبێت کاتێك کە بەمەبەسـت زانیارییـەکان بشـارنەوە و نەیدرکێنن. لێرەشـدا خۆمان دەتوانن جیاوازی بکەین لەنێوان ئەو دەستەبژێرانەی کە رۆڵی باش دەگێڕن، بۆ نموونـە کاتێك دڵنیابین کە دەستەبژێری سیاسی راستگۆ و دروستن یـان میدیا سـەربەخۆ و بێلایەنەکان کە زانیاریی دروسـت و ورد بڵاودەکەنەوە، دەتوانیـن جودایـان بکەینـەوە لەگەڵ ئـەو دەسـتەبژێرانەی کـە حکومەت ئاڕاستەیانی کردووە، بۆ نموونە لەمیانی هەڵبژاردنەکاندا، کاتێك کە سیاسەتوانەکان وتـار و بەڵێن پێشـکەش دەکـەن ئێمە پێشـوەختە دەزانین کە قسەکانیان راست نییە و تەنیا لەپێنـاو بەرژەوەندییەکانی



جاسۆن براونلی بۆ گوڵان:

**بوونی جیاوازییەکان خۆی لە خۆیدا هەڕەشە نییە لەسەر دیموکراسی، ئەگەر دیموکراسی بتوانێت ئیدارەیان بکات و کاریان لەسەر بکات**

خۆیان هەوڵـدەدەن بۆ ئاڕاسـتەکردنی رای گشـتی بەو شـێوازەی کە خۆیان دەیانەوێـت و هەوڵـدەدەن رای خۆیـان بسـەپێنن لەسـەر هاووڵاتیان. ئەمەش تەحەددای دروسـتکردنی حکومەتێکی دیموکراسییە. هەموو ئەو دامەزراوانەی کە لە هەڵبژاردنەکاندا بونیادیان دەنێین لە پەرلەمان و حکومەتی لۆکاڵ و حکومەتی نیشتمانی، هەموویان دانراون بۆ ئاخاوتن و گوێگرتـن لەگـەڵ هاووڵاتیـان و دەنگدەرەکان بۆ هەڵبژاردنی بەرپرسەکان. هەر حکومەتێك، گەر لە عێراق بێت یان لە هەر وڵاتێکی تر، ئەگەر بێت و هەوڵبدات بۆ هەنگاونـان بەرەو دیموکراسـییەت،

دەبینین هەمیشە ڕێگەچارەی ناکامڵ هەیە لە نوێنەرایەتیکردنی هاووڵاتیان. ئەگەر ئێمە دیموکراسییەتێکی کامڵ-مان بووێت، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەردەمەکانی «یۆنانی کۆن» کاتێك کە هەموو هاووڵاتیانی شار لەشوێنێك کۆدەبوونەوە و هەموویان پێکەوە بڕیارەکانیان دەردەکرد، بەڵام ئەمڕۆ بارودۆخەکە گۆڕاوە و هەموو بڕیارێك دەنگدانی لەسەر دەکرێت و زەحمەتە وەکو جاران هەموو هاووڵاتیان لەشوێنێك



کریستۆفەر مان بۆ گوڵان:

**ڕای گشتی پەیوەستە بە هەڵە و دروستیی ئەو زانیارییانەی کە ئەو رایەی دروستکردووە و دەستەبژێری سیاسی ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان بۆ هاووڵاتیان**

کۆبکرێنەوە بۆ بڕیاردان، لەهەمان کاتیشدا دەبنین هەر کەسێك و خاوەن بۆچوونێکی جیاوازە)).

بەڵام کاتێك رای گشتی بەشێوەیەکی سلبی دەخرێتە ژێر کاریگەری ناڕاستەوە، ئەوە لەم حاڵەتەدا پرۆفیسۆر مانویل بالان لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان دوو جۆر مەترسی لەسەر ئاستی مەودای کورت و مەودای دوور دیاریکردووە و لەمبارەوە دەڵێت: (من پێموایە مەترسی مەودا کورت و مەترسی دوورمەودا هەیە، لە مەودای نزیکدا ڕەنگە شێوازی کارکردنی پارتە سیاسییەکان بریتی بێت لە کەسبکردنی خەڵك لەڕێی پێدانی ئیمتیازاتەوە، لە کاتێکدا مەترسی دوورمەودا بریتییە لە لەدەستدانی میسداقیەت بە پرۆسە دیموکراسیەکە. کەواتە ئەگەر پارتە سیاسییەکان کارکردن بۆ نەهێشتنی گەندەڵی نەکەنە ئەولەویەتی کاری خۆیان، ئەوا لە مەودای دووردا متمانە بە پرۆسە دیموکراسیەکە نامێنێت)).

پرۆفیسۆر جامیس سۆتۆنلرۆگ ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی کەنساس و سەبارەت بەلاڕێدا بردنی رای گشتی لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان وتی: (ئەگەر ئێمە سەرنج لە جوڵانەوە سیاسییەکانی نزیکەی تێکڕای وڵاتان بدەین، ئەو ڕاستیەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە هەر کاتێك دۆخێکی نوێ بێتە پێشەوە، ئەوا پارتەکانی موعارەزە هەوڵی ئەوەیان داوە خۆیان ئاوێتە بکەن لەگەڵیدا و پەیامی ئەو دۆخە نوێیە تەبەنی بکەن، من پێموایە باشترین ڕێگەچارە لەبەردەم پارتی حکومڕاندا ئەوەیە هەوڵی تێگەیشتن لەو پەیامە بدات و کار بۆ ئەوە بکات ئەو قەناعەتە دروست بکات کە ئەو چارەسەرانەی ئەو بۆ کێشەکان تەرحیان دەکات زۆر باشترن لە چارەسەر و ڕێگەچارە بەدیلەکان کە پارتی موعارەزە یاخود پارتەکانی موعارەزە دەیخەنەڕوو و تەرحی دەکەن. لەم حاڵەتەشدا کەم تا زۆر دەتوانرێت بە ئاسانی ڕای گشتی بخرێتەژێر کاریگەریەوە، لە ڕاستیدا ڕای گشتی تێگەیشتنێکی زۆری نییە لە بارەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کاروبارەکانەوە، ئەوان لەوە تێناگەن بۆچی یاخود پاڵنەرەکانی هەڵبژاردنی سیاسەتێکی دیاریکراو چین و بۆچی بەسەر سیاسەتێکی دیکەدا تەفزیل کراوە کە هەردووکیان بۆ هێنانەدی یەك ئامانج دارێژراون، ئەوان لەوە تێناگەن کە ڕەنگە هۆکارەکە ئەوەبێت یەکێك لەم ڕێگەچارەیە دەرفەتی سەرکەوتن و جێبەجێبوونی نەبووە لەبەر ئەوەی دووچاری کۆسپ و تەگەرە دەهات لەکاتی پیادەکردنیدا. ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی ڕاگەیاندن یاخود هەر کەسێکی دیکە بە ئاسانی بتوانێت کاریگەری هەبێت بەسەر ڕای گشتیەوە. لە ڕاستیدا مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کەسانەشدا، یاخود لەگەڵ ڕای گشتیدا دەوەستێتە سەر هەل و مەرجەکە، دەوەستێتە سەر ئاستی پەروەردە و خوێنەواری خەڵکەکە، لە هەمان کاتدا دەوەستێتە سەر دەستنیشانکردنی ئەوەی کە ئایا دەقا و دەق هۆکاری نارەزاییەتیەکە چییە، لەبەر ئەوەی هەر دۆخ و هەل و مەرجێکی دیاریکراو پێویستی بە ڕێگەچارە و چارەسەری تایبەت هەیە، واتە ڕێگەچارەیەکی جیهانی نییە بۆ ئەوەی لە هەموو هەل و مەرج و و وڵاتێکدا بیگرینەبەر. هەروەها کاتێك نارەزایی دەبێتەهۆی ئەوەی خەڵکی




جامیس سۆتۆنلرۆگ بۆ گوڵان:

**هەر کاتێک دۆخێکی سیاسیی نوێ بێتە پێشەوە، ئەوا موعارەزە هەوڵی ئەوەی داوە خۆی تێکەڵی ئەو دۆخە نوێیە بکات**

پەنا بۆ خۆپیشاندان ببەن، ئەوا باشترین ڕێگەچارە ئەوەیە هەوڵ بدرێت نیگەرانی و پێداویستی ئەو خەڵکە دەستنیشان بکرێت و هەموو کۆششێك بخرێتەگەڕ بۆ چارەسەرکردن و دابینکردنیان، چونکە زۆرجار کە ئەم کارە کرابێت، ئەوا نارەزایی دەربڕین و خۆپیشاندانەکان کۆتاییان هاتووەو خەڵکەکە گەڕاونەتەوە ماڵەکانیان، لەبەر ئەوەی هەستیان کردووە لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیدان و توانیویانە دەنگ و نارەزایبوونی خۆیان بگەیەنن، بەڵام ئەگەر داواکارییەکانیان پشتگوێ بخرێت، ئەوا دۆخەکە ئاڵۆزتر و پڕ کێشەتر دەبێت)).

# هەقە دین لە ململانێی



د. محمد شەریف

دین فاکتەرێکی بنەڕەتییە بۆ چاکسازی ڕەوشتی مرۆڤ لە کۆمەڵدا. هەروەها لە پێشترین هێزی دەروونی مرۆڤەوەیە بۆ ئەوەی هەست بە لێپرسینەوە بکات.

لە کاتێکدا کە یاسا و ڕێسا هێشتا بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵ و دابین کردنی دادوەری گەڵاڵە نەکرابوون، هەست کردن بە بەهای ئایین، لە ڕێگەی پێغەمبەران (دخ) یان بە زگماکی ( فطرة ) بوو بێ، لە ناخی مرۆڤدا کاریگەری هەبووە و لە دواییشدا هەر ئەو هەستە بووە کە لەمێژووی یاساکاندا قاڵبی یاسا و ڕێسای وەرگرتووە و هەندێك لایەن لە زانایانی فەلسەفەی یاسا ناویان لێناوە یاسای سروشتی (القانون الطبيعي).

لە دیرۆکی شارستانییەتی ڕۆژئاوادا نووسراوە: یەکێك لەسەرچاوە هەرە گەورەکانی شارستانییەتەکانی خۆر ئاوا دیانەتی جوولەکەیە. ئێمەیش کە موسڵمانین و دەڵێین و کەسانی تریش ئەمەیان سەلماندووە کە: ئیسلام، لە مێژووی ئادەمیزاددا، گەورەترین و پڕبەهاترین پرۆژەی چاکسازییە، کەخودی قورئانی پیرۆز و ڕەوشتی پێغەمبەری ئیسلام (دخ) نەخشەیان بۆی داناوە. لەبەر ڕۆشنایی ئەو نەخشەیەدا بوو کە پێغەمبەری مەزن (دخ) توانی پرۆسەیەکی خواوەندانە وەبەرهەم بێنێ کە تا ئێستاش هەموو دانایانی ئەم جیهانە سەریان لە ئاکامەکەیدا سوڕماوە، ئەویش ئەوە بوو کە لە چەند خێڵ و هۆزێکی عارەبەکانی جەزیرە، کە دوور بوون لە شارستانییەت و بە جاهیلییەت ناسرابوون، نەتەوەیەکی زیندووی خوێندەوار و دادپەروەری لێ دروست کرد کە ئوممەتی ئیسلامە و ئەوەش دەیسەلمێنێ کە ئیسلام چەند لە بنیاتنانی کۆمەڵێکی نموونەیی دادپەروەردا کاریگەر بووە، هەر وەك ئەوەی کە چۆن لەسەردەمی ئیمامی عومەردا بەڕاشکاوی بۆمان وەدەردەکەوێ. بەڵام بە داخەوە، زۆر زوو ڕۆیشت و ئیتر هەرگیز دووبارە نەبووەوە، هۆیەکەیشی سیاسەت بوو کە کردەوەی بەشەرە، نەك ئەوەی کە بەهایە بە نرخەکانی ئیسلام بێت.

مەرام لەم پێشینەیە ئەمەیە کە مەبەستی ڕاستەقینەی

**کردەوەی چاکە کەخۆی لەئەخلاق و ڕەوشت بەرزیدا دەبینێتەوە. بناغەی دینە و هەمووشمان دەزانین کە لە نێو بنەما و ڕوکنەکانی ئیسلامەتیدا باسی سیاسەت نەکراوە**

**دەبێ کۆششی هەموو لایەکمان بۆ ئەوەبێ کەچۆن دروشم و شیعارە پیرۆزەکانی ئیسلام ببنە چارەسەری ئەم ململانێیە سیاسیيانەی خەریکە کۆمەڵگەکەمان بەرەو ئاقاری گرژی و توندڕۆیی دەبات نەك ئیشکالەکان قووڵتر بکات**

ئیسلام، تەنیاو تەنیا، هیدایەتی مرۆڤە، چاوکردنەوەی ئادەمیزادە بۆ تێگەیشتن لە حەقیقەتی ژیان لە ڕوانگەی دینەوە، یەکێك لە ئاسەوارەکانی ئەم هیدایەتە، خودی ویژدانی مرۆڤە کە دەبێتە هاندەرێکی مەزن بۆ زاڵبوون بە سەر هێزە دەروونییەکانی تر کە مرۆ بەرەو هەڵدێر دەبەن.

لەم کات و ساتەی ئێستادا، کە ناوچەکە و کوردستانی پێدا دەڕوات، دەبێ کۆششی هەموو لایەکمان بۆ ئەوە بێ کە چۆن دروشم و شیعارە پیرۆزەکانی ئیسلام ببنە چارەسەری ئەم ململانێیە سیاسییانەی خەریکە کۆمەڵە نوێیەکەمان بەرەو ئاقاری گرژی و توندڕۆیی دەبات نەك ئیشکالەکان قووڵتر بکات. لە بەرژەوەندی هەموو لایەنەکاندایە، ئەم ئایینە پیرۆزە بێلایەن بمێنێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ چارەسەرێکی ئاشتییانە و برایانە بۆ کردنەوەی ئەم گرێ کوێرانەی کە بە دەستی سیاسەتی پڕ لە چەواشەکاری هەموو لایەکەوە دروست کراوە بدۆزێتەوە.

**باشترە ئەم ئایینە پیرۆزە بێلایەن بمێنێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ چارەسەرێکی ئاشتییانەو برایانە بۆکردنەوەی ئەم گرێ کوێرانەی کە بەدەستی سیاسەتی پڕ لە چەواشەکاری هەموو لایەکەوە دروست کراوە بدۆزێتەوە.**

ئێمە لێرەدا باسی پێگەی سیاسەت لە نێو دینی ئیسلامدا لە لایەنی هزرییەوە ناکەین، چونکە دیفاکتۆی سیاسی و قانونی هیچ بەهایەکی بۆ ئەم چەشنە بێنە و بەردەیە نەهێشتووە، خۆ لە گۆڕەپانی دنیای ئیسلامی بەگشتی و بە کوردستانیشتەوە، ئیسلامی سیاسی خەریکە لە هەموو لایەکدا حزووری دەبێ. بەڵام ئەوەی کە دەبێ ڕەچاو بکرێ ئەو ڕاستییانەن:

١) خودا ناسین پیشەی بنەڕەتیی دینە. ئەمەش پێوەندی بە خودی تاکی مرۆڤە کە لە ژیانەکەی تردا حیساب و کیتابی لەسەرە. خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بەوە دەکات کە هەموو لایەك تاك - تاك دێنە بەردەستی زاتی خودا بۆ ئەوەی حیسابیان دەگەڵدا بکا (وكلهم يأتيه يوم القيامة فردا )، لێرەشدا نە کۆمەڵ باسی هەیە و نە دەسەڵاتیش بانگ کراوە. ئەوەش واتایەکی زۆری هەیە.

٢) کردەوەی چاکە کەخۆی لەئەخلاق و ڕەوشت بەرزدا دەبینێتەوە، بناغەی دینە و هەمووشمان دەزانین کە باسی سیاسەت نەکراوە لە نێو بنەما و ڕوکنەکانی ئیسلامەتیدا،

# سیاسی دوور بخرێتەوە

بەڵکو تەنیا باس لەوە دەکات کە دەبێ خودی ئینسان عەقڵ و حیکمەت بـــەکار بێنێ بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەکانی ئـــەو گرفتانەی دێنە پێش. هەروەها نکوڵی لەوەدا ناکرێ کە سەدەها ساڵە کاربەدەستانی دەوڵەتی ڕاشدین و ئەمەوی و عەباسی و عوســـمانی و مەمالیکەکانیش سیاسەتیان کردووە، لێ سیاســـەتەکانیان زۆر جاران بە پێی دەقەکانی قورئـــان و فەرموودەکان نەبووە، بەڵکو بە پێی بەرژەوەندی کاتی خۆیان بووە یان لەبەر ڕۆشنایی ڕوحی شەریعەتتدا پیادە کراوە. بەڵام سیاسەتەکانیان وەك نموونەیەکی نەگۆڕاو بۆ سستمی سیاسەت لە ئیســـلامدا ناژمێردرێ. بۆیێ، بە دەگمەن نەبێ، مەزەندە ناکرێ کەلتووری ئیســـلامی سیاسی ســـوودی بۆ کۆمەڵی هاوچەرخ هەبێ، هەروەها ئیسلامی سیاســـی ئەم دەمە، تا ئێســـتاش، بە داخەوە، نەیتوانیوە بناغەیەکی یەکگرتوو بۆ کەلتوورێك دابنێ کە گوزارشـــت لە ڕۆحی شـــەریعەت بکات و لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییە پێشکەوتووەکانی ئەم سەردەمەشدا بگونجێ، خۆ ئەگەر تالیبان و ســـۆماڵ و پاکستان بکەینە نموونە، ئـــەوە زۆر زیانمان لێ دەدا، بۆیێ لـــە قازانجی هەموو لایەکماندایە، هەروا لە بەرژەوەندی پەیامی دین و پێگەی مەلایە بەڕێزەکانیشە لە کۆمەڵی کوردەواریدا کە سەروەری دین پێشێل و بە قوربانی سیاسەت نەکرێ.

با ئێمە ململانێی خۆمان بکەین و بەو گەندەڵییانە قایل نەبین کە لە هەر سووچێکی کۆمەڵ و لە ژێر هەر پەردە و هـــەر پەنایەکـــی تربێ دەکرێـــن. بـــەڵام نابێ ئەم ململانێیە کار لە مەســـەلە چارەنووس سازەکانی گەلی کورددا بکات و نەشـــهێڵین زەرەرمەند بێ.

یەکێـــك لە پرەنســـیپە بنەڕەتییەکانی دین ئەوەیە کە ئیمانـــداران هەموویان بران و یەکســـانن، ئایا پێویســـتە پێوەندی لەنێوان برایاندا چۆن بێ؟ بێگومان نابێ توندو تیژی بکەوێتە ناویانەوە، ئەگەر توندوتیژیش پەیـــدا بوو، جا لەبەر هەر هۆکەلێك بێ نابێت درێژە بکێشـــێ. هەر وەکوو لە فەرموودەکانی پێغەمبـــەردا وتراوە، نابێ لە ســـێ ڕۆژ زێتر گرژی لە نێوانیاندا بمێنێ و لە ڕێنماییەکانی ئیسلامەتیشدا هاتووە — ئاشتی لە نێوان خۆتاندا بەرقەرار بکەن (أفشوا السلام بینکـــم) — بەڵێ بابەتی ئاشـــتی و برایانـــە و دوور لە توندوتیـــژی تەنیا بە برایانی موســـوڵمان تایبەت نییە، بەڵکو بە هەمان شـــێوە دەگەڵ هەمـــوو ئەوانەی کە لە

**سیاسەت کردەوەی بەشەرییە و هەرگیز دروستیش نییە وەك کردەوەی پەروەردگار تەصویر بکرێ**

**ئیسلامی سیاسی ئەم دەمە، تا ئێستاش، بەداخەوە، نەیتوانیوە بناغەیەکی یەکگرتوو بۆ کەلتوورێك دابنێ کە گوزارشت لەڕۆحی شەریعەت بکات و لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییە پێشکەوتووەکانی ئەم سەردەمەشدا بگونجێ، خۆ ئەگەر تالیبان و سۆماڵ و پاکستان بکەینە نموونە، ئەوە زۆر زیانمان لێ دەدا**

هاووڵاتی یا مرۆڤایەتیدا بەشـــدارن، هەر وەکوو ئیمامی عەلـــی فەرموویەتی: مرۆڤ دوو چەشـــنە، یان برای دینتە، یان لە ژیاندا هاوشێوەتە.

نووســـراوە کـــە کۆمەڵێك گەنج، لە ســـەردەمی پێش ئیســـلامەتیدا بڕیاریاندا بوو، لـــە مەککە یارمەتی هەر کەســـێك بدەن کە زوڵمی لێکرابێ. پێغەمبەر (دخ) باسی ئـــەو لاوانەی کردووە و فەرموویەتی: ئەگەر ئێســـتا لە ئیسلامەتیدا، بۆ ئەم جۆرە بیرۆکەیە، ئەم داوایەم لێبکەن، لەگەڵیان دەبم. خودی چاکە و بە دوادا چوونی دادوەری کۆمەڵایەتی و ڕێکخســـتنی ماڵـــی کۆمەڵ بنچینەی دینن، ئـــەوەی کە هەموو زانایـــە هۆشـــمەندەکانی ئیسلام لەســـەردەمی کۆن و ئێستاشـــدا، لە ســـەری کۆکن، ئەمەیە کە ئیســـلام نەچووەتە ناو ڕێکخســـتن و ڕوونکردنەوەی سستمی سیاسیی تایبەت بە ئیسلام و چۆنیەتـــی ململانێ بۆ وەرگرتنی دەســـەڵات یان بەرهەڵستی کردن، چونکە ئـــەم بزووتنەوانـــە قابیلی گۆڕانن و هـــەر زەمانێك ژینگەیەکی تایبەت و بارێکی تایبەتـــی خۆی هەیـــە. دەبینین کە تەنانەت ســـستمی سیاســـی خەلیفەکانی ڕاشـــیدینیش لە یەکتری ناکەن، خـــۆ ئەوانی دوای ئەوان هەندێکیـــان، بە تایبەت لە ناو ئەمەوییەکاندا، هەر فریان بە ئیســـلامەوە نەبووە. بەڵام چەند پرینسیپێکی ئەخلاقی لە قورئانی پیرۆزدا هەیە کە زۆر چاکە ئەگەر بۆ ســـستمی سیاسی ئیسلامی بکرێتە پێوەر، ئەمانەش وەك دادوەری کۆمەڵایەتی و حیکمەت و ئەمانەت و شورا... تاد.


**سیاسەت کردەوەی ئینسانە، وەحی ئاسمان نییە، کەچی ئیسلام سرووشی خوایەو کردەوەی ئینسان نییە، وەلێ بەسیاسەتکردنی ئیسلام لەڕێگەی پارتە سیاسییە ئیسلامییەکانەوە بووەتە دیاردە و کەس ناتوانێ نکوڵی لێ بکات.**


دیسانەوە دەڵێم سیاسەت کردەوەی ئینسانە، وەحی ئاسمان نییە، کەچی ئیســـلام سرووشی خوایە و کردەوەی ئینسان نییە، وەلێ بە سیاســـەت کردنی ئیسلام لە ڕێگەی پارتە سیاســـییە ئیسلامییەکانەوە بووەتە دیاردە و کەس ناتوانێ نکوڵی لێ بکات. بەڵام ئەوەی کە ترســـناکە، ئەوەیە کە سیاسەت کردەوەی بەشـــەرییە و هەرگیز دروستیش نییە وەك کردەوەی پەروەردگار تەصویر بکرێ.










































پەیامی ئەمرۆ و سبەی






گولان

گولان

گولان

گولان

گولان

گولان

گولان

گولان
من ئیسلامم و
ئیسلامەوی
ڕەتدەکەمەوە

گولان

گولان

گولان

گولان

گولان

18

گولان